# ڕمان و ڕامان

نووسینی:
مامۆستا کرێکار

چاپی سێیەم
١٤٤٥ک - ٢٠٢٣ز

# ڕمان و ڕامان

نووسینی: مامۆستا کرێکار

بڵاوکردنەوەی: زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)

چاپی: سێیەم

ساڵی: ١٤٤٥کۆ - ٢٠٢٣ز.

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

پێگەی ئەلیکترۆنیی زادی:

www.zadyreman.com

تێلیگرامی زادی:

https://t.me/zankoyzady

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِالله مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ الله فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا الله وَأَشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْـدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

**پێشکەشە**

"بەو خوشك و برایانەی، دەیانەوێت سەرڕاستانە لە ململانێی ڕۆژئاوا

لە دژی ئیسلام تێبگەن و بە جورئەتەوە وەکو پێویست بەرەنگاری ببنەوە"

**کرێکار**

# بەندی یەکەم: ڕمـــان و ڕامـــان

## بەشی یەکەم: ڕمـــان

## بەشی دووەم: ڕامـان

# بەشی یەکەم: ڕمـــان

باسی یەکەم: کۆتایی خێزاو

باسی دووەم: هەوڵی نۆژەنکاری

باسی سێیەم: هەرەس

## باسی یەکەم:

# کۆتایی خێـزاو

وەك چۆن مێژووی هەموو نەتەوەیەك یان مێژووی هەر شـــارســـتانێتییەك دەكرێت بە چەند قۆناغێكەوە، مێژووی ئیسلامیش وایە، ئەویش دەكرێت بە چەند قۆناغێكی زەمەنییەوە، وەكو:

- زەمانی پێغەمبەر (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و خەلیفەكانی (.-٤١ كۆ /٦٢٢-٦٦١ز).
- قۆناغی سەردەمی ئەمەوییەكان (٤١-١٣٢كۆ/٦٦١-٧٥٠ز).
- قۆناغی سەردەمی عەبباسییەكان ( ١٣٣-٦٤٢كۆ/٧٥٠-١٢٥٨ز).
- قۆناغی دەوڵەتی عوسمانی (٦٤٣-١٣٤٦كۆ/١٣٦٠-١٩٢٤ز) و... تاد.

شارستانێتی ئیسلامی وەكو خێزاوی دەریا، زۆر جار هەڵكشان و داكشانی بەخۆیەوە دیوە، تا ئەو كاتەی بە یەكجاری دەســـەڵاتی نەما و یەكێتیی ئوممەتەكەی لە ســـاڵی (١٩٢٤ز)دا - بەنەمانی دەوڵەتی عوســـمانی- فەوتا. وا دیارە پێویســـتە كورتە باســـێكی زۆر گوشراوی ئەو قۆناغانەی شارستانێتی ئیسلامی بكەین، چ وەكو زەمان، چ وەكو جێ و ڕێ، چونكە ماوەیەكی خەیاڵییانەی لە كات و شوێندا گرتە دەست.[1]

### ١- شەپۆلی یەكەمی شارستانێتیی ئیسلامی

ئەمە ئەو شـــەپۆلەیە كە لەســـەرەتای ســـاڵی یەكەمی كۆچییەوە تا دەگاتە ســـاڵی (٢٣٢كۆ) گرتەوە، واتە: زیاتر لە (٢٣٠) ســـاڵی خایاند، وەكو بەرفراوانیی خاكیش؛ دەكاتە هەموو نیوەدوورگەی عەرەبستان و وڵاتی فارسی ئەو سەردەمەو لەباكووریشەوە ئیمپراتۆرێتی ڕۆم. ئەم

---

(١) الدكتور علي عبدالحليم: التراجع الحضاري/ دار الوفاء ـ القاهرة، ط١، ١٩٩٤، ص٢٥٠ـ٢٥٢.

بەرفراوانبوونەی دەسەڵاتی ئیسلامی کارێکی هەر وا سادەو ئاسان نەبوو، باجێکی زۆری خواست، قوربانییەکی زۆری لە ئەهلی ئیسلام ویست، ئارامی و نەفەسدرێژییەکی زۆری لە پشتەوە بوو، ئەرکێکی قورس بوو کە خێرخوازانی سەدە چاکەکانی ئوممەتی موسوڵمان خستیانە سەر شانی خۆیان. بەو ڕەنجە دەگمەنە بوو کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەموو عێراق، فارس و ئەفغانستان کەوتە ژێر ڕکێفی ئیسلامەوە، لە خوارێ شیانەوە هەموو وڵاتی سند و فەرغانە و لە ڕۆژئاوا شەوە گەیشتە کەناری زەریای ئەتڵەسی و پەڕییەوە بۆ ئەندەلووس. دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامی توانیی لە پانتایی ئەم ڕووبەرە بەرفراوانەدا زمانی عەرەبی (زمانی قورئان) بکاتە زمانی زۆرینەی میللەتانی ئەم ناوچانە، چونکە هەموو بێ فشار و تین بە کۆمەڵ هاتنە ڕیزی ئوممەتی موسوڵمان و دینەکەی خوایان وەرگرت.

## ٢- شەپۆلی دووەمی شارستانێتیی ئیسلامی

ئەمیش ئەو شەپۆلەیە، کە زیاتر لەسەدەو چارەکێکی خایاند، لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٨٨-٤٢١ کۆ) وەکو بەرفراوانیی خاکیش؛ لەسەر دەستی (سوڵتان مەحموودی غەزنەوی) هەموو هیندستانی گرتەوە. بۆیە لەناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامی ناوچەکانی ئەفریقایشی گرتەوە و لە زەمانی دەوڵەتی مورابیتونی مەغریبدا گەیشتە (سەنیگال)ی ئەمڕۆ.

ئەم شەپۆلە شارستانێتییەی ئیسلام، توانی ئەم هەموو ناوچەو گەلە جوداو لێکدوورانە وەکو (ئەندامی لەش) پێکەوە ببەستێتەوە؛ توانی هەست بە (یەك ئوممەتی) لەناخی هەمووواندا بروێنێت و هەموو لایەکی لەسەر پەروەردەبکات! جگە لەوەی کە زمانی عەرەبیشی -بەبێ فەرزکردن- لەگەڵ ئیسلامەکەدا بڵاوەکردەوە، ئەگەرچی نەشببووە زمانی هەموو خەڵکی، چونکە میللەتان لەژێر سایەی دەسەڵاتە ئیسلامییەکەدا ئازادو سەربەخۆ مابوون، زمانی خۆیان پاراستبوو، بەڵام هەموو هەر ئەوەندە عەرەبی فێربوون کە پەرستنەکانی پێبکەن.

## ٣- شەپۆڵی سێیەمی شارستانێتیی ئیسلامی

ئەمیان نزیکەی چوار سـەدەی خایاند (٤٥١-٨٥٧کۆ/ ١٠٦٠-١٤٥٣ز) وەکو خاکیش هەموو پانتایی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفریقای گرتەوە، لەملاوەش گەیشتبووە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئاسیای بچووك، دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (٨٥٧ك/١٤٥٣ز)دا، کە شاری (قوستەنتینییە)ی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، توانیی ئاسـیای بچووك بکاتە وڵاتێکی ئیسـلامی، توانیی ئەم شـارە گرنگە لە پایتەختی مەسـیحێتییەوە بکات بە پایتەختی ئیسـلامی و ناوی بنێ (ئیسـلامبول) واتە (شـاری ئیسـلام)! هەر ئەم ناوەیە کە دوایی گۆڕانیان -بە ئەنقەسـت- بەسـەرداهێناو کردیانە (ئیستانبوڵ)! لەکوردییشدا بووە بە (ئەستەمبوڵ)!.

## ٤- شەپۆلی چوارەمی شارستانێتیی ئیسلامی

شەپۆلی ئەم قۆناغە هەمووی لەسەر دەستی عوسمانییەکان بوو، وەك زەمان ماوەی دوو سەد سـاڵ زیاتری خایاند (٧١٦-٩٣٩کۆ)، وەك ناوچەیش گەیشـتە قوژبنەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئاسـیای بچووك، بەڵقان، وڵاتی مۆرە، کەنارەکانی دەریای ئەدریاتیکی، دەریای ڕەش، بۆسـنەو هێرسـکی ئەورووپا، تا لەسـاڵی (٩٣٩ك/١٥٣٢ز)دا گەیشـتە شـووراکەی دەوری ڤییەننای پایتەختی ئەمڕۆی نەمسا!

# كشانەوە

شەپۆڵەكانی شارستانێتیی ئیسلامی ئاوا بە كات و شوێندا بڵاودەبۆوە، تا وای لێهات دەوڵەتی عوسمانی بووە سەرداری دەریا و وشكانی و نوێنەری دەسەڵاتی دین و دونیای موسوڵمانان! لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانونیدا (٨٩٩-٩٧٤ك/١٤٩٤-١٥٦٦ز)، پانتاییەكەی زیادی كرد بۆ چوار سەد هەزار میلی دووجا![1]

ئەم دەوڵەتە بەهێز و پانوپۆڕە، لەو كشانە شارستانێتییەوە كەوتە وێكهاتنەوە و گرژبوون، بە هۆی چەندین هۆكاری هەڵكۆڵینی ناوەكی، وەك خۆرە، كلۆر بوو تا ڕما!

لەوانە: ئەو لاوازی و خراپەكارییەی كە دەرچەی ئا سایی تەفرەقە و ڕاجوێیی بوو، هەروەها پشێوی سیاسی و خیانەتی كاربەدەستان لە یەكتر و لە ئوممەت، لەگەڵ كەڕوو هەڵهێنانی بیر و وشكهەڵاتنی هزر و ژیر و دەستنەخستنی پێشكەوتنی زانست بەتایبەتی لە لایەنی سەربازییەوە، وەكو: دروستكردنی ئامێری سەربازی، كەرەستەی جەنگ، هونەری ڕێكخستنی سوپا و ئامادەسازیی، كە دەبوونە هۆی مانەوە و بەپێوەبوون، بە تایبەتی كە ئەورووپای دوژمن دەبینرا یارغەی پێ دەكرد و پێی پێش دەكەوتەوە، دەبینرا ئەورووپا ئەم پێشكەوتن و ڕێكخستنەی كردۆتە وزەی موسابەقە! دەبینرا كە ئەورووپا بە هەموو توانایەوە شەو و ڕۆژ هەوڵی هەستانەوە و پێشخستنی خۆی دەدات، دیارە هەر بۆ ئەوەی نییە ڕاست بێتەوە و بەس، بەڵكو خۆی بۆ جەولەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاریی ئیسلام ئامادە دەكاتەوە! خۆی بۆ گورزی داهاتوو لە پەیكەری دەوڵەتەكەی ئیسلام ئامادە دەكات! هەر بۆیە هێندەی نەبرد دوای سوودوەرگرتن و بەكارهێنانی ئەم پێشكەوتنەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، كەوتە شاڵاوی شەڕی نەبڕاوە و

---

(١) ئێرە باسی دەوڵەتی عوسمانییە، نەك هەموو دەسەڵاتی ئیسلامیی ئەو كاتە، چونكە دەوڵەتی عوسمانی هێمای خیلافەتی ئیسلامیی بوو كە لە چەرخەكانی ناوەڕاستەوە كەوتبووە دەستیان، ئەم دەوڵەتە زۆری لە گەلانی موسوڵمان لە خۆ گرتبوو، بە نەمانیشی؛ حوكمی ئیسلامی نەما و ئوممەتەكەش پەرتەوازە بوو. دەنا دوو دەوڵەتی بەهێزی ئیسلامیی تریش هەبوون، كە بریتی بوون لە "بیلادی فارس" (١٥٠٠ـ١٩٢٥ز) و "دەوڵەتی ئیسلامیی مەغۆلەكان" لە هیندستان (١٥٢٦ـ١٨٥٧ز).

هەموو ئامێرە نوێکانی جەنگ و پلانە نوێکانی شـــەڕی بەکارهێنا، تا لە (١١٨٩کۆ/ ١٧٧٤ز)دا دەوڵەتی عوســـمانیی زۆر خراپ تێکشـــکاند، ئینجا دەوڵەتانی ئەورووپا لە ناو خۆیاندا دژی دەوڵەتی عوسمانی کەوتنە تەقەبەس و ڕێککەوتنی ستراتیژیی سیاسی و سەربازی، هەموویان پێکەوە بە ناوی یەکێتیی مەسـیحییەوە هێزێکی گەورەی هاوبەشـیان پێکەوەنا تا سـەرەتا هێزی دەریایی عوســمانی بفەوتێنن، بۆیە هێزە دەرياييەکانی پاپا، ئیســپانیا، بوندوقییەی ئیتاڵیا، ماڵتا و سافۆ یەکیان گرت و بە هەموویان لە شەڕە دەرياييەکانی لیبانتدا نوشووستییەکی تری گەورەیان بەسەر عوسمانییەکاندا هێنا.

دەتوانرێت بوترێت کە لە ســاڵی (١٥٧١ز)ی زایینییەوە دەوڵەتی عوســمانی توانای هێرشـی نەماو کەوتە بەرگری... بەڵام توانیی ئەم حاڵەتەشـی بۆ زیاتر لە (١٣٠) ســاڵی تر ڕاگرێت، لە بەرەی بەرامبەریدا هەموو دەوڵەتانی ئەورووپا یەك و پێشکەوتوو بوون، سوپای ڕێك و ئامێری پێشــکەوتوویان لە دەســت بوو، بۆیە بەڕاســتی پەیمانی (کارلۆفینز) کە دەوڵەتی عوســـمانی بە ناچاری لە ساڵی (١٦٩٩ز)دا لەگەڵ ئەورووپا ئیمزای کرد، بە خاڵی وەرچەرخان و سـەرەتای خۆرئاوابوونی عیزەتی ئیسلامی عوسمانی دانرا.

ئەم قۆناغە لەم ســاڵەوە دەســت پێ دەکات تا جەنگی جیهانیی یەکەم توولی کێشـــا، کە هەمووی بریتی بوو لە (زەمانی جەنگی بەرگری)، هەموو هەوڵ و ڕەنجەکان بۆ ئەوە بوون دەوڵەتی عوسمانی نەکەوێت، بەڵام هاوکێشەکە لاسەنگ بوو بوو، ئەورووپای گەنجی بە گوڕ و تین بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانیی پیر و پەککەوتە!

ڕەنجە زۆرە بە ســەبرەکەی (ســوڵتان عەبدولحەمید)ی ڕەحمەتی هەر بۆ پاراســتنی پەیکەرە ئێســکەکەی دەوڵەتی (خیلافەت) بوو! چونکە ســەردەمی ئەم وەکو ســەردەمی تیاچوونەکەی ئەندەلووس بوو، چۆن لەولا ئیسپانیا هەر بەوە ڕانەدەوەستا کە موسوڵمانانی ڕیشەکێش کردووە و ئەوی کە ڕایکردۆتە ئەوبەر و دەیویســـت بۆ ئەوانەش بپەڕێتەوە کە پەڕیونەتەوە وڵاتی مەراکیش، تا لەوێش تەفر و توونایان بکات! ئەورووپاییەکانی ڕۆژهەڵاتیش بەرامبەر دەوڵەتی

عوســانی هەر وا بوون! بۆیە هەموو دەوڵەتانی ئەورووپا ســوور بوون لە ســەر دابڕ دابڕکردنی دەوڵەتی عوســانی، لە لایەکەوە پچڕین و داماڵینی ناوچەکانی ئەورووپای دەوڵەتی عوســانی، بە ناوی ڕزگارکردنەوە کەوتنە دەستتێوەردان و دنەدانی گەلانی غەیرە تورکی لە بەڵقان، یۆنان و شــوێنانی تری ئەورووپای ژێر دەســەڵاتی عوســانییەکان، لە لایەکی ترەوە دەســتخســتنە ناو کاروباری دەوڵەتی ڕەسمیی عوسانییەکان و فشار بۆ هێنانیان و لێکهەڵوەشاندنی پێکهاتەکانی دەوڵەتی عوســانی. ئەمە خۆی نەخشــەیەکی کۆن بوو، بەڵام هەلی بۆ ڕەخســا تا بهێنرێتەوە پێش و لێی زیاد بکرێت، خۆ وەزیری ئەوســای ئیتاڵیا (جۆڤارا ئالامانی) لە کتێبەکەیدا "ســەد پرۆژە بۆ دابەشــکردنی تورکیا"، باس لە هەبوونی ســەد پلانی ئەورووپایی دەکات بۆ ئەو دابڕ دابڕبوونەی دەوڵەتی عوسانی و ڕماندنی.

(تۆینبیـ) ـی بیرمەند دەربارەی ئەو پرۆژانە دەڵێ: "دوای ئەوەی ڕۆژئاوا جیهانی ئیسلامیی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دا، ئینجا تۆڕەکەی هەڵدایە ســەری، ئیدی ڕۆژئاوا کەوتە قۆناغی هێرش و هەڵمەتی چڕ و خەســتی خۆی بۆ ناو جەرگەی وڵاتی دوژمنە کۆنەکەی، ئەم هەڵمەتە چڕ و پڕەی ڕۆژئـاوای نوێ بۆ ســەر جیهـانی ئیســلام؛ بووە مـایـەی بـەرپـابوونی ئـەم دەبەرێکڕاچوون و ململانێیەی هەردوو شارستانێتییەکە"[1].

* * *

(١) أنور الجندي: الإسلام والغرب/ المكتبة العصرية ـ بيروت ط ١٩٨٢/١، ص١٤٠.


الإمبراطورية الإسلامية
Russia
Kazakhstan
Mongolia
China
Ukraine
Poland
Germany
France
Romania
Turkey
Uzbekistan
Turkmenistan
Afghanistan
Pakistan
India
Iran
Iraq
Syria
Algeria
Libya
Egypt
Saudi Arabia
Oman
Yemen
Mauritania
Mali
Niger
Chad
Sudan
Nigeria
Ethiopia
Somalia
Kenya
Tanzania
Zaire
Angola
Morocco
Burma
Thailand
Laos
Vietnam
Malaysia
Indonesia
Philippines
Sri Lanka
North Atlantic Ocean
South Atlantic Ocean
Indian Ocean
Arabian Sea
Bay of Bengal
Mediterranean Sea
Black Sea
Caspian Sea
Central African Republic


خارطة مجددة
لولايات
المملكة العثمانية
في آسيا
١٨٩٢
الموصل

## باسی دووەم:

# هەوڵی نۆژەنکاری

ئەوانەی هەوڵی چاکسازییان دا لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا زۆر بوون، هەموو تواناشیان سەرڕاستانە خستەگەڕ بۆ ئەوەی بەربەستێك لە ڕێی ئەو داڕمانە بەردەوامەی دەوڵەتدا ڕاگرن کە ڕۆژانە هەستیان پێی دەکرد! ئەمانەش هەیانبوو لە ڕیزی سیا سەتمەدارانی عوسمانی بوون، هەیانبوو لە دادوەر، بیرمەند، زانا و شەرعناسانی کۆمەڵگەکە بوون، هەموو هەر هەستیان بەو لافاوە وێرانکارییە دەرەکییە دەکرد کە لە ئەورووپاوە هەر جمەی دێت و دێ! هەستیشیان دەکرد کە هێزی بەرەنگاریی ناوەکی ئەوەندە لاواز بووە هی ئەوە نەماوە ببێتە بەربەست، هەرچەندە سەڵتەنەتی عوسمانی خۆشی چەندین جار هەوڵی گۆڕانکاریی ئیجابیی دا، هەوڵی نوێخوازی و سوود وەرگرتنی لە ئەورووپا دا، بەتایبەتی لە شێوازی فەڕەنسی. لەگەڵ کاتدا ئەم چاکسازانە زۆر دەبوون، تا بوونە دەستەیەك ئیسلامی کاربەدەستی دڵسۆزی دەوڵەت و خاوەن دیدێکی بەرفراوانی ڕەسەنێتی و نوێکردنەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئیسڵاحاتێکی باش بێتە بەرهەم و داڕمانی دەوڵەت بۆ (سەد ساڵـ)ـێکی تریش دوا بخات.

لە سەرەتای ساڵانی سییەکانی چەرخی نۆزدەدا دوو بیرۆکە هاتە کایەوە، کە بوونە خاوەن مەدرەسەی ئیسلاحی، هەردووکیشیان لە ئەنجامی تێکەڵاوی یان پێککێشانی شارستانێتی بەتینی ئەورووپایی بوو، ئەو دوو بیرۆکەیەش:

**١- نوێکردنەوەی پرۆسەی سیاسەتی ئیسلامی.**

**٢- نوێکردنەوەی خودی ئیسلام بە بانگەواز و دەزگاکانییەوە**[١].

دیدی بیرۆکەی یەکەم زیاتر بە هاندانی (محەمەد عەلی پاشا)ی میسر بوو، کە سەربەخۆیانە

(١) رضوان السيد/ سياسات الإسلام المعاصر/ دار الكتاب العربي/ بيروت. ١٩٧٧، ص ١٨.

دەبزوا، بەڵام ئیعتیهادی دەکردەوە سەر بڕیار و پرۆسە ئیسڵاحییەکەی، کە (سوڵتان مەحموودی دووەم) -کە لە ساڵی (١٨٣٩ز) وەفاتی کردووە- بە مەرسوومێکی سوڵتانی دەری کردبوو، ئەمەش ئیعتیهادی سەرەکیی دەکردە سەر خودی ئیسلام و شەریعەتەکەی بۆ داهێنانی هەموو لایەنێکی چاکسازی، بە شێوەیەکی پارسەنگ کە لە لایەکەوە مەرجەکانی ئیجتیهادی ئیسلامی بپارێزێت و لە لایەکی تریشەوە لە واقیعی کردەوەییدا گۆڕانکاری بخولقێنێت. بەم شێوەیەش کەس ناچاری ئەوە ناکرێت کە هەر دەبێ ئەو شێوە چاکسازییە قبووڵ بکات.

دەوڵەت هەرچەندە لاواز بووبوو، بەڵام (هێزی زاتیی) خۆی لە هەموو ڕووداوەکان کاریگەر بوو، جێ ئاڕاستەی بە هەموو چالاکییە ئیسڵاحییەکانەوە دیار بوو، بۆیە هەندێك بیرمەند و سیاسەتمەدار هەستیان دەکرد کە لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ خەت و ڕێبازی ئەم سوڵتان و ئەو دەسەڵاتداردا ناسوڵحێن؛ بەڵام خۆ بە خۆ کەوتوونەتە سەر ئیسڵاحسازییە ئیسلامییەکە و بوون بە هاندەری، لەوانە: (ڕوفاعە ڕافع ئەلتەهتاویی) میسری، (عەلی موبارەك)، (خەیرەددین توونسی)، (جەمالەدینی ئەفغانی)، (محەمەد عەبدە)، (ڕەفیق ئەلعەزم) و چەندینی تر.. ئەم ڕەنجە ئیسڵاحییە بە وزەی ئەم ناودارە ئیسڵاحییانە ماوەی (پەنجا ساڵ) گۆڕانکاریی لەخۆ گرت و بەردەوام لە تەکامڵبوونی پرۆسەکەیدا بوو.

لەو کاتەی کە ئەم دوو مەدرە سە ئیسڵاحییە دڵسۆزە لە کاری چاکسازیی و گۆڕاندا بوون، لەولاشەوە ڕەنجێکی تری شەو و ڕۆژی پڕ مەکر و فێڵیش هەبوو کە بە نهێنی و ئاشکرا؛ بە وزەی خۆی، پشتیوانیی دەرەکی و یارمەتیی پیاوانی مەسیحییەوانیی ناو وڵاتی موسوڵمانان هەر خەریکی فەشەلپێهێنانی پرۆسە ئیسڵاحییە ئیسلامییە نوێخوازییەکە بوون، بۆ ئەوەی ڕێ بۆ ئیسڵاحێتییەکەی خۆیان خۆش بێت کە هەمووی لە دیدوبۆچوون، پێناسە و پلانی ئەورووپاوە سەرچاوەی گرتبوو، هەموو بڕگەکانیشی کۆمەڵگە و دەوڵەتی بەرەو عەلمانییەتێکی بێدینی دەبرد.

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم -کە لە ماوەی نێوان ١٨٧٦-١٩٠٨ز حوکمی کرد-، ویستی بە **(زیندووکردنەوەی بیرۆکەی خیلافەتی ئیسلامی)** دەوڵەتی عوسمانی ڕاست بکاتەوە و بۆ

ئەوەی بەرەی ناوخۆی وڵات یەك بخاتەوە، ئەمەشـــی بە ناوی (الجامعة الإســلامیة)وە بڵاوەکردەوە. خەریك بوو ئەم مەسەلەی خیلافەتی ئیسلامییە بکاتە پرۆسەیەکی گردکردنەوەی جیهانی! بەو ئومێدەی ســـەرلەنوێ ئیمپراتۆرییەتی عوســـمانی بخاتەوە ناو دڵ و دەروونی موسوڵمانان و ناوجەرگەی جیهانی موسوڵمانان، تا موسوڵمانان بتوانن بەربەستێك بە ڕووی ئەو هەموو ڕەنج و هەوڵدانە بەردەوامەی ڕۆژئاوادا دروســـت بکەن کە دەیەوێت ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بڕووخێنێت و خاك و ئوممەتەکەشی دابڕ دابڕ و بەش بەش بکات! جا هەر کە سوڵتان ئەم پرۆسەیەی خۆی ڕاگەیاند، وەڵامدانەوەیەکی زۆر بەرفراوان و سەیری بۆ هاتەوە، تەنانەت لە ئەندۆنیسـیاشـەوە -ئەو زەمانە تەنها جاوە و سـۆمەترە بوون- وەڵامی درایەوە کە دەسـەڵاتی دەوڵەتی عوســمانیی زۆر درەنگ گەیشـتبوویە. سـوڵتان دەیویسـت بەم کارەی ئەوە لە ڕۆژئاوا بگەیەنێت کە هێشتا دەوڵەتی عوسمانی تاکە مەرجەعییەتی موسوڵمانانە و نا شێت و ناکرێت لە هەموو دانوســـتان و ڕێککەوتنەکانیاندا کە پەیوەندیی بە موســـوڵمانانەوە هەبێت ئەو ئیهمال بکرێت و بخرێتە کەنار.

ڕەنجی گۆڕانکارییە ئیسڵاحییە ئیسلامییەکەی ناو دەوڵەتی عوسمانی بەم شێوەیە دەڕۆیشت و لە بەرامبەریدا ڕەنجی وێرانکاری و هەڵوەشـاندنەوەشـی بەردەوام بوو! ئەم دوو ئاڕاسـتەیە لە زۆرانبازیدا بوون تا جەنگی جیهانیی یەکەم قەوما و ئەنجامەکەشـی ئەوەندە کاریگەر بوو کە سەرتاپا ڕێڕەوی مێژووی گۆڕی، هەموو ئەنجامی جەنگەکە لە قازانجی (ئیسڵاحییە عەلەمانییە بێدینەکان) هاتەوە و ئەوەندە پشتیان گیرا تا گەیشتنە سەر حوکم، ئیسڵاحییە ئیسلامییەکەش ئەوەندەی تر دەستەپاچە کەوت و خۆی و پرۆسـە و کلتووری گۆشـەگیر کرا و پووکێنرایەوە و وردە وردە بە مردنی بیرمەند و پێشەوایانی ئەویش بە مردوویی چووە لاپەڕەکانی مێژووەوە.[1]

(١) بۆ زانیاریی زیاتر و وردەکاریی زۆرتری ئەم باسە، بگەڕێرەوە بۆ وتارەکانی (ئیسلام و کوردایەتی-)ـی نووسەر، لەوێ جگە لەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی باس فەرمووە؛ شیکارییەکی وردەکارانەی بەرفراوانیشی خستۆتە ڕوو. ئەگەر خوا ئیزنی لە سەربێت (زادی) بەشـێوازی کتێب دەیخاتەوە بەردەسـتی فێرخوازانی و سـەرجەم خوێنەرانی تر، تا هیچکەس لەو شـاکارە بێوێنەیە مەحروم نەبێت. (زادی)

موسـولمانانی نیوەدوورگەی هیندسـتان دووچاری زۆر کێشـەی جۆراوجۆر و ئاڵۆز بووبوونەوە: لە لایەکەوە ئیسـتیعماری ئینگلیزی وڵاتی داگیرکردبوون و دەسـەڵاتی سـیاسـیی حوکمکردنی ئەو وڵاتە گەورەیەی لێ سـەندبوونەوە و سـیستمی سیاسـیی ئیسلامیی لادابوو، هەموو بەشێکی دەسـەڵات و هێزی وڵاتی بۆ خۆی زەوت کردبوو. لە لایەکی تریشـەوە ڕووە و ڕووی ئەو حەقیقەتە بووبوونەوە کە ئەوان کەمایەتییەك بوون کە لە وڵاتێکی بەرفراوانی وەکو هیندستاندا حوکمی زۆرینەیەکیان دەکرد کە وەکو لێشاوی دەریا بوون، بەڵام وا ئێستا دەکەونە بەردەسـتی ئەو زۆرینەی بە ڕقەوە ئینگلیز لێی زیت کردوونەتەوە!! سـەرباری ئەمانەش بیروهۆشی هەڵچووی نوێی نیشتمانیی هیندۆسییەکان کە موسوڵمان و ئینگلیزەکانی خستبووە تای تەرازوویەکی نامۆوە و هەردوو لایانی بە غەریبە دەزانی و دەیوت: "پێویستە نیشتیمانپەروەرانی هیندۆسی بیانکەنە دەرەوە...!".

لە ناو موسوڵماناندا ڕەوتێکی ئیسلاحسازیی نوێکردنەوە بە سەرۆکایەتیی ( سەیید ئەحمەد خان) دروست بوو، کە پێناسـەی هیندسـتانی ژێردەسـتی ئینگلیزی کردبۆوە بەو سـیفەتەی کە وڵاتی هەموویانە، خۆ موسـوڵمانان هەر خەڵکی ئەو وڵاتە بوون و موسـوڵمان بوون، سـەیید ئەحمەد دیدی موسـوڵمانانی وا ڕوون کردبۆوە کە دەخوازن وەك وڵاتی هاوبەشـی هەموو لایەك هەوڵ بدەن بۆ ئازادکردنی هیندستان بەو سیفەتەی کە وڵاتی هەموو لایەکییانە. مەبەستی سەیید ئەوە بوو کە مادام موسوڵمانەکان تازە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمیان لە (١٨٥٧ز)ەوە لە دەست چووە و کەنار دراون، با هەر نەبێ نەبێ کەمێك لەو مەحروومکردنەی موسـوڵمانان کە بە سـەریاندا سـەپاندوون نەهێڵرێت کە ناچاریان دەکەن یا دەبێ دەسـت لە ئیمتیازاتی مێژوویی خۆیان هەڵگرن، یان بارکەن و وڵات چۆڵ کەن بۆ هەر کوێ دەچن بچن!

لە وڵاتی فارسـیش -کە تا (١٩٢٥ز) هەر وا بە ئێرانی ئەمڕۆ دەوترا-، لایەنگرانی دەسـتوور خەباتێکی نەپسـاوەیان کردبوو تا لە سـاڵی (١٩٠٦ز)دا توانییان شـۆڕشـێکی گۆڕانکاریی بیناسازی بە ناوی شۆڕشی مەشروتییەت (دەستوور خوازی) سەرکەوتوو بکەن، کە بە دەق لە دەسـتووری وڵاتدا نووسرا: "دەبێ دەسـتەیەك لە زانایانی شـەرع هەبن کە بڕواننە هەموو بڕگە

یاســـا یەك كە دادەڕێژرێت؛ تا بزانن داخۆ لەگەڵ شـــەریعەتی ئیســـلامدا دەســـازێت یان پێچەوانەیەتی". ئەم دەســـتە زانایەش هەر وا بە چاودێریی بەهێزەوە لە پەرلەماندا تا ســـاڵی (١٩٢٥ز) مانەوە، تا (ڕەزا شـــای پەهلەوی) كۆدەتا ســـەربازییەكەی كرد و لایدان.[١] ئیتر سیستمی حوكمی وڵاتی كردە سیستەمێكی عەلەمانی كە دینی لە دەوڵەت جوێ كردەوە.

ئوممەتی ئیســـلامی لەو ســـەردەمەیدا چەندین بزاڤی ئیسـڵاحســـازیی تێدا بوو، هەر یەك لە ناوچەی خۆیدا كاریگەر بوو، هەیانبوو ڕاســـتەوخۆ ڕووبەڕووی ئیســـتیعمار بووبۆوە و كەوتبووە جیهاد بەرامبەری، هەیانبوو بزووتنەوەیەكی فیكری و ســـیاســـیی دروســـت كردبوو، ئەمانەش جاری وا هەبوو لە مەدرەســـە یەكدا دەردە كەوت یان لە تەریقەتێكی ســـۆفێتیدا یان لە كەســـا یەتییەكی كاریگەری شـــەرعناس، یان هەڵكەوتی ئیســـلامی، وەكو: (بزووتنەوەكەی محەمەدی كوڕی عەبدولوەهاب) لە نیوەدوورگەی عەرەب (١٧٠٣-١٧٩٠ز)، (بزووتنەوەی ســـنووســـی) لە باكووری ئەفریقیا (١٧٨٧-١٨٥٩)، (بزووتنەوەی ئیمامی شـــەوكانی) لە یەمەن (١٧٦٠-١٨٣٤ز)، (بزاڤی شـــێخ جە ما لەدینی ئەفغانی) (١٨٣٩-١٨٩٧ز)، (بزووتنەوەی عەبدوڕەحمان كەواكیبی) لە شام (١٨٥٥-١٩٠٢ز)، (ڕەنجەكانی شێخ محەمەد عەبدە) لە میسر (١٨٤٩-١٩٠٥ز)، (بزووتنەوەی نەقشـــبەندیی باكووری كوردســـتان) (١٨٤٣-١٨٩٩ز)، (بزووتنەوەی شێخ سەعیدی پیران لە باكووری كوردستان) بۆ هێنانەوەی خیلافەت (١٩٢٥ز)، ( شێخ سەعیدی نەورە سی و بزووتنەوەی مەدرە سەی نوور) (١٨٧٥-١٩٥٩ز)، (بزووتنەوەی تەریقەتی تیجانی) لە ئەفریقا، لە مەراكیش، كامیرۆن، ســـەنگال، نەیجیریا، نەیجەر، گابۆن، سوودان و...هتد.[٢]

بەڵام ئەم هەموو بزووتنەوە و ڕەنجە قورس و زۆرە هەر هەموو داڕما و خۆی بەرامبەر ئەو لافاوە شـــارســـتانێتییەی ڕۆژئاوا نەگرت كە وەك شـــالاوی گڕی شـــەڕ بە وڵاتی موســـوڵماناندا

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦ ـ ٣٠.

(٢) د. علي عبدالحليم محمود: التراجع الحضاري. دار الوفاء/ القاهرة ط١، ١٩٩٤، ص٣٤٣ و ٣٥٠.
بەڵام ناوی باكووری كوردستانەكە لە لایەن ئێمەوەیە نەك لەلایەن نوسەری بەڕێزەوە.

وەربووبوو، وەکو دید و تێڕوانینێکی فەلسەفی، سیستمێکی سیاسی و پەیکەرێکی ئیدارەی دەوڵەتی نوێ، وەکو هێزێکی سەربازیی چەکدار و مۆدێرن، بە هێزێکی سوپایی ڕێك و پێك و بە چەکی باڕووتیەوە کە تازە ئەورووپا دایهێنابوو؛ هاتە سەر موسوڵمانان! بەوپەڕی چوست و چالاکیی مەدەنی، زیندەیی ژیان و بەرنامەی حوکم، داوەری، ئابووری، بۆچوونی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی دەوڵەمەندی کۆن و نوێی میللەتانی ئەورووپاوە هاتنە سەر ئوممەتێکی لاواز و کۆڵبووی ئیسلام، کە نە لە توانایدا بوو بەری شالاوی سەربازییان بگرێت، نە لە توانایدا بوو شارستانێتییان لە خۆ بگرێت! چونکە شارستانێتی ئیسلامی چەمابۆوە و پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەبوو، شارستانێتی ئەوانیش هەڕەتی لاوێتی بوو، لە کەرەستەی خاو و بازاڕی نوێ دەگەڕا!! هەردووکیشیانی لە موسوڵمانان و وڵاتی موسوڵماناندا دیتبۆوە!!

* * *

## باسی سێیەم:

## هــەرەس

لە وردبوو نەوە و ســـەرز جدانی مێژووی ململانێ و دە بەڕێکراچوونی کۆمەڵا ندا، زوو دوژمنایەتیی ســەختی ڕۆژئاوات بە شــێوەیەکی گشــتی بەرامبەر بە ئیســلام بۆ دەردەکەوێت، دەبینیت لە هەموو ئەو ئوممەت و میللەت و گەلانەی ئیسلام چۆتە ناویانەوە، وەك وڵاتی فارس، هیندســتان، ئەفریقیا، ئەنادۆڵ و ...هتد، ڕۆژئاوا لە هەموویان ڕق ئەســتوورتر بووە بەرامبەر بە ئیسلام، بۆیە ئەهلی ئیسلام و دادپەروەرانی میللەتانی تر هە ست بەوە دەکەن کە ڕۆژئاوای کۆن و نوێ زۆر بە کەلــــــــەڕەقی بەرامبەر ئیســلام دەوەســتێتەوە، زۆر بە قینەوە موســوڵمانان دەچەوســێنێتەوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە دەبینن ئەم ئیســلامە هەر چەندی دەیبەزێنن گیانی بەربەرە کانێی کز نابێت، هەرچە ندی دەیشــکێنن نا بەزێت، هەر چە ند لاواز دەبێت، نە دەچەمێتەوە نە دەکەوێتە کەنار و واز دەهێنێت، کۆڵیش ببێت کۆڵ نادات! دەبینن ئەم ئیســلامە لە جیهادیدا سەرسەخت و دڕە، لە ئاشتیدا دەڵێی ئاوە، کە دەکەوێتە ژێر تاوێرە بەرد دەبێتەوە بە کانی، کە لە ســەرەوە دێتەخوار بە دڵۆپە دڵۆپی بەردەوامی تاوێرە بەرد دەکاتە ماقۆڕی خۆی! لە هەردوو باریشیدا ئەوەندە پشوو درێژە ماندوو نابێت، دەگۆڕێت و ناگۆڕدرێت، کە یەکێکی کردە موســوڵمان بە مردنیشــی پاشــگەز نابێتەوە!! کە مەغۆل دێتە وێزەی و پایتەخت و وڵاتی دەخاتە ژێر ناڵی ئەســپی، موســوڵمانان بە ئیســلامەوە دەیاننێرێتەوە بۆ هیندســتان و شــەش ســەد ساڵ حوکمی هیندســتانیان بە ســیســتمی ئیسـلامی پێ دەکات، تا شــارســتانێتییەکی لەوێ بۆ بنیات بنێن!!

لەبەر ئەم سیفەتانەیە کە ڕۆژئاوا بە هەر شێوەیەك بێت، بە هەر ڕێگایەك بێت، هەر دەیەوێت ئیسلام تە سفییە بکات، دەیەوێت لە هەموو شوێنێك هەر وەکو ئەندەلووس ڕیشەکێشی بکات و ئاسەوارەکانی بگۆڕێت، بەڵام هەمیشە لە ترس و حەزەری پەیدا بوونی (محەمەد فاتیحــ)ــێکی

دی دایە بۆی قووت بێتەوە و بە هەڵمەتێکی (الله أکبر)ی جیهادەوە بۆی بێتەوە و قوستەنتینییەی پایتەختی ڕۆمی لێ بکاتە ئیسلامبوول (شاری ئیسلام) و کڵێسەی (ئایا سۆفیا)ی لێ بکاتە مزگەوت و مل لێنێت بۆ سەر سنووری ڤییەننا! بۆیە بیرمەند، پیاوماقووڵ و سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا دەمێکە هاتوونەتە سەر ئەو ڕایە کە لەگەڵ لێدان و پەلامار و هێزی سەربازیدا؛ دەبێت پلانی **(گەمارۆدانی ئیسلام لەناوەوە)**ش بخرێتە بەر، بە مانایەکی تر: حەتمەن دەبێت **کلـیلی کەمال ئەتاتورکییانە** بەکاربهێنرێ، تا لە ناوەوە کەسێك قەڵاکە بە ڕووی سیاسەت و هێزی سەربازیی ڕۆژئاوادا بکاتەوە.

ئەمەش بوو ئەو پلانەی ڕۆژئاوا لە ماوەی ئەم دوو سێ سەدەیەی دواییدا لە وڵاتانی ئیسلامدا گرتییە بەر.

ڕۆژئاوا لە ڕەنجێکی نەپساودایە بۆ ڕاوەستاندنی کشانی ئیسلام و تەشەنەکردنەکەی لە ڕۆژئاوا و غەیری ڕۆژئاوا، (ئالفێرد کانتوڵ سمێس) دەڵێ:[1] "ڕۆژئاوا هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش زۆر لەو (هێزە مەعنەوییـ)ـیە گونجاوەی کە لە جیهانی ئیسلامدا هەیە دەترسێت! چونکە ئەوە کە بۆتە هۆکاری یەکخستنی موسوڵمانان و ڕێکخستنیان لەسەر پاکیی (تێڕوانینە تەوحیدیـ)ـیەکەی، ڕۆژئاوا لە مێژە ترسی ئەم هێزەی لێ نیشتووە، ساڵەهای ساڵیشە هەوڵی پووکانەوە و لادان و ڕادانی دەدات! لە کۆششێکی بەردەوامدایە بۆ شیرازەپسان و لێکهەڵوەشانی جیهانی ئیسلامی، هەر هەوڵی زیندووکردنەوەی ئیختیلافاتی کۆن و دروستکردنی ئیختیلافاتی نوێیان لە ناودا دەدات، ئینجا بەردەوامیش دنەی ئەم دژی ئەو دەدات و پشتی ئەویان دژی ئەوی تریان دەگرێت تا تێکیان بەردا و هەموویان بە یەکتری بکێشێت، نەبادا یەك بگرنەوە. من وا دەزانم ئەوەی گەوجێتی و گەلۆری ڕۆژئاوایە، ئەوەیە کە لە جیاتی لێکحاڵیبوون، هەر سوورە لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزە ئیسلامییە، ئەوەش دەبینێت کە تا ئەم هێرشیان

---

(١) علي عبدالحليم محمود: التراجع الحضاري/ دار الوفاء، ط١/ ١٩٩٤، ص٢٧٦. و أنور الجندي: الإسلام والغرب/ المكتبة العصرية/ القاهرة، ط١ ـ ١٩٨٢، ص٨.

بکاتە سەر و ڕووبەڕوویان ببێتەوە، موسولمانان زۆرتر و زووتر یەك دەگرن و دەبنە یەك کوتلە! ڕۆژئاوا لەم ماوە زۆرەی تەمەنی ئیسلامدا نەیتوانی سۆز و ڕێزی موسولمانان بۆ خۆی کەسب بکات، بەڵکوو لە جیاتی ئەوە قین و بوغزێکی جەماعیی بەرامبەر دروست بووە، ئەوەی کە بەردەوامیش فوو بە کورەی ئەم قین و بوغزەدا دەکات؛ چالاکیی مەسیحییەوانی، دینگۆڕینی موسولمانان، بەڕۆژئاواییکردنیان و داگیرکردنی وڵاتەکانیا نە، بە هیوای ژێردەستکردن و زەلیلکردنیان!

دیسان ئەمەش جگە لە تاڵانکردن و ڕووتانەوەی وڵاتەکانیان لە ڕووی ئابورییەوە! ئینجا ئەو هەموو توندوتیژی، ڕق و تەعەسووبەی کە ڕۆژئاوا بەرامبەر هەموو شتێکی عەرەبی و ئیسلامی دەینوێنێت"!!

(کۆنگرەی بەرلین) -لە ئەڵمانیا- کە لە ساڵی (١٨٧٨ز) گیرا، یەکەمین هەوڵدانی کۆمەڵکارییانەی ڕۆژئاوا بوو بۆ چەقاندنی چەقۆی پارە پارەکردنی جەستەی دەوڵەتی عوسمانی، کە هەر یەك لە وڵاتانی ئەڵمانیا، نەمسا، مەجەڕ، فەڕەنسا، شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، ئیتاڵیا و ڕووسیا بۆ **باسوخواسی مەسەلەی ڕۆژهەڵات** بەشدارییان تێدا کرد، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە ئەوڕووپا گەڕابۆوە سەر ئەو کۆمەڵکاری و ڕێککەوتنەی پێی دەوترا: **(پەیمانە پیرۆزەکە)**، کە گەورەترین بڕگەی بریتیبوو لە ڕزگارکردنی (بولگاریا، بەڵقان، مونتیگرە (شاخە ڕەش)، بۆسنە، هەرسك، سربیا و ڕۆمانیا) لە دەسەڵات و حوکمی عوسمانی. هەروەها دەبوو بە پێی ئەو پەیمانە پیرۆزە بابولعالی (دەوڵەتی عوسمانی) تەنازوول لە ناوچەکانی (باتووم، ئەردوهان و ڕەوز) بۆ ڕووسیای قەیسەری بکات، هەروەها دەبێت دەوڵەتی عوسمانی ئازادیی دینی بداتە هەموو خاوەن دینێکی تر و ئیعتیراف بە مافی کونسوڵەکانی ئەورووپا بکات کە پارێزگاری و سەرپەرشتیی هاوڵاتییانی خۆیان لە وڵاتی عوسمانیاندا بکەن!! لە ڕاستیدا کۆنگرەی بەرلین **دژوارترین و کاریگەرترین** گورز بوو لە پەیکەری دەوڵەتی عوسمانی درا؛ چونکە بە پێی ئەو کۆنگرە بوو کە:

**یەکەم:** هەرچی دەوڵەتی عوسمانی هەیبوو بەسەر وڵاتانی ئەورووپادا بەخشرایەوە!

**دووەم:** پاڵپشـــتییەکی زۆر بۆ ئیمتیازاتی بێگانەکان لە ناو جەرگەی وڵاتانی عوســـمانیدا بۆ ڕۆژئاواییەکان دروســـت بوو، **تا بە کەیفی خۆیان بتوانن دەســـت بخەنە کاروباری وڵاتانی ئیسلامەوە!**

**ســـێیەم:** فەرزکردنی پاراســـتنی مەســـیحی و هاوڵاتییانی ئەورووپایی لە ناو کۆمەڵگەکانی موسوڵمانانندا، (بەریتانیا پرۆتستانت بپارێزێت، فەرەنسا کاسۆلیك و ڕووسیاش ئەرسەدۆکسی)، ئەمەش یەعنی هاندان و دنەدان و بەرپاکردنی شـــۆڕشـــی خوێناوی پێیان هەر کاتێك ئەورووپا ویستی!

هەر بۆیە زۆر بەســـەر ئەم کۆنگرەیەدا تێنەپەڕی کە وڵاتە ئەورووپاییەکانی ژێر حوکمی عوسمانی -بۆ جیابوونەوە- ڕاپەڕین، فەڕەنسا و بەریتانیاش کەوتنە داگیرکردنی میسر، سوودان، جەزائیر و توونس. ڕووسیاش پەلاماری هەموو وڵاتە ئیسلامییە ئاسیاییەکانی با شووری خۆی دا.

ئەمە سرووشـــتی ئەم قۆناغە بوو، کە لە (١٨٧٨ز)ەوە دەســـتی پێکرد و چل ســـاڵی خایاند، ئەنجامیشـــی دابڕینی ناوچە ئەورووپییەکان، ناوچە عەرەبییەکان، بەڵقان، هیندســـتان و ئاســـیای خواروو بوو لە دەوڵەتی عوسمانی، هەموو ئەمەش بە سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاو.

پیلانەکە پیلانێکی **(ئیستیعماری، زایۆنی، قەیسەری)**و دواتر **(کۆمۆنیستی)** بوو، هەموویان -وەك هێزی نەیار و ناحەز و دوژمنی ئیســـلام- دەکەوتنە هاوکاری و هاریکاریکردنی یەکتر بۆ ڕمانی دەوڵەتی عوســـمانی و لێکهەڵوەشـــاندنەوەی جیهانی ئیســـلامی، ئەمەش هیوا و ئاواتی هەموویان بوو، چونکە هەموویان لەسەر ئەوە کۆ بوون کە ڕمان و لەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی یەعنی سڕینەوەی دەوڵەتێك کە لەسەر یاسا و ڕێسای شەریعەتی ئیسلام دروست بووە! لە جێی ئەم شێرە پیرەش دروستکردنی دەیان دەوڵەتی قەومی، ناوچەگەری و خێڵەکی!! کە دەبوو هەر هەمووشـــیان لەســـەر یاســـا و ڕێســـا و دیدی عەلەمانی دروســـت بن، مەرج بوو هەموویان

شەریعەتی ئیسلام نەهێننەوە پێش! ئینجا ئەو فەرمانبەرانەی لە سەفارەت و کونسوڵگەریی وڵاتە ئەورووپاییەکان بوون، کە لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا بوون؛ نوێنەری دید، بەرنامە و سیستمی وڵاتانی خۆیان بوون، بە هاوکاریی گرووپە مەسیحییەوانەکان کەوتنە کردنەوەی قوتابخانە و دارشتنی بەرنامەی خوێندن و شوێنکەوتووی سیاسییەکانیشیان کەوتنە دارشتنی دەستووسی ئەو یاسا و ڕێسایانەی دواتر بە زۆر کردیانن بە دەستووری ئەو وڵاتانەی لە دەوڵەتی عوسمانییان جویَ کردنەوە!

بە ڕمانی دەوڵەتی عوسمانی لاپەڕەیەکی زۆر گەورە و گرنگ و کاریگەری ئیسلام لە واقیعدا پێچرایەوە، کە بریتی بوو لە نەمانی سیستمی حوکمی ئیسلامی، ئەمەش **بۆ یەکەمجارە لە هەموو مێژووی (١٣٠٠) ساڵەی ئیسلامدا ڕوو دەدات!!** ئیتر یا سا جێی شەریعەتی خوایی لە هەموو گۆشە و کەنارێکی ژیانی موسوڵمانان لە هەموو ناوچەکانی جیهانی ئیسلامدا گرتەوە و بانکی ڕیباخۆری دروست بوو، بەرنامەی سکۆڵەریستی عەلەمانی و بێدینی بوو بە ڕەسمی!!

ڕمانی دەوڵەتی عوسمانی خەونێکی کۆنی ڕۆژئاوا بوو، هەموو ڕۆژئاوا؛ بە وڵاتە ئیستیعماری، خاچپەرستی، مارکسی و زایۆنییەوە. ئەم خەونەش بە سێ قۆناغ هاتە دی:

**١- هێنانەخوارەوەی سوڵتان عەبدولحەمید لە سەر حوکم.**

**٢- لێکهەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی؛ دوای جەنگی جیهانیی یەکەم.**

**٣- نەهێشتنی خیلافەتی ئیسلامی، بە دوو قۆناغ:**

**أ- جوێکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی سوڵتان لە ناوی خیلافەت** (هەوڵێك بوو درا بۆ دروستکردنی ڤاتیکانێکی ئیسلامی، تا ئەگەر هەموو نەخشەی سڕینەوەی عوسمانییە ئیسلامییەکە سەری نەگرت، ئەو بهێننە جێ و بە هێمای بیهێڵنەوە).

**ب- ئیلغاکردنەوەی ڕەسمی و یەکجاری و گشتیی خیلافەت**

هەموو ئەمانەش یەعنی شیرازەپسانی موسوڵمانان، لێکدابڕانی ناوچە و گەلانیان و سەر

هەڵنەدانەوەی سەرکردایەتییەکی گشتیی ئیسلامی بۆ هەموو موسوڵمانان! بەمەش ئەو ئوممەتی موسوڵمانەی ساڵەهای ساڵە بوونی یەك دەوڵەت و یەك ئوممەتی هەیە؛ لێك دەڕەوێتەوە و ئەو منارەی هێمای گردکردنەوەی بوو؛ ڕما. ئیدی کام وڵاتە ئیستیعمارییەی زۆر بچووکە (وەکو هۆڵەندا کە ئێستا ١١ ملیۆنە!)، دەتوانێت کام وڵاتەی موسوڵمانان کە زۆر گەورەیە (وەك ئەندۆنیسیا کە ئێستا ٢٣٦ ملیۆنە)؛ داگیری بکات و سەد ساڵیش تێیدا بمێنێتەوە.

* * *

# چەند دەرسێك بۆ سەرنجدان

**یەکەم: قەوارەی سیا سیی دەوڵەت و کۆمەڵگەکان بە پێی ئا ستی ئەو کە سانە دەگۆڕێت کە دایاندەمەزرێنن و ئاڕاســتەیان دەکەن.** ئەگەر کەســانێك دایانمەزرێنن کە پێکهاتە ســەرەکییە سەرەتاییەکانی موسوڵمانێتی تێیاندا لاواز بێت، یان ئامانجی هاتنی ئیسلامییان لا ڕۆشن نەبێت، یان دینداریێتییەکەیان توندوتۆڵ نەبێت، حەتمەن ئەوانەی بەردەســتیان لەوان بەهێزتر و کاریگەرتر نابن، بۆیە کورد وتوویەتی: **"لەگەڵ شــێردا بە گڕ شــێردا دەچمەوە و لەگەڵ ڕێویدا دەچمە کونەوە!"** چونکە ئەو خاڵە لاوازییانەی قۆناغی ســەرەتایی دینداری و بیناســازیی کەسایەتی هەڵیدەگرێت، یان ئەو سووکە پابەندییەی کە کەسایەتییەك خۆی پێ هەڵدەخەڵەتێنێت کە وا دەزانێت ئەوەندە ئیســلامەتییەی گرتوێتی بۆ دونیای بەســە و حەتمەن بۆ قیامەتیشــی هەر وا! بەڵام دیارە کە هێز و لاوازیی پەروەردەبوونی ســەرەتایی مرۆڤ کاریگەریی خۆی لە هەموو دەزگاکانی دەوڵەت یا ئۆرگانەکانی کۆمەڵکارییەکەی هەیە.

ئەم حەقیقەتە ئەوە لە سەر بەرپرسانی کۆمەڵکاریی ئیسلامی فەرز دەکات، کە قۆناغەکانی پەروەردە و ئاڕاســتەکردنی یەکەمینی شــوێنکەوتووانیان بە بڕی پێویســت درێژ بکەنەوە و هیچ پەلە لە بەرزکردنەوەی ئا ست و پلەدا نەکەن. شوێنکەوتوو دواکەوێت لە بەرزکردنەوەی ئا ست و پلەیدا باشــترە وەك لەوەی بۆی پێش بخەیت و بە ناکاملی بیکەیتە لێپرساوی کارێك. دەبێ هەموو ئەوەیان لە بیر بێت کە ئەوان زەمینەیەکی عەقائیدی لە کەســانێك دروســت دەکەن کە بەرپرســێتیی هێنانەوەی حوکمی ئیســلامییان لەســەر مەنهەجی پێغەمبەرێتی و تێهەڵچوونەوەی ژیانی موسوڵمانانەیان لە (دار الإسلامـــ)ــــدا پێ دەسپێرێت، بۆیە دەبێت کاتی تەواو بە کار بهێنن لە گۆشــکردن و گەشــەکاری و پێگەیاندنی ئەندامانی بەردەســتیاندا؛ ناشــێت بۆ ئەوەی زووتر و زۆرتر دەرکـەون پـەلـە لـە پـەروەردەکـارییـەکـەدا بکـەن، چونکـە دوایی کـە شــوێنکەوتووەکانیان بە لاســەنگی بینی، بە بێگوێیی و خودســەری بینی، کە بە لووتبەرزی و هەڕاڵی بینییانن، کە بە شل و شێواوی یان دڵڕەقی و توندوتیژ بینییانن؛ نابێت هەر لۆمەی ئەوان

بکەن، دەبێ بە خۆشـــیا ندا بێنەوە و بزانن کە ئەوە بەرهەمی چۆنیەتی و چە ندێتیی ئاڕاســـتەکردنەکەی خۆیانە! کە دەبینن کەســـانێکیان بۆ ئەم ڕێباز و ئامانجە دوور و ســـەختە هێناوەتە پێش کە تەحەممولی ڕێ و کۆسپەکانی ناکەن و هەر گلەیی و گازاندە و بۆڵە بۆڵیانە!

ئەمما ئەگەر بە پێی مەرجەکان کەســـەکان وەرگیرابوون، بە پێی بەرنامەی کۆمەڵکارییەکە پەروەردە کرابوون، بە گوێرەی دین، دیندارى، توا نا و لێوەشـــاوەییان بە گەڕ خرابوون، بارووددۆخی کارپێکردنیشـــیان گونجاو بوو، نابێ بە بەهانەی زیاتر پەروەردەبوون لە جێی خۆ بهێڵرێنەوە و جورئەتی چوونە پێشـــەوەیان لێ ببڕێت، نا؛ ئەگەر وا بێت نە دەوڵەت و نە کۆمەڵکاری ناچێتە قۆناغی داهاتوو، لە کاتێکدا دوژمنان زووتر و زیاتر چوونەتە پێش.

**دووەم: گەل و میللەتان لەســەر حاڵەتێك نامێننەوە، توخمەکانی هێز دەشـێت لە بوارێکدا یا لە زیاتردا هەبن و بمێننەوە، بەڵام لە بوارەکانی تردا نامێنن، یان بەدیلی لاوازیان بێتە شـــوێن.**
ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە بۆ بزووتنەوەی گۆڕانکارییش وایە و بۆ ئیدارەی سیاسی و فەرماندەیەتیی سەربازییش وایە. لەوانەیە هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکست لە یەك کاتدا لە کۆمەڵێکدا هەبن، بەڵام وریایی و زرنگیی ئاڕا ستەوان و بەهێزیی مەنهەجی پەروەردە و ئاڕا ستە؛ ڕێ لە لا سەنگی دەگرێت.

گەورەیی داعی، پێشەنگی گۆڕانکاری، بیرمەند و شیکاری ستراتیژێتیی پێشەوای سیا سی لەوەدایە کە زوو حەقیان ناسیوە و بەرپرسێتیی ناسین و ناساندنیان خستۆتە سەر شانی خۆیان و خۆیان بۆ بانگەوازەکەی تەرخان کردووە، لە کاتگەلێکدا کە خەڵکێکی خەمســـارد پاڵیان لێ داوەتەوە و خۆیان بە زیرەکتر و چالاکتر دەزانن! لە بارووددۆخێکدا کە ئەمان هەموو جۆرە بەربە ستێکی خراپیان لەبەر خاتری ئەم دینە هاتۆتە ڕێ، کەچی کۆمەڵێك گەدەزلی بەرسێبەر لە خاوەنی فەلسەفەی بەزین زمانیان بەرامبەر درێژ دەکەن و ئەوان بە گەوج دەناسێنن و خۆشیان بە ژیر! خەڵکانێکی هەڵەپاس بەرهەمی دیار و زەقی ئەمانیان پێ پووچەڵە لە کاتێکدا خۆیان بەرهەمیان نییە، یان کاریان لە بن دڕکی تاغووتاندایە!

جاری وا هەیە ڕۆڵی نەوەیەك یان چەند نەوەیەك تەنها دروستکردنی پردێکە بۆ پەڕینەوە بۆ واقیعێك کە دەوێستریت بۆ بەرنامەی ئیسلام بگۆڕدرێت و بۆ ئامانجی ئیسلامەکە بخرێتە گەڕ، ئەو کەسانەی کە کارە سەرەتاییەکان دەکەن، کە وەکو ڕەنگرێژی هەڵکەندنی بناغەی خانوو دروستکردنە، هەمان ڕۆڵ و گرنگییان وەکو کاری ئەو کەسانەیە کە سەقفەکە تێدەکەن، یان ئەوانەی دەرگا و پەنجەرە تێ دەگرن، پاداشتی هەمووشیان لای خوا دیارە و هەر یەکەیان بە قەدەر ڕەنجی خۆی پاداشت دەدرێتەوە. گرنگ ئەوەیە هەموو دەیانەوێت بە ڕۆڵی خۆیان کارەکە تەواو بکەن، گرنگ ئەوەیە کە ئەو کە سانەی وانە سەرەتاییەکان دەڵێنەوە وا نەزانن دەبێ ببینن کە قوتابییەکانیان بوون بە پزیشك و ئەندازیار، مەرج نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوان فێری ئەلف و بێیان کردوون، ئەوان کردوویانن بە قوتابی و هەستی زەروورەتی خوێندنیان تێدا ڕواندوون. ڕۆڵی ئەمان لەوەدایە کە ئەمانە بخەنە سەر ڕێی داهاتوو، ئەما نەخشەدانان، سۆراغ، چۆنییەتیی بڕینی قۆناغەکان، خوێندنەوە و شیکاریی قۆناغی داهاتوو؛ ئەوە بەرپرسێتیی سەرووترە.

**سێیەم: کاتێك گەلێك یان میللەتێك مەناعەی نامێنێت و وەکو جەستەی داوە شاو خۆی لە بەر سادەترین میکرۆبدا ناگرێت، دەبێتە جێ تەماعی هەموو هێزێکی نەیار؛ هێزی بوودەڵەی دەرەکیش تەماعی تێ دەکات!** کاتێك لاوازی دەبێتە جەوهەر و ڕواڵەتی کۆمەڵکارییەك، هەر لایەنێك تەماعیان لە ژێر دەستییەکەیدا هەیە، یان دەیانەوێت بۆ خۆیانی ببنەوە و ئیستیغلالی بکەن، بۆی دێن و بە ناوی یارمەتیی لێقەوماوا نەوە، یان بە ناوی قوتارکردنی گیانی مرۆڤایەتییەوە! دێنە ناو ساحەکەیەوە. هەموو پێشڕەوانی ئیستیعمار و تەدەخولاتی ڕۆژئاوا ئاوا هاتە ناو دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامەوە. سەرمایەدارانی ڕۆژئاوا کە وەکو زەروون؛ دەوڵەت و کۆمەڵگەیەك دەکەن بە ژێر قەرزی حەز و چێژە مونحەریفەکانی دەسەڵاتدارانی سیاسییەوە، ئینجا دەکەونە تەدەخولی سیاسی، بە کەیفی خۆیان یاسا بە حاکمە چاوشۆڕەکە دەردەکەن، سیستمی پێ دەگۆڕن، ڕێککەوتنی لاسەنگی پێ واژۆ دەکەن بێ ئەوەی بتوانێت لە ڕوویاندا بووەستێتەوە!

هەموو ئەو تەدەخولە ڕۆژئاواییە ئیستیعمارییانەی لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانییدا دەکرا لەم

جۆرە بوو؛ وڵاتانی ئیستیعماری ڕۆژئاوا لە هەموو ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژیی دەوڵەتی عوسمانی یان دەوڵەتی ئیسلامیی هیندستان، یان باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (کە ئەوسا سۆمەترە و جاوەی پێ دەوترا)؛ چەندین کۆمەڵ و ڕێکخراوی مەسیحیەوانی، ڕۆشنبیری، ئابووری و کلتوریی (خۆبەخش)ـی مرۆییان تێدا دەکردەوە و ڕۆژهەڵاتناسەکانیان بۆ دەناردن تا بکەونە دیراسەکردنی جوگرافیای ناوچەکە و دین و دید و دابونەریتی خەڵکەکەی و هەمووی بە تۆمارکراوی بنێرنەوە وڵاتانی پێشکەوتووی خۆیان، تا لەوێوە پلانی داگیرکردنی مەحکەمانە داڕێژن و سوپای تەواوی بۆ ئامادە بکەن و ناوی شەیتانی لێ بهێنن و بێنە سەری. ئەهلی ئیسلام، بە تایبەتی داعی و پێشڕەوان و بیرمەندانی، دەبێ ئەوەیان لە بەر چاو بزر نەبێت کە هێشتا ڕۆژئاوا لە سەر هەمان هەڵوێستی ستراتیژیی نەگۆڕێتی و وڵاتی موسوڵمانانیش هەر لە دواکەوتوویيەکەیدا یەتی، ئەگەر چی لە ڕووی بیر و هۆشەوە ئاهێکیان هاتۆتەوە بەر و تا ڕادەیەکی باش -دوای شکستی سەد ساڵەی دەسەڵاتی عەسکەریتاریای عەلەمانییەت- زەمینەی هاتنەوەی ئیسلامیان بۆ حوکمڕانی ئامادەکردووە، والحمدلله.

ئەهلی ئیسلام، بە تایبەتی داعی و پێشڕەوان و بیرمەندانی، دەبێ ئەوەیان لە بەر چاو بزر نەبێت کە ئێستا ڕۆژئاوا لە جاران زیاتر چاوی لە کەرەستە زەرووریيەکانی ژیانی کۆمەڵگەکانێتی کە لە وڵاتانی ئێمەدا هەن، وەکو نەوت، غاز، زێڕ، یۆرانیۆم، کەرەستەی خام و کانزای تر، ئەوانیش لە جاران خوێنمژترن و سەرمایەدارەکانیان لە دوو سەدەی ڕابردوو زیاتر چاوبرسی ترن... بۆیە ئەمجارە بە ناوی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، پاراستنی مافی مرۆڤ و دامەزراندنی سەرمایەدارییەوە ئاڵقەیان کردۆتەوە لووتی حاکمە عەلەمانییەکانیان، کە بەسەر وڵاتی موسوڵمانانیاندا داون و پشکێکیان لە سامانە دزراوەکە دەدەنێ تا بەرژەوەندیی ئەوان پاس بکەن...

**چوارەم: زۆرجار گەل و میللەتان دەکەونە دووڕێیانی مێژووییەوە و هەلی هەڵبژاردن و هەڵاوێردنی هەڵوێستی ئازایانەیان بۆ دێتە پێش، ئەگەر ئوممەت و پێشڕەوانی توانییان ڕێی ڕزگاری و سەربەستی و ڕێزداریی خۆیان بگرنە بەر؛ ئەوە بۆیان لواوە و نابێت هەل بە فیڕۆ**

**بدەن، ئەگەر نا؛ حەتمەن تۆقی زەلیلییەکەیان بۆ داهاتوویەکی تریش هەر لە گەردندا دەمێنێت و دەبێت بە کۆیلەیی یان بە برســـێتی ڕایکێشـــن!** دەبێ ئەوەش ڕۆشـــن بێت کە ئەو دووڕێیانە مێژووییانە لە پڕدا دەرناکەون، بەڵکوو بە پێی یاسـا و ڕێسـای قەدەری خوایی بۆ تاقیکردنەوەی ئوممەتان و پێشڕەوانیان دێنە پێش. جا ئەگەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی موسوڵمانان ئازایانە بڕیاری قوتاربوون و سەربەستییان دا، ئەوە وەکو سێ سەد ساڵی یەکەمی ئوممەتی ئیسلام دەکەونە سەر ڕێی پێشـــەنگی شـــارســـتانێتی و ســـەرفرازی لای خوای گەورە. ئەگەر لە نەزانی و لە ترس و هیممەت نزمیشـــدا بڕیاری مانەوەی هەمان بارودۆخی دواکەوتوویی خۆیان دا، ئەوە حەتمەن وەکو ئەم سەردەمە مێژووییانەیان بەسەردا دێت کە لێرەدا دەیخوێنین.

ئوممەتی ئیسلام ئێستا ئەزموونی دوو سەد ساڵی رابوردووی خۆی باش لە بەر چاوە، ئەگەر پەی بە هۆکاری لاوازی و نەبوویی خۆی ببات، پاشان ئەگەر ژیرانە ڕێی سەرفرازییەکە بگرێتە بەر. ئەمما ئەگەر هەر لەســـەر بیری نەتەوایەتی، هەســـتی نیشـــتیمان پەروەری، ناوچەگەرێتی و ئینتیمای عەشایری ئەم سەد ساڵەی دوایی بمێنێتەوە و سەرڕاستانە ڕوو نەکاتەوە دینداریێتی بەو ئیسلامەی بە زۆر پێیان خستە کەناری مێژووەوە؛ زۆر زەحمەتە لەم سەردەمی شەڕەپاڵی هێز و جەم سەری کە سبکردن و پەیمانە سەربازییانەی دوژمناندا بێتەوە سەر ڕێی شکۆمەندییەکەی جارانی.

هەڵبژاردنی هەڵوێستی بەهێز لە سەردەمی لاوازیی ئوممەت و دە سەڵاتدا، خۆی لە خۆیدا بەربەرەکانێیەکی ســـەختە و دێتە پێشـــی داعی، بیرمەند و پێشـــڕەوایانی ئەهلی ئیســـلام، چونکە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی شـــیاو لە دوای توێژینەوە و بیرکردنەوە، دوای تەقدیر و بڕیار، ئینجا نەخشەدارِشتن؛ زوو جێبەجێکردنی ئەرکێکی داواکراوی ئوممەتە دڵسۆزە وێڵەکەیە لە داعی و بیرمەند و پێشڕەوانی، چونکە ئەوان سەرچاوەی ئاڕاستە و مەرجەعییەتی بڕیارن. دەرنەکەوتنی هەڵوێستی شیاو لێیانەوە دەیان کێشەی ترس و بیم، شیرازەپسان و تێکچڕژان لە ئوممەتەکەدا دێنێتە پێش و دەیان کێشـــەی گۆڕینی وەلائ و تەکفیر و یاخیبوونیش بۆ ئاڕاســـتەوانان دێنێتە پێش.

ئەم پێشەکی و ئەنجامە هەر بە هەڵوێستە سلبییەکانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو بە هەڵوێستە ئیجابییەکانیشەوەیە، چونکە ئەنجامی باش گرتنەبەری؛ هەڵوێستی باش دەخوازێت، هەڵوێستی باش وردەکاری دەخوازێت، ئازایەتی و جورئەتیش حەسم[1] دەخوازێت. ئەگەر دووڕێیانە مێژووییەکان هاتنە پێش و هەڵوێستی گونجاوی خۆیان بەرامبەر نەگیرایە بەر و وزەکانی بۆ نەخرایە گەڕ، هەلەکە دێت و دەڕوات، دوور نییە دوژمنان نەیقۆزنەوە و نەیکەنەوە بە هەلی زێڕینی خۆیان.

ئەم هەلانەش کاتێك دەتوانرێت یەکسەر بقۆزرێنەوە، کە پێشتر ئوممەت و ئاڕاستەوانانی دیدوڕێ و بەرنامەی کۆمەڵکاری و شیاوێتی؛ وزەکانی بەردەستیان ئامادە کردبێت و چاوەڕوانی هەل بکەن، وەکو ڕاوچیی بە توانا بە قەنناسێکەوە چووە بۆ ئاسکێك، کات و شوێنی ڕاو و ئالییەتی پێویستی ئامادە کردووە و لەگەڵ دەرکەوتنی نێچیرەکەی ویستی خۆی دەخاتە گەڕ.

---

(١) واتە: یەکلاییکردنەوە. (زادی)

# بەشی دووەم: ڕامـــــان

باسی یەکەم: هەتیویی ئوممەت

باسی دووەم: لە جەنگەڵی عەلەمانییەتدا

پاشکۆ

## باسی یەکەم:

# هەتیویی ئوممەت

ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و ئیلغاکردنەوەی خیلافەتی ئیسلامی شیرازەپسانی ئوممەتی ئیسلام بوو، لێکهەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی سیاسی بوو، لێکترازان و دابڕ دابڕکردنی (دار الإسلام) بوو، ڕمانی ئەو منارە بوو کە لە هەموو لایەکەوە ئاماژەی بۆ ئەهلی ئیسلام دەکرد کە لە کوێن و چەند لە مەرکەزی خیلافەتییانەوە دوور یان نزیکن، بۆیە دوای ڕمانی ئەو منارەیە کە هێمای یەکبوون و یەکێتی موسوڵمانان بوو، وڵاتە ئیستیعمارییەکان ئا سانتر توانییان بێنە وڵاتانی ئیسلامەوە و بۆ دەیان ساڵ بیڕوتێننەوە.

بەم ڕووداوە کارەساتییە توانرا هەنگاو بە هەنگاو هەموو وڵاتی موسوڵمانان بەرە و دواوە پاڵ پێوەنرێت و بە کێشەی گەورە گەورەوە موبتەلا بکرێن!

**یەکەم:** دەوڵەتی عوسمانی -کە بە دەوڵەتی هەموو ئوممەتی ئیسلامی دەژمێررا- کرا بە دەوڵەتێکی عەلمانیی بێدینی، کە بۆ حوکمکردن دەبوو یاسای سویسری بخاتە شوێنی شەریعەتی ئیسلامی.

**دووەم:** ڕێخۆشکردن بۆ زایۆنیزم تا خەونەکەی خۆی بە ئاسانی لە قودسدا بکاتە حەقیقەتێکی واقیعیی بەرجەستە لە جەرگی موسوڵماناندا، لە زەمەنێکی کورتیشدا ببێتە سەرەنێزەی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا.

**سێیەم:** هێنانەدیی ئامانجە سەرەکییەکەی ڕۆژئاوا بە تایبەتی بەریتانیا، بەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی بەو دواکەوتوویەی خۆیەوە ڕاکێشنە ناو بەرەی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، بێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی ئەوی تێدا بێت، وەك بەشداریشیان پێکرد، خستیانە ڕیزی ئەڵمانیاوە تا بەزین و دابڕ دابڕ بوونەکەی بە تەواوی بەسەردا ببڕێت.

**چوارەم:** ڕووسیا ڕێی بۆ خۆ شبوو تا وە سێتی (بەترۆ سی گەورە) جێبەجێ بکات، کە بریتی

بوو له داگیرکردنی لایەکی جیهانی ئیسلامی و کشان و خشان بەرەو کەنداوی عەرەبی و خەنجەر وە شاندن له جه ستەی ئوممەتی ئیسلام له هەموو لایەکەوە بە سوپای قەیسەری و بە کۆمۆنیزم.

**(پەیمانی سیڤەر)** له هەنگاوە پێ شەکییەکانی لادان و ڕادانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، که له (١٩٢٠/٨/١٠ز) مۆر کرا، که کۆمەڵێك بڕگەی له خۆ گرت؛ هەر یەکێکیان لەوانی تری دژوارتر و کاریگەرتر بوو، لەوانە:

١- دەوڵەتی عوسمانی که له ساڵی (١٩١٤ز)دا (٦١٣ر٠٠٥) میلی دووجاو، (٢٠) ملیۆن کەس بوو، له ساڵی (١٩٢٤ز)دا کەمکرایەوە بۆ (١٧٥ر٠٠٠) میلی دووجاو (٨) ملیۆن کەس!

٢- نابێت تورك له ئەوروپا، له غەیری قوستەنتینیە (ئیستانبوڵـ)ـدا هەبن.

٣- بوارکردنەوە بۆ یۆنان تا ناوچەی ئیزمیر داگیر بکات و ئیدارەی بدات، تا (عوسبەتولئومەم) بە یەکجاری بە ڕەسمی دەیلکێنێت بە یۆنانەوە.

٤- بوارکردنەوە بۆ یۆنان تا بەری ڕۆژئاوای تەنگەی دەردەنیل داگیر بکات و خۆی ئیدارەی بدات.

٥- سەربەخۆییدان بە ئەرمەن و دامەزراندنی دەوڵەت لەوانەیان که له ئەنادۆڵن.

٦- نابێ تورکیا کەشتیی جەنگی و فڕۆکەی هەبێت و دەبێ سوپاکەشی بکرێتە پۆلیس.

٧- ئیمتیازات و سەرمایەگوزارییەکانی کۆمپانیا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەبێ بگێڕدرێتەوە سەر حاڵەتی پێشووی خۆیان که پێش جەنگی جیهانی هەیانبووە.

٨- دەبێ تورکیا هەم غەرامەی دارایی قەرەبوو (تەعویز) بداتەوە، هەم دەبێت ئەو پارانە بدات که دەکەوێتە سەری!

ئینجا بەریتانیا، فەڕەنسا و ئیتاڵیا ڕێککەوتنامەیەکیان له نێوان خۆیاندا بۆ پاراستنی

بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان لە ناوچەی ئیسلام و دابەشکردنی وڵاتانی ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر خۆیاندا ئیمزا کرد.

ئیدی تورکیا نەیتوانی لەم هەموو قەید و کۆتە قوتار بێت، چونکە گەر بیشیتوانیایە لە یەکێکیان ڕاپسکێت، حەتمەن ئەوانی تری لە ئەستۆ قایم دەبوو!

بۆیە لەوەودوا نەیتوانی وەکو دەوڵەت ڕەفتار بکات! تا ئەو زەمانەی مۆرکی عوسمانیی پێوە نەما و بوو بە تورکیای مستەفا کەمال، واتە دوای ئەوەی (مستەفا کەمال) و (عیسمەت ئینۆنۆ) پەیمانی نهێنیی (لۆزان)ـیان ئیمزا کرد، کە دەڵێ: "واز لە ئیسلام وەکو سیستمی حوکم، سیاسەتی دەوڵەت، یاسای حوکم و زمانی دین بهێنرێت". ئەمەش ئیمزاکرا، ئەوجا ڕۆژئاوا بەتایبەتی بەریتانیا؛ کەوتنە هەڵدانی پێکی سەرکەوتن. تا (لیۆن جۆرج)ـی گەورەیان وتی: "من ئێستا زۆر خۆشحاڵم کە تورك خراوەتە حاڵەتێکی واوە، کە دەبێ ملکەچ بکات بۆ موحاسەبەکردنی لەسەر ئەو هەموو تاوانبارییەی دژی ئیسپانیا کردوێتی".

(وێلسون)ـیش وتی: "وا ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە ئەورووپا فڕێدرایە دەرەوە، چونکە بە ڕاستی شتێکی نامۆیە بە سیمای شارستانێتی".[1]

---

(١) انور الجندي: الاسلام والغرب ـ المكتبة العصرية/ بيروت، ط١ ١٩٨٢، ص١٦٣ ـ ١٦٤.

# نامۆبوون

شێخولئیسلام[1] (مستەفا سەبری) ئاماژە بەوە دەکات کە مەرجەکانی پەیمانی سیڤەر لەسەر دەوڵەتی عوسمانی زۆر قورس بوون، بەڵام کە مستەفا کەمال و ئینۆنۆ بە نهێنی پەیماننامەی لۆزانیان ئیمزا کرد، ئەوی تریان لەسەر سووك کردن، پەیمانی لۆزان کە وڵاتانی هاوپەیمان لە (١٩٢٣ز)دا مەرجەکانیان بە تورکیا ئیمزا کرد، کە بە **(چوار مەرجەکانی کەرەزۆن)** بەناوبانگە و دواتر بڵاو کرایەوە، دەڵێت:

١- ئیلغاکردنەوەی خیلافەت بە شێوەیەکی تەواو.

٢- دەرکردنی خەلیفە لە وڵات، هەروەها پشتیوانانی خیلافەت و موسادەرەکردنی سامان و ماڵیان.

٣- ڕاگەیاندنی سکوڵەریست (عەلەمانیـ)ـەتیی دەوڵەتی تورکیای نوێ و، دەبێت دەستووری مەدەنیی نوێ بخرێتە جێی دەستووری کۆنی عوسمانی.

٤- پساندنی هەموو پەیوەندییەك بە ئیسلامەوە.[2]

قبووڵکردنی ئەم مەرجانە و ئیمزاکردنی پەیماننامەکە؛ بە ڕاستی گورزێکی زۆر گەورە و (ضربة قاضية)ی ململانێکە بوو.

ئا بەم شێوەیە کەمالییەکان ڕێیان ئاسان کرد بۆ ئیلغاکردنەوەی خیلافەتی ئیسلامی، دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی (١٣٠٠) ساڵی ڕەبەق حوکمی کرد، هەروەها نەفیکردنی خەلیفە، خانەوادە و پشتیوانانی خیلافەت! بە کردەوەش ئەوە بوو کە (خەلیفە عبدالمجید)یان -کە کۆتا

---

(١) شێخولئیسلام لەقەبی ڕەسمیی موفتیی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، گەورەترین مەرجەعییەتی شەرعی بووە، شێخ مستەفا سەبری؛ کۆتا شێخولئیسلام بوو، دواتر هیجرەتیکرد بۆ میسرو لەوێ کۆچیدواییکرد (رحمه الله).

(٢) انور الجندي: الاسلام والغرب، ص١٩٢.

خەلیفە بوو- نەفی کرد بۆ سویســـرا! -نەك بۆ مەککە یان مەدینە یان وڵاتێکی ئیسلامی، بەڵکوو بۆ وڵاتێکی ئەورووپایی کە مزگەوتێکی تێدا نەبووە!-، هەروەها ئیلغاکرد نەوەی دادگای شەرعی، خوێندنگا دینییەکان، ئەوقافی ئیسلامی و زمانی عەرەبی، بە دەردی ڕۆژنامەی ئەوسای تورکیا نووســییان: "تورکیا دەیەوێت بە یەکجاری واز لەو کەلتووورە کۆنەی بهێنێت کە ئیســلام دروستی کردبوو...". جا بۆچی ئەوە بڵێین؟! خۆ مستەفا کەمال خۆی وەکو ڕۆژنامەکانی تر لە (١٩٢٤/٢/٢٨ز)دا بڵاویان کردەوە وتی: "ئێمە بە ڕاستی و بە تەئکید، عەزمان جەزم کردووە کە هەر بەربەستێك بێتە ڕێمان دەیخەینە ژێر پێمانەوە، هەموو کەند و کۆسپێکی ڕێ تەخت دەکەین؛ مادام ڕێی ئەوەمان لێ بگرێت کە لەو ڕۆژهەڵاتەی وازمان لێ هێناوە و جێی دەهێڵین، بەرەو ئەو ڕۆژئاوایە بڕۆین کە ڕوومان تێ کردووە. ڕۆژئاواییبوونمان نابێت هەر لە یاســا و دەســتوورماندا بدرەوشــێتەوە، بەڵکوو دەبێت بچێتە کونجی مۆخ و درزی بیرکردنەوەمانەوە، لەمەودوا پێویستمان بە خیلافەت نەماوە، نە بە خۆی، نە بە وەزارەت و دادگا شەرعییەکانی و نە بە ئەوقاف و قوتابخانە دینییەکانیشی، ئێمە بە جددی وازمان لەم شتە کۆنانە هێناوە کە پێمانەوە هەڵزناوە و ناهێڵێت بەرەو ســەروەری بەرز ببینەوە، بەڕاســتی تاوانی گەورە وا لە کۆڵی پیتی عەرەبیدا، ئەو ئاوا دوای خســتووین، ئەو وای لێ کردین بۆ زانســت و پێشــکەوتن بە کلکی کاروانی میللەتاندا غار بدەین، پێویستە بە پیتی لاتینی بنووسین".

لە (١٩٢٤/٣/١ز)یشـدا لە وتەکەی ئەنجومەنی نیشـتیمانی (پەرلەمان)دا وتی: "ڕاپەڕینمان بۆ گۆڕانکاریی ماڵی خۆمان حەتمییە، پێویسـتە زۆر ئازایانە هەر کاریگەرییەك کە پێمانەوە لکاوە و ڕێی گۆڕانکاریمان لێ دەگرێت لە بەر خۆمانی دا ماڵین، نابێ لە هەڵمەتی چوونەپێش و پێشــکەوتنماندا دوودڵ و ڕاڕا بین، دابینکردنی مافە مەدەنییەکان و مافەکانی خێزان و خانەوادە لە ڕێگای مەدەنییەت و شــارســتانێتی ڕۆژئاواوە نەبێت هیچیمان بۆ نایەتە دی، میللەتان بە ئەفسانەوە بە سترابنەوە چۆن وە خەبەر دێن؟ چۆن ڕادەپەڕن؟ میللەتی تورکیش ناهێڵێت مۆتەکە و ئەفسانە سواری بێت".

ئینجا ڕۆژنامەکانیش نووســییان: "خیلافەت و ســەڵتەنەت؛ وەکو کلدان، ئاشــوور، بابل و

میسری کۆنیان لێهاتووه و بوونەته سەرهات، دینیش -که ژیان و ئازادیی مت کردبوو- لەگەڵیاندا بارگەی پێچایەوه و ئەویش نەما، ئێستا کاتی ئەوه هاتووه مافی نوێ وەرگرین که له کەلتووری ڕۆماوه هاتووه، ئەتاتورك[1]دەڵێ: ( ئامانجم ئیلغاکرد نەوەی خودی خیلافەت خۆیەتی، نەك ئەوەی بۆ خۆمی بپچڕم! نەخێر، چونکه من ئەو پیاوه نیم تەنازول بکەم بۆ وەرگرتنی پله و پایەیەکی ئاوا کۆن و پەڕپووت، ئێمه خۆمان له خیلافەت قوتارکرد و تووڕمان هەڵدا، وەکو لاکه تۆپیو خستمانه سەرەنگوێلکی مێژووەوه)".[2]

* * *

(١) ڕۆژنامەکه دەڵێت: ئەتاتورك ئەگینا ئێمه وا ناڵێین، چونکه ئەتاتورك واته: باوکی تورکان، ئێمەیش بۆمان نییه وا بڵێین، چونکه وا نییه، جگه لەوەی ئەمه برا موسوڵمانه تورکه دینداره‌کانمان تووڕەدەکات.

(٢) هەمان سەرچاوەی: انور الجندي، ص١٩٢ ـ ١٩٤.

## باسی دووەم:

## لە جەنگەڵی عەلەمانییەتدا

لە ئابی (١٩٢٣ز)دا **(حیزبی جمهـــــــووریی گەل)** دامەزرا، کە زۆرینەی ئەندامەکانی لە **(جولەکەکانی دۆنمە)**[1] و **(ماسـۆنی)** بوون، لە (١٩٢٣/١٠/٢٠ز)شـدا کۆماری تورکیای نوێ ڕاگەیەنرا و ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمانـــ)ـــی بۆ هەڵبژێردرا و لە ژێر کۆمەڵێك هەڕەشە و فشاردا (مستەفا کەمال) کرا بە سەرۆکی کۆمار.

لەو ڕۆژانەدا کە لە لایەکەوە هەموو ساتێکی دەتوت ڕەهێڵەی دوای ساتی لافاوە، لە لایەکی تریشـــەوە دەتوت تێکچرژانی ئاهەنگە و جاڕچی دەگەڕێت و بانگەشـــە دەکات، کۆمەڵێك دانیشـــتنی خێرای ڕاوێژکاریی بەرەی (مســـتەفا کەمال) کرا و مســـتەفاش خێرا ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانیی بۆ بەستنی کۆبوونەوە بانگکرد، یەکەم ڕۆژی ئازاری (١٩٢٤ز) کۆبوونەوەی ئەنجومەن دەســـتی پێکرد، هەر لە ســـەرەتای وتاری یەکەمەوە دیاربوو کە مەبەســـت لەم کۆبوونەوەیە ئیلغاکردنەوەی ڕەسمیی خیلافەتە، بۆیە هەر لە یەکەم ساتیشەوە کۆبوونەوەکە بووە ڕەدد و بەدەلی شەڕەی قسە و، بەرهەڵستکارانی مستەفا کەمال هێشتا گوڕیان تێدا مابوو.

پێش کۆتایی کۆبوونەوەکە (مســتەفا کەمال) هەســتاو وتی: "بە هەر نرخێك بێت دەبێت ئەم کۆمارەی ئاوا مەترسیی لە سەرە بپارێزرێت، دەبێت لەسەر بنج و بناغەیەکی عیلمیی پتەویش بنیات بنرێت، خەلیفە، خیلافەت و ئاسەواری ئالی عوسمان پێویستە نەمێنن، دادگای کۆنی دینی و یاساکانی پێویستە کەنار درێن، دەبێ لە شوێنی ئەوان دادگا و یاسا و دەستووری هاوچەرخ بهێنرێتە پێشـــەوە، پێویســـتە قوتابخانەی پیاوانی دینی داخرێن و قوتابخانەی غەیرە دینیی نوێخوازیی حکومەت بێتە جێیان". ئینجا داوای کرد پەرلەمان مەرسـوومێك دەرکات کە بڕیاری

---

(١) جولەکەی دۆنمە: تاقمێکی ســـەر بەمەزهەبێکی جولەکەن، بەڵام ناویان ناوی ئیسـلامییەو سـاڵەهایە لەتورکیا دەژین، گۆڕستانیشیان نزیك گۆڕستانی موسوڵمانانە.

دەرکردنی خەلیفە و جوێکردنەوەی دینی لە دەوڵەت تێدا بە ڕوونی دەربخات.

بەم قسـانە ئەوەندەی تر موناقەشـەکان پەرەیان سـەند، یەکێك لایەنگیری دەکرد، دوو بەرپەرچیان دەدایەوە، یەکێك دەیوت نابێ، دووان دەیانوت دەبێ وا بێت...هتد. تا کۆتایی ئەو ڕۆژە نەگەیشـتنە هیچ ئەنجامێك. بۆ ڕۆژی دووەمیش هەر وا موناقەشـە و شـەڕە قسـە دەسـتی پێکردەوە تا ئێوارە و دواتر تا نیوەشـەو، نەخێر هەر توولی کێشـا تا سـەعات شـەش و نیوی سبەی؛ هەر نەگەیشتنە هیچ بڕیارێك...

بۆ ڕۆژی سێیەمی مانگی ئازاری (١٩٢٤ز) ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمانـ)ـی تورکیا بڕیارێکی ئیعلان کرد کە دەڵێ: "خیلافەت ئیلغابۆتەوە و دین لە دەوڵەت جوێ بۆتەوە..." مستەفا کەمال نەیهـێشت خەڵکی تا ساو بێنەوە سەرخۆ، خێرا فەرمانێکی سەرۆکایەتی لای خۆیەوە دەرکرد و ناردی بۆ جێبەجێکردنی لە (ئیسـلامبوول)، کە پێش هاتنی سـپێدەی سـبەینێ دەبێ (خەلیفە عەبدولمەجید) وڵات بە جێ بهـێڵـێت، ئینجا هەر خۆی بە سـوپایەکی پۆلیس و عەسکەرەوە کەوتە ڕێ بۆ (ئیسلامبوول) و پێش فەجر گەمارۆی کۆشکی خەلیفەی دا و لەگەڵ تاریك و ڕوونیی فەجردا خەلیفەی ناچار کرد سـەیارەیەك بگرێت و هەندێك جل و بەرگیان بۆ کردە جانتایەکەوە و کەمێکیش پارەیان دایە و بردیان بەرەو سـنووری سـویسـرا! تەنانەت نەیانهێشت ڕوو لە مەککە و مەدینەش کات!

ئینجا لە ماوەی دوو ڕۆژیشدا هەرچی ڕاوێژکار، ژن، ماڵ، منداڵ، حاشیە و دەستوپێوەندی خەلیفە هەبوو؛ هەر هەموویانی کۆکردەوە و بەرەو دەرەوەی وڵات دەری پەڕاندن! ئینجا کەوتە ئیلغاکردنەوەی دائیرە بە دائیرەی ئیسـلامی و سـڕینەوەی هەموو ئاسـەوارێکی خیلافەتی ئیسـلامی و ناو و ناوەڕۆکی. هەموو دائیرە دینییەکانی ئیلغاکردەوە و هەرچی پارە، زەویوزار و موڵکی ئەوقاف هەبوو؛ کردییە موڵکی حکومەت و، قوتابخانە ئیسـلامییەکانی داخسـت و بیناکانی کردە موڵکی وەزارەتی مەعاریف و چاودێریی حیزبییانەی خۆی -پێش دامەزراندنی دەزگای ئەمنی- لە سـەر هەموو گۆڕانکارییەکانی دانا. هەرچی دۆکیومێنتی ڕەسـمی دەوڵەتی

عوسمانی هەبوو یان لە دەستیاندا فەوتا، یان بە بێ بایەخ خستیانە کەنارەوە! ئێستا دوای هاتنی حکومەتی (ئۆردۆغان) لە تورکیا؛ فەرمانی داوە کە بایەخ بەو دۆکیومێنتانە بدرێت کە ئێستا (١٥٠) ملیۆن دۆکیومێنتی بە سەلامەتی ماوە!!

بەم شێوەیە (مستەفا کەمال) هەر چوار مەرجەکانی کەرەزۆنی وەزیری دەرەوەی ئینگلیزی جێبەجێ کرد، ئینجا وڵاتانی ڕۆژئاوا ئیعتیرافیان بە دەوڵەتی نوێی تورکیا کرد، سوپای ئینگلیزیش لە ئیسلامبوول و کەنداوەکان کشایەوە!

لە بەریتانیای مەزن! کە یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی ڕەخنەی لە حکومەتی بەریتانیا گرت کە بۆچی ئیعتیرافی بە تورکیا کردووە، کەرەزۆن وەڵامی دایەوە: "تورکیا بنبڕ کرا، لەناو برا، تازە هی ئەوە نەماوە سەرپێی خۆی کەوێتەوە، ئێمە ئەو وزە مەعنەوییەیان لەناو برد کە مایەی هێز و توانای بوو؛ 'خیلافەت' و 'ئیسلامەتی'یەکەی".(١)

* * *

ئاوا خیلافەت ڕووخێنرا و ئاوا ورد و خاش بوو، بەمەش ڕمانی دەوڵەت و دەستووری ئیسلامی پەستێورایە قوژبنێکی کەلاوەی مێژوو، ئاوا یاسا و ڕێسای دەستووری هەزارساڵەی ئوممەتێکی دیندار و زیندوو کرایە کەلەپوورێکی مۆزەخانە! ئاوا دیدی سیاسی و سیستەمێکی حوکمڕانیی ژیانی نیوەی سەر زەمینی زەمانی خۆی؛ کرایە کتێبە کۆنێکی لاتینیی وا کە پسپۆڕی خۆی نەبێت کەس لە پیتێکی تێ نەگات!! ئاوا ئەو دەوڵەتە بەرفراوانەی وەکو شێری پیر و نەخۆش، کە ترسی هەر مابوو؛ بووە وردە وڵات و کلکە دەوڵەت! لە جێی ئەو حاکمانەی ئامادەی تەنازولی بستێك خاکی فەڵەستین بۆ جولەکە نەبوون، کۆمەڵ کۆمەڵ سیاسەتمەداری

---

(١) عبدالقديم زلُّوم: كيف هدمت الخلافة. دار الأمة/ بيروت ١٩٩٠/٣، ص١٨٦-١٨٧.

دووڕووە، ترسنۆك، گەندەڵ و بودەڵە -هەر بە ناوی ئیسلامەوە- هاتنە شوێنیان!!

## ئەمە چ کارەساتێکە؟!

ئەوەی بە بیری ڕۆژئاوادا دەهات کە وەك پاڵی کۆمەڵکاریی ڕق و قین بە پەیکەری ئیسلامیەوە بنێت، ئەوەی کە زۆر سوکنایی دڵی پێ دەهات و ئاهێکی ئارامی تێ دەگەڕا پێی، ئەوەی دەمێك بوو بە سەدان نەخشە و پلان وەك پواز بۆ قاشکردنی ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامی دادەتاشی، ئا ئەمە بوو؛ ئەم گورزە گرانە بوو کە هەموو وڵاتانی ئەورووپای ئەو زەمانە پێکەوە هەڵیان سووڕاند و بە هەموو هێزیان بە جەستەی ماندووی زۆرانبازەکەی ئیسلامیان کێشا! دوای ئەم شەڕە تووڵانییەیان ئاهیان تێگەڕا و پێکی سەرکەوتنیان پڕ کرد؛ دوای ئەوەی ئاوا دەوڵەتێکیان ڕماند کە بە ناوی ئەو ئیسلامەوە حوکمی دەکرد کە ئەمان زیاتر لە هەزار ساڵ بوو لێویان لێ دەکرۆشت، بە ناوی ئوممەتێکەوە قسەی دەکرد کە لە هیچ جەولەیەکدا خۆی بە دۆڕاو نەدەزانی! بە ناوی دینێکەوە هاتبووە پێشەوە کە دەیوت دینی ئێوەشی پێ ئیحتیوا دەکەم؛ ئای کە ململانێیەکی قورس بوو.

لە جێی (دار الاسلام)؛ وڵات دروست بوو، لە جێی غیرەتی جیهاد؛ تۆوی کونجرەی تۆرانی، عرووبە، کوردایەتی و باقیی بانگەشە جاهیلییەکانی نەتەوایەتی چێنرا، هەر هەمووشیان بوونە کلکی تەور و پیرەداری وجوودی خۆیان دەبڕییەوە، لە جێی هەموو ئیعتیقاد و هەست و سۆزێکی برایەتیی دینی؛ کەڵبە لێکگیرکردنی دڕندەیی لە سەر ئێسکە مەترووکی عوسمانی پەیدا بوو، تورك و عەرەب، تورك و کورد، عەرەب و کورد، عەرەب و بەربەڕ، ئینجا عەرەب و عەرەب، کوردو کورد؛ بە دنەی ڕۆژئاوا لەو ڕۆژەوە شەڕە شۆقیانە لەسەر پاوەنی بێتاپۆ و قەرسیلی بەرماوە.

ڕۆژئاوا، کە دەوڵەتی عوسمانیی بە تورکیای نوێ و (مستەفا کەمال) ڕماند؛ وایزانی وەکو ئیمپڕاتۆرییەتی کاسۆلیکییەکەی خۆیان دینەکەشی پێوە ڕماندووە! بۆیە کەوتە نەقڵکردنی

تەجروبەکەی مستەفا کەمال بۆ ناوچەکانی تری وڵاتی موسوڵمانان، بۆ خۆشیان لە ڕۆژئاوا زۆریان کتێب لە سەر سەرکەوتنی خۆیان و مەفحکردنەوەی ئیسلام نوو سی؛ زۆر بە غروورەوە دەیانوت: "هەتا دنیا دنیا بێت جارێکی تر ئیسلام سەر هەڵناداتەوە".

## شێر مرد و جەستەی ئوممەت کەوتە بەر کەڵبە!

جەستەی ئوممەت، هەنجن هەنجن لە لاکۆڵانی مێژوودا کەوتە بەردەمی سەگەل!

ئەوی لەو نیوەدوورگەی عەرەبە هۆزی گەڕۆکی دووی حوشتر بوو، بوو بە خاوەن دەوڵەت و ئاڵا، حاکم لە دوای حاکمیشیان دەبوون بە واریسی کێشەی خەتکێشانی سنووری وڵاتەکانیان، وەکو قەتەر و بەحرەین، کە دەیانەوێت کێشەی سنوورەکەیان ببەنە دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای/ هۆڵەندا!!

یەك دەوڵەت و ئوممەت؛ بوو بە (٥٦) لەتە دەوڵەت و (٧٦) کەمایەتیی بێ ساحێب، کە ساڵانە لە بەرچاوی هەموو دەزگا نێودەوڵەتییە دووڕووەکانەوە لە فەڵەستین، ئەفغانستان، حەبەشە، بۆسنە و چیچان سەر دەبڕرێن، ڕیشەکێش دەکرێن و کەس لە سەریان هەڵناداتێ! (٥٦) دەوڵەت! بەڵام زەبەلاحەکانیان وەکو ئەندۆنیسیا (کە ٢٣٦ ملیۆنە)، یان پاکستان (کە ١٥٠ ملیۆنە)، یان نەیجیریا (کە ١٤٠ ملیۆنە)، یان تورکیا (کە ٧٢ ملیۆنە)، حوکمی عەسکەر؛ حکوومەتە هەڵبژێرراوەکەشیان وەك گاگەل لە تەنگژەیەکەوە دەبات بۆ تەنگژەیەکی تر! لە هەموو هەڵبژاردنی وڵاتی داماوی موسوڵمانانیشدا حاکم (٩٧,٩٩٪)ی دەنگەکان دەهێنێت! دەڵێی موسابەقەی ئەسپە بەڵام بە یەك بارگیری لات!

ڕۆژئاوایە کە دیکتاتۆرییەت لە وڵاتی موسوڵماناندا زەرع دەکات! بۆیە هەر ئەویش بەرپرسە لە کاولکاریی وڵاتی موسوڵمانان. ڕۆژئاوایە کە دیکتاتۆر لە دوای دیکتاتۆر دێنێتە پێشەوە، جا ئەو دیکتاتۆرە سەربازێکی فاشیلی تاکڕەوی وەکو (قەززافی) و (موشەڕڕەف)ـە، یان تیرە و

هۆزێکی دیکتاتۆری وەکو (ئال سـعوود)ە، یان حیزبێکی چەتەگەرییە وەکو (بەعسـی عێراق و سووریا).

ئیلغاکردنەوەی خیلافەت هەتیو بوونی ئوممەتەکە بوو، نەك هەر لە تورکیا، بەڵکوو لە هەموو جیهاندا! چونکە دوا بە دوای ئەو، نەك هەر ڕێ لە کاری سـیاسـیی ئیسـلامی گیرا، بەڵکوو لە هەموو شـوێنێك بوو بە تۆمەتی خیانەت! تەنانەت کەمالییەکان لە نەفیکراوێکی وەکو (شێخی نەورەسیـــ)ـــی ڕەحمەتییان قبووڵ نەکرد لە مەنفاکەشی حەلەقەی زیکری سۆفێتی دامەزرێنێت! لە هەموو شـوێنێك موسـوڵمانان زەلیل کران، چونکە هەموو کەس لێدان و چەوساندنەوەیانی لا ببووە ماف و ئەرکی نیشتیمانیی خۆی! لە هەموو شوێنێك ئیسلام لە حوکم دوورخرایەوە، یاسـا و ڕێسـا و بڕیاری دادگاییەکانی ئیلغاکرایەوە و شـەریعەتەکەی لە کتێبی فیقهیدا قەتیس ما! هەر کەس بیوتایە "شـەریعەت باشـە"؛ دەدرایە دادگا! مزگەوتەکان دەڕووخێنران یان دەکرانە باڕ و سەماخانە و گەوڕی ئاژەڵ، یان دەکرانە بارەگای حیزبی، زمانی عەرەبی لە تورکیا و وڵاتانی تر خرایە سـەنگەری ئەوبەر، تەنانەت کە لە تورکیا پیتی عەرەبی بۆ لاتینی گۆڕا، لە میسـریش لە ژێر سێبەری حوکی قەومیی ناسریدا هەوڵی گۆڕینی بۆ لاتینی دەدرا! ئیدی لای سـۆماڵی (محەمەد سـیاد بەری) کەی غەریبە؟ یان لای کوردێکی گەلۆر و ڕقن؟!

## (١٠،٠٠٠) مەلا کوژران!

بزووتنەوەی ئیتتیحاد و تەرەقییەکەی کەمالییەکان لەتورکیا، جیهانی ئیسـلامییان خسـتە دژوارترین قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسـلام و ڕۆژئاواوە، چونکە زاتی ڕۆژئاوایان وا شـکاند جورئەتی ببێت دەیان پەیوەندیی بیروباوەڕ و هەسـتوسـۆز بێنێتە جێی پەیوەندیی برایەتیی دینیی ئیسـلامییەوە! ئینجا جورئەتی ئەوەیان دا بە خۆیان و بە دوای خۆیان کە لە هەموو شـوێنێکدا حوکمی ئیسـلام بخرێتە لاوە و کلتووره بێدینییەکانی پێش ئیسـلام زیندوو بکرێنەوە، فیرعەونی،

فینیقی، پەهلەوی، سانسکریتی کۆن و...هتد. ئەمەشیان دەکردە پلان و وەکو ئاگر لە پووشووی بێ ساحێبی هەموو وڵاتێکی موسوڵمانانیان بەر دەدا.

## خیلافەت کەوت

بەکەوتن و ئیلغاکردنەوەی ڕەسمیی ئەو لە (١٩٢٤/٣/٣ز)ەوە دەزگاکانی فێرکردنی ئیسلامی لە پایتەختی ئیسلامەکەدا داخران! ئینجا دوای ساڵێك فێرکردنی قورئان و ئیسلامەتی بوو بەتاوان و دەیان هەزار موسوڵمانی لەسەر دادگایی کرا!

ئەوەی مستەفا کەمال بە ئیسلامی کرد، جارێ تا چەندین ساڵ بیرمەندانی ئیسلامەتی لە هەموو جیهاندا تاساند، زانایانی حەپەساند، گۆڕانکارییە کەمالییەکان دەتوت خولخلۆکەن و هەڵدەسووڕێن، تەنانەت ڕۆژانەش نەبوون؛ ساتانە بوون!!! کاردانەوەکانیشیان مانگانەش فریا نەدەکەوت، کەس فریای توێژینەوەی گۆڕانکاریی پێشوویان نەدەکەوت تا پلانێکی دژیان داڕێژێت، ئەمان گۆڕانکارییەکی تریان دادەهێنا؛ لەوی پێشووتر قورستر! کە کەمالیزم لافاوی ڕۆژئاوای هێنایە سەر موسوڵمانان، کەس فریای کەلێنگرتن نەکەوت! چونکە کەمالیزم دید و بۆچوونی فەلسەفیی ڕۆژئاوای پڕا و پڕ کردە قاڵبی ئیسلامەکەوە! ئیدارە و سیستمی ئەورووپای بە تەواوی هێنایە قاڵبی حوکمڕانیی عوسمانییەوە و، هەر قاڵبێکی عوسمانی یاسا و ڕێسای ڕۆژئاوای لە خۆ نەگرتایە، تووڕی هەڵدەدا! هەموو ڕۆژێك پەرلەمان بڕگە یاسایەکی کوفری دادەتاشی؛ ئەمڕۆ ئیلغای خیلافەت، سبەی ئیلغاکردنەوەی بانگ بەعەرەبی، دوو سبەی زەواجی مەدەنی لەجێی مارەیی ئیسلامی، چوار سبەی یاسای میرات و...هتد. کەس فریای ئەوە نەدەکەوت بیانخوێنێتەوە، چونکە ڕۆژئاوا پەلەی بوو، کەمالیزمی کردبوو بە شۆفلی ڕووخاندن، نەیدەهێشت یەك لەحزەی ئەو هەلە مێژووییەی لەدەستچێت، دەبوو ئەوەی ئیسلام و ئوممەتەکەی بە (١٢٠٠) ساڵ دروستیانکردبوو، ئەم خێرا بە (١٢٠٠) ڕۆژ لەڕیشەوە هەڵیکێشێت. ئەمەیش پەلەکردنی دەخواست، بۆیە (١٠٠٠ر١٠) مەلا کوژرا! هەرچی قوتابخانەی ئیسلامی هەبوو ڕمێنرا! تەنانەت ڕێ بەهیچ تەکییەیەکی سۆفیگەرییش نەدراو

هەموویان تەپێنران! ئیســـلامبولێك كە (٥٠٠) مزگەوتی تێدابوو، هەموویان ڕووخاند! مەگەر چەند مزگەوتێکی مێژوویی وەک (ئایا سۆفیا) کە لەسـاڵی (١٩٣٤ز)دا کردیان بەمۆزەخانە![1] دەبوو ڕۆژانە هەزاران کەلەپووری ئیسلامی لە ئا ساری مۆزەخانە و دە ستنووس و شتی بەنرخ بفرۆشن، یان بیانفەوتێنن! دەبوو بەدە ستی ڕا ست پیك بەئیسلام و ئا سەواریدا بکێشن و بەدەستی چەپیش، خێرا شتێکی ڕۆژئاوایی لەجێی ئەو ئاسەوارەدا دابنێنەوە!

ئاوا تورکیای سکوڵەریستی بێدینی هاتە بوون و خەڵکانی تریشی بۆ هاندرا؛ (ڕەزا شا) لە ئێران، (ئەمانوڵڵا خان) لە ئەفغانستان، (مستەفا کامیل) لە میسر و...هتد.

هەرچەندە ئێستا ڕۆژئاوا کۆستیکەوتووە، خەمبارە، کە دەبینێت (ڕەجەب تەیب ئەردۆغانـ)ـی ئیسـلامی لە تورکیاکەی کەمالیسـتیدا بەئیسـلام دێتەوە پێشـەوەو بەرەو ئەوروپایشـی دێنێتەوە. هەرچەندە قولە کۆیلەی وەکو موشـەڕەفی عەسـکەریی پاکسـتان تازەبەتازە لەم زەمانی ڕابوونە بەهێزەی ئیسـلامدا دەیوت: "من زۆر بەکەمال ئەتاتورك موعجیبم"، بەڵام ئەمە هەر لە فیشـەکی چرووك دەچێت!

* * *

(١) لەدوای (٨٦) ساڵ و لە (٢٠٢٠/٧/١٠ز)دا جارێکی تر لەژێر دە سەڵاتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغاندا، لەمۆزەخانەوە گۆڕرایەوە بۆ مزگەوت.

# پاشکۆ

## لیستی ڕووداوە کاریگەرەکانی سەد ساڵی کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی

- (١٨٢٦/٤/٤) شەڕی ( شەمکار)ی نێوان ڕووسیا و فارس (ئێرانی ئەو کاتە)، فارسەکان تێیدا شکان و ڕووسەکان هاتن و تەورێزیان داگیرکرد، بەمەش فارس تەنازولی لە نەخچەوان و یەریڤان کرد بۆ ڕووسیا.

- (١٨٢٩/٨/١٩) ڕووسیا ناوچەی ئەدرنەی عوسمانیی داگیر کرد، پاشان ڕێککەوتنێکی زەلیلانەی بە عوسمانییەکان مۆر کرد! کە بە پێی ئەوە دەوڵەتی عوسمانی دەسبەرداری یۆنان دەبێت و ئیعتیراف بە سەربەخۆییەکەشی دەکات.

- (١٨٣٠) داگیرکردنی جەزائیر لە لایەن فەڕەنساوە.

- (١٨٣٠) سربیا یەکەمین ئیمارەتی سربیی سەربەخۆی لە دەوڵەتی عوسمانی داڕنی.

- (١٨٣٠) یۆنان ئازادیی خۆی ڕاگەیاند.

- (١٨٣٢) بەریتانیا هیندستانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، (تا ئەو ساڵە دەوڵەتێکی مەغۆلیی ئیسلامی بوو).

- (١٨٣٦) بەریتانیا سەنگافورەی داگیرکرد، کە هەرێمێك بوو لە مالیزیا.

- (١٨٣٩/٧/١١) ڕۆژئاوا لە دەرەوە و لە ناوەوە سوڵتانیان ناچارکرد گۆڕانکاریی لە یاسا، دەستوور و ئیدارەدا بکات بە ناوی "فەرمانی گوڵخانە".

- (١٨٤١) کێشە و پشێوی لە ناو مەسیحی و دروزەکانی شامدا سەری هەڵدا.

- (١٨٤٧) کۆمەڵەی (زانست و هونەر) لە بەیرووت لە ژێر سەرپەرشتیی تیمە

مەسیحییەوانەکانی ڕۆژئاوادا پێك هات.

- (١٨٥٣- ١٨٥٦) ( جەنگی قیرم) - کە بە هەڵە دەوترێت قەرەم- لە نێوان عوسمانی و ڕووسیادا هەڵگیرسا.

- (١٨٥٥) دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان دەوڵەتی عوسمانیان ناچارکرد بۆ جاری دووەم دەستوور بگۆڕێت، بەرنامەی گۆڕانکارییەکە ناونرا "خەتی هەمایۆن".

- (١٨٥٧) بەریتانیا شاری بوشەهر و موحەممەرە (خوڕەم شەهر)ی ئێرانی داگیر کرد.

- (١٨٥٧) بەریتانیا بە تەواوی هیندستانی خستە ژێر ڕکێفی خۆیی و، بە ڕەسمی کۆتایی بە دەوڵەتی ئیسلامی لە هیندستان هات و، شۆڕشی گەورەی هیندستان بەرپا بوو.

- (١٨٥٨-١٨٦٣) دەوڵەتی عوسمانی یاسای ئەورووپایی لە سزادان، بازرگانی و خاوەنێتی زەوی و زاردا وەرگرت و بە ڕەسمی کردی بە یاسای دەوڵەتی عوسمانی.

- (١٨٦٢) دامەزراندنی (کۆلێژی پرۆتستانتی مەسیحییەوانی) لەبەیروت، کە دواتر ناوی گۆڕرا بۆ (زانکۆی ئەمریکی)، ئێستا چەندین لقی تری لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا هەیە، بەڵام لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا تەنها لەهەرێمی کوردستاندا دوو لقی هەیە! یەکێکیان لەشاری سلێمانی ساڵی (٢٠٠٧ز) کرایەوە و ئەوی تریشیان لەشاری دهۆک ساڵی (٢٠١٤ز) کراوەتەوە.

- (١٨٦٦) هەڵاتنی گەلانی چەرکەسی موسوڵمان لە بولگاریا و سڕبیاوە لە دەست چەوسانەوەی ڕووس و گەیشتنیان بۆ بەڵقان.

- (١٨٦٧) بەرپابوونی شۆڕشی دوورگەی کریت دژی عوسمانییەکان و گەیشتنی هەزاران یۆنانی بۆ یارمەتیدانیان.

- (١٨٦٩) فەڕەنسا تونسی داگیرکرد.

- (١٨٧٥) شۆڕشی سربییەکانی بۆسنە دژی دەسەڵاتداریی عوسمانی.

- (١٨٧٥) دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نهێنیی مەسیحییەکانی شام لەسەر بنەمای نەتەوایەتیی عەرەبی دژی دەوڵەتی عوسمانی، بەو ئیعتیبارەی تورکن و خیلافەتی ئیسلامییان لە عەرەب زەوت کردووە و وازی لە دینداریی هێناوە!

- (١٨٧٥) (شۆڕشی هەرزەگۆڤینا) دەوڵەتی عوسمانیی خستە تەنگەژەوە.

- (١٨٧٦/٥/٣٠) مەدحەد پاشای جولەکە، کە وەزیری دادپەروەریی عوسمانی بوو، بەیارمەتیی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا؛ سوڵتان عەبدولحەمیدی لەدەسەڵات هێنایە خوارەوە، چونکە بەو گۆڕانکارییانە ڕازی نەبوو، کە خستبوویانە بەردەستی.

- (١٨٧٦/٨) یەکەمین دەستووری دەوڵەتی عوسمانی؛ "دەستووری مەدحەت پاشا" ڕاگەیەنرا.

- (١٨٧٧/٤) ڕووسیا جەنگی دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند و لەشکری گەیاندە نیوەدوورگەی بەڵقان.

- (١٨٧٧/١٢) شاری بیلفنا کەوتە دەست ڕووس، بەمەش مەترسی لەسەر (ئەستانە)ی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی دروست بوو، بۆیە سوڵتان ناچار کرا کە گرێبەست (عەقد)ێك لەگەڵ ڕووسیادا ببەستێت، کە مەرجەکانی قورس بوون، ناسرا بە (مەرجەکانی سان ئیستیفانۆ).

- (١٨٧٨) سەرکەوتنی ڕوو سیا و دامەزراندنی ئیمارەتێکی بولگاری، کە هەر بە ناو سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو.

- (١٨٧٨/٦/١٣) بەستنی (کۆنگرەی بەرلین) لە نێوان دەوڵەتە گەورەکانی ئەو کاتەی ئەوڕووپادا (ئینگیلتەرا، فەرەنسا، ڕووسیا و ئەڵمانیا)، کە چوار هەفتەی خایاند و، لە کۆتاییدا بڕیاریان دا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کە ناویان نابوو "مەسەلەی ڕۆژهەڵات" و "پیاوە نەخۆشەکە"؛ لە خۆیان دابەش کەن! ئەم کۆنگرەیە **خەتەرترین** کۆنگرە بوو کە دژی ئیسلام داڕێژرا.

- (١٨٨٢) میسر بووە وڵاتێکی ژێر دەستەی ڕەسمیی بەریتانیا.

- (١٨٨٤) دابڕینی تورکستان لە دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن ڕووسیاوە.

- (١٨٩٦) (تیۆدۆر هێرتزل)ی (دامەزرێنەری بزووتنەوەی زایۆنیزم) داوای لە سوڵتان عەبدولحەمید کرد ڕێ بە جولەکە بدات بۆ فەڵەستین کۆچ بکەن، لە بەرامبەریشیدا جولەکە هەموو قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەبژێرن، بەڵام سوڵتان ڕەفزی کرد.

- (١٨٩٦) دامەزراندنی کۆمەڵی ئیتتیحاد و تەرەقیی تورکەکان.

- (١٨٩٧) دەوڵەتە زلهێزەکان دەوڵەتی عوسمانیان ناچارکرد حوکمی زاتی بداتە دوورگەی کریت.

- (١٩٠٤) فەڕەنسا بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەریتانیا بەشێکی مەغریبی داگیر کرد.

- (١٩٠٤) ئیسپانیا شاری تەتوانی مەغریبی بۆ خۆی داگیر کرد.

- (١٩٠٥/٧/٢١) لەو کاتەی سوڵتان عەبدولحمید دەچوو بۆ نوێژی جومعە، (ئیدوارد جۆریە)، کە گەنجێکی ئەرمەنی بوو ٨٠ کیلۆ تەقەمەنی و ٢٠ کیلۆ پارچە ئاسنی خستە مەوکیبەکەیەوە، کە تەقییەوە و بووە هۆی کوشتن و بریندار بوونی ٨٤ کەسی دەوری سوڵتان - زۆرینەیان سەربازە پاسەوانەکانی بوون-، بەڵام سوڵتان خۆی بەر نەکەوت. حوکمی ئیعدام بۆ کابرا دەرچوو بەڵام سوڵتان لێی خۆشبوو.

- (١٩٠٨) بولگاریا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند.

- (١٩٠٨/٤/٢٦) (شۆڕشی بزووتنەوەی ئازادیخوازان) بە سەرۆکایەتیی (ئەنوەر پاشا) و (نیازی پاشا) دژی سوڵتانی عوسمانی (عەبدولحەمید) بەرپا بوو، شۆڕش سەرکەوت و سوڵتانیان هێنایە خوارەوە و سیستمی دەوڵەتیان کرد بە دەستووری پەرلەمانی.

- (١٩١١) ئیتاڵیا لیبیای داگیر کرد.

- (١٩١٢) فەڕەنسا هەموو مەغریبی داگیر کرد.

- (١٩١٢) تێکشکانی سوپای عوسمانی لە بەرامبەر سوپای یۆنان، سرب، مەقدۆنیا و بولگاریا.

- (١٩١٢/٢) سنووری تورکیای نوێ لە لەندەن دیاری کرا کە لە کوێوە تا کوێ بێت.

- (١٩١٣) پەیمانی (بوخارست) ئیمزا کرا، کە بە پێی ئەوە دەوڵەتی عوسمانی زۆرینەی ناوچەکانی ئەورووپای لە دەستدا.

- (١٩١٤) هاندانی حوسەینی کوڕی عەلی؛ والیی عوسمانی لە حیجاز، لە لایەن بەریتانیاوە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش دژی دەوڵەتی عوسمانی.

- (١٩١٤- ١٩١٨) داگیرکردنی هەموو عێراق لە لایەن بەریتانیاوە.

- (١٩١٦) ( پەیمانی سایکس-پیکۆ)ی نێوان بەریتانیاو فەڕەنسا بۆ دا بەشکردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا مۆرکرا!

- (١٩١٧/١١/٢) ( پەیمانی بەلفۆر؛ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا) بۆ جولەکەکانی جیهان ڕاگەیەنرا، کە دەڵێت: "بەریتانیا یارمەتیی نەتەوەی جولەکە دەدات، بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ خۆیان لەفەڵەستیندا".

- (١٩١٨/٤) لینین لە سۆڤییەت بڕیاری بۆ سوپای ڕووسی دەرکرد کە وڵاتە ئیسلامییەکانی باشوور داگیر بکەن!

- (١٩١٨) ڕووسیا بە (٦٠٠٠٠) سەربازەوە هێرشی کردە سەر وڵاتە ئیسلامییەکانی ئۆراڵ، قەوقاز و تورکستان.

- (١٩١٨) بەریتانیا هەموو فەڵەستینی داگیر کرد.

- (١٩١٩) ڕووسیا کۆماری ئالاشی داگیر کرد.

- (١٩١٩/٨/٩) بەریتانیا پەیمانێکی لەگەڵ دەوڵەتی فارسـدا مۆر کرد، کە بە پێی ئەوە بەریتانیا چەك، ئەفسەر و مەشقەوان دەداتە فارس.

- (١٩٢٠) (کۆماری ئیسلامیی خێوە) دوای شەڕ و پێکدادانێکی خوێناوی بە دەستی کۆمۆنیستەکان ڕما.

- (١٩٢١) ڕمانی (کۆماری ئیسلامیی بوخارا) بە دەستی کۆمۆنیستەکان، دوای ئەوەی دە ساڵ توانیی خۆی لەبەر هێرشەکانی ڕووسدا ڕاگرێت.

- (١٩٢٥/٢) کۆدەتای (ڕەزا شا)ی ئێران بە یارمەتی بەریتانیا بەسەر (عەلی ئەحمەد شا)ی قاجارییەکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکوڵەریستی لەسەر نموونەی تورکیای نوێ.

- ١٩٢٢ ڕووسیای سۆڤییەتی وڵاتی قیرمی بەتەواوی کەوتە بەردەست، دوای ئەوەی دانیشتووانەکەی بە کوشتن و دەرکردن ڕیشەکێش کرد، تا ساڵی (١٩٤٠ز) لە (٥,٥) ملیۆن کەس، بڕی (٤٠٠) هەزار کەسیان مانەوە.[١]

- (١٩٢٢/١١/١) بە ڕەسمی سەڵتەنەت وەکو سیستمێك لە تورکیای نوێدا ئیلغابۆوە و ویسترا پلەی خیلافەت وەك پلەی (پاپایەتی ڤاتیکان)ی بۆ موسوڵمانان لێ بکرێت.

- (١٩٢٢/١١/١٨) سوڵتان محەمەدی شەشەم لە دەسەڵات هێنرایە خوارەوە.

- (١٩٢٣/٨) حیزبی کۆماری گەل لە تورکیا دروست بوو، کە زۆرینەی ئەندامەکانی لە ماسۆنی و جولەکە بوون.

- (١٩٢٣/١٠/٢٠) (کۆماری تورکیای نوێ) ڕاگەیەنرا.

- (١٩٢٤/٣/٣) (خیلافەتی ئیسلامی) بە ڕەسمی ئیلغا کرایەوە.

---

(١) کۆمۆنیستەکانی یەکێتیی سۆڤییەت (٢٢) ملیۆن موسوڵمانیان لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٤١)دا کوشت، هەروەها ماوتسی تۆنگ لەچین بڕی (١٧) ملیۆن موسوڵمانی کوشت!.

- (١٩٢٥) (عەلی عەبدولڕەزاق) کە مەلایەکی ئەزهەریی میسری بوو، ئەندامی حیزبی (الاحرار الدستوريين) بوو، کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (ئیسلام و بنەماکانی حوکم)، کە تێیدا نەفیی هەموو بەڵگە، ڕێسا و بنەمایەکی ئیسلامی دەکات کە بۆ سیاسەت و حوکمکردن داڕێژرا بێت.

- (١٩٢٦) (تەها حوسەین) کە پێی دەوترا عەمیدی ئەدەبی عەرەبی، کتێبێکی بە ناوی (في الشعر الجاهلي)یەوە دانا، کە هێرشێکی ڕاشکاوانە دەکاتە سەر ئیسلام و قورئان و چیرۆکەکانی بە ئەفسانە دەداتە قەڵەم. ئەمەش ڕێخۆشکردنێك بوو بۆ هەموو جۆرە پێشێلکارییەکی موقەددەساتی ئیسلام لەوە و دوا.

* * *

# بەندی دووەم: کاردانەوە و تێهەڵچوونەوە

باسـی یەکەم: سـەروەریی شـەرع، یان نەمان (خەباتی ئیسـلامیی مەحرومان)

باسی دووەم: ڕەنجی نەزۆکی دەستەمۆ (خەباتی ئیسلامیی ڕەسمی)

باسی سێیەم: تۆکمەتر و پشوو درێژانە (خەباتی ئیسلامیی سیاسی)

کاردا نەوەی ئەوکا تەی موســولّما نانی جیهان بەرانبەر ڕما ندنی دەوڵەتی عوســمانی و ئیلغاکردنەوەی خیلافەت، بەگشتی لەسێ شێوە بزاوتدا دەرکەوت:

## یەکەم: سەرووەریی شەرع، یان نەمان (خەباتی ئیسلامیی مەحرومان)

لەو بزووتنەوە جیهادییانەدا دەرکەوت کە ڕووبەڕووبوونەوەی دەســەڵاتی نوێی کوفریان هەڵبژارد و جوامێرانە هەوڵی هێنانەوەی دە سەڵاتی حوکمڕانی ئیـ سلامیان دایەوە. (کاردانەوە و پوکانەوەیان).

## دووەم: ڕەنجی نەزۆکی دەستەمۆ (خەباتی ئیسلامیی ڕەسمی)

لەوەدا دەرکەوت کە مەلاکان پێیان وابوو کە ئەم حکومەتانەی ژێر سایەی ئیستیعمار کافر نین و هەر لە گەلەکەی خۆمانن، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی یان لە ترسان یان هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت کە کردوویانە، بۆیە نابێ بە ناشــەرعییان بزانین و لێیان هەڵگەڕێینەوە، ئەمانە شــێخی تەریقەت و مەلای ڕەسمی ئەوقافن و تا ئێستاش هەر وان.

## سێیەم: تۆکمەترو پشوو درێژانە (خەباتی ئیسلامیی سیاسی)

دیدی فیکری ململانێ و کۆمەڵکاریی سیا سییە، کە لە (١٩٢٨ز)دا لە (میســــر) لە سەر دەستی (ئیمام حەسەن بەننا)، لە (١٩٤١ز) لە (نیوەدوورگەی هیندستان) لەسەر دەستی (ئیمامی مەودوودی) و لە (١٩٤٥ز) لە (ئەندۆنیسیا) لە سەر دە ستی (د. محەمەد ناسر)دا دە ستپێکرد، (ڕەحمەتی خوایان لێبێت).

ئەم سێ حزبەش بەدایکی هەموو کۆمەڵە سیاسییەکانی تر دادەنرێن.

## باسی یەکەم:

# سەروەریی شەرع، یان نەمان

## (خەباتی ئیسلامیی مەحرومان)

### جیهاد بۆ هێنانەوەی حوکمی شەریعەت

هیجرەت لە ئیسلامدا قۆناغێکی ئیمانی نێوان باوەڕهێنان و جیهادکردنە، بۆیە خوای گەورە لە سورەتی ئەنفالدا بە دوای یەکدا بەو ڕیزبەندییە هێناونی کە دەفەموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ...﴿٧٢﴾﴾ {الأنفال: ٧٢}، واتە: ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێنا و هیجرەتیان کرد و لەبەر خاتری خوای گەورە جیهادیان کرد... .

هەر لەبەر گرنگی و کاریگەریی هیجرەتە کە لە شەرعدا هەر لە کۆنەوە پەیوەندییەکی جەدەلی لە نێوان زاراوەی هیجرەت و زاراوەی جیهاددا هەیە، نەك هەر بەوەی کە هیجرەت قۆناغی ئامادەسازی و یەکلاییبوونەوەیە بۆ جیهاد؛ بەڵکوو بەوەش کە هەر کاتێك لە وڵاتێکدا ئەحکامی شەرع یا سا نەما، ئەو وڵاتە دەبێتە دارولکوفر و هیجرەت لە سەر موسوڵمانانی فەرز دەبێت، ئینجا جیهادەکەش بۆ هێنانەوەی دارولئیسلام فەرز دەبێتەوە.

لەو کاتەی وڵاتانی ئیستیعماری ڕۆژئاوا هاتنە وڵاتی موسوڵمانانەوە ئەو جۆرە ئەحکامانەی شەرع دەربارەی پەیوەندیی نێوان موسوڵمان و مەسیحی کە لە زۆر شوێندا نەمابوون، هاتنەوە پێشەوە و ئەمجارە ئەحکامێکی تری موفاسەڵە و لێکدابڕانیان -نەك پێوەست بوون- لەسەر پێکهات، چونکە وڵاتە ئیستیعمارییە مەسیحییەکان کە هاتنە وڵاتی موسوڵمانانەوە وەکو ئەهلی زیممە، دۆست و خاوەن ئەمان نەهاتن، بەڵکو وەکو داگیرکەر و بکوژی دوژمنێکی سەرسەخت و ڕقن هاتن، وەکو هێزێکی کافری شەڕانی هاتن، وەکو جەردە، دز و ڕووتێنەر هاتن!! بۆیە لە زۆرینەی وڵاتانی ئیسلامدا ئەحکامە شەرعییەکانی دارولئیسلام و دارولکوفر هاتنەوە پێش و هەڵوێستیان لەسەر دروست کرایەوە. بۆ نموونە لە هیندستان، وڵاتانی عەرەبی باکووری ئەفریقا، سوودان، قەوقاز و کوردستان، کە هەموو موسوڵمانانی ئەم وڵاتانە لە سەرەتاوە زۆر بە

گیانفیداییانه کەوتنە جیهادێکی سـەخت کە لە زۆر شـوێندا هەر لە سـەرەتاوە دیار بوو کە موسوڵمانان شکست دەخۆن، بەڵام ئەم بزووتنەوە جیهادییانە هەرچەندە هەموویان تێداچوون و لە هیچ ناوچەیەکی وڵاتی موسـوڵمانان‌دا نەتوانرا دەوڵەتێکی ئیسـلامی دابمەزرێنن -چونکە موسوڵمانان بە هێزێکی زۆر نابەرابەرەوە دەبوو ڕووەوڕووی هێزی ئیستیعماری ئەورووپا ببنەوە!- بەڵام هەر نەیانهێشـت پرۆژەی ئیسـتیعمار لە وڵاتی موسـوڵمانان‌دا خۆی بگرێت، توانیشـیان (زەمینەیەکی فیکریی بەرگری) و (دیوارێکی دەروونیـــ)ـــی وا دروسـت کەن کە زۆرینەی موسوڵمانان لەوە بگێڕنەوە کە بە دەم لافاوی شارستانێتی ڕۆژئاواوە بڕۆن، لەو بزوتنەوانە:

## یەکەم: بزووتنەوەی خیلافەت لە هیندستان

لەگەڵ زیادبوونی نفووز و دەســەڵاتی بەریتانیا لە نیوەدوورگەی هیندســتان و تین و فشارهێنان بۆ موسوڵمانان، دەسەڵاتی سوڵتانی ئیسلامیی مەغۆلە موسوڵمانەکان لە نیوەدوورگەی هیندســتاندا گرژتر دەبوو، تا هاتە ســەر ناوی بێ ناوەڕۆك و تەنانەت ئەویش لە ســاڵی (١٨٥٧ز)دا بە یەکجاری نەما؛ تا ئەم ســاڵەش موســوڵمانانی هیندســتان وەلائیان نەدەدا بە دەوڵەتی عوسمانی کە بە ڕەسمی لە (١٧٧٤ز)ەوە بە ناوی خیلافەتەوە حوکمیان دەکرد! چونکە زانایانی هیندستان لە پێش هەمووشیانەوە (شا وەلیوڵڵای دەهلەوی) بەوە ڕازی نەبوون! چونکە فیقهی حەنەفی تەئکید لەوە دەکاتەوە کە دەبێ خەلیفە لە قورەیش بێت، بەڵام دوای نەمانی دەسەڵاتی فیعلی و شکڵی لە دەست موسوڵمانان؛ بە ناچاری موســوڵمانان بە ئومێدی ئەوەی خیلافەتی عوســمانی بێ بە هانایانەوە تا کۆیان بکاتەوە، ڕوویان کردە ئەوان. ئەمەش لە ســاڵانێکدا بوو کە پەیوەندیی نێودەوڵەتییانەی عوســمانییەکان و بەریتانیا بەرەو باشتر چوو بوو! هەر واش مانەوە تا جەنگی جیهانیی یەکەم، کە دەوڵەتی عوســمانی چووە بەرەی ئەڵمانیاوە و دژی بەریتانیا وەســتایەوە، بەمەش تینێکی ئیزافی کەوتە ســەر ئەو موســوڵمانانەی وەلائیان دابوو بە دەوڵەتی عوسمانی.



شێخ محەمەد عەلی

لە هیندستان بیرمەندی ئیسلامی (شێخ محەمەد عەلی)، بزووتنەوەیەکی پێکهێنابوو بە ناوی (بزووتنەوەی خیلافەتی ئیســلامی)، بۆیە بەریتانییەکان لە هەموو ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە زیندانیان قایم کردبوو، نەبادا بەرەیەکی شەڕ بە موسوڵمانانی هیندستان بەرامبەریان بکاتەوە.

بزووتنەوەی خیلافەت لە ماوەی دە ساڵدا هەست و هۆشی هەموو موسوڵمانانی هیندستانی خرۆشاند و کاریگەریی لە سەر ئەوەش هەبوو کە نەهێڵێت خیلافەتی ئیسلامی لە ئەستانە (تورکیای ئەوسا) ئیلغا بێتەوە، یان لانی کەم ئەو کارە دژوارەی دواتر خست؛ لە هەمان کاتیشدا هەوڵی دانانەوەی خیلافەتێکی بەدیلی تورکەکانی لە عەرەب یان لە موسوڵمانانی هیندستان دەخواست. ئەمە جگە لەوەی توانیبووی لە ژێر دەسەڵاتداریێتیی دوژمنکارانەی بەریتانیادا هەستی یەکێتیی لە موسوڵمانانی هیندستاندا -کە کەمینەش بوون- لە ناو دەریایەکی هندۆسیدا دامەزرێنێتەوە؛ هەموویانی وا لێ کردبوو کە وڵاتەکە بەو سیفەتە بپارێزن کە دارولئیسلامی خۆیانە و نابێت بهێڵن ببێتە دارولکوفر.

بزووتنەوەی خیلافەت بزووتنەوەیەکی جیهادی بوو، دەیخواست یەکبوونی موسوڵمانان بپارێزێت، دەیویست بە عەقیدەکەوە پەیوەست بە دارولئیسلامەوە ببن. لە کۆتایی تەمەنی بزووتنەوەی خیلافەتدا بزووتنەوەیەکی تر هاتە پێش؛ (بزووتنەوەی هیجرەت)، کە بیرمەندی ئیسلامی (ئەبولکەلام ئازاد) لە ساڵی (١٩٢٠ز)دا بانگەشەی بۆ کرد. ئەم بزووتنەوەیە هەر وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە کە لە ڕە شبینی و بێئومێدی لەدە ستدانی دە سەڵاتەوە هاتە سەر پارا ستنی زاتی مو سوڵمانەکان، کە وەکو هەتیوی بێ پەنا کەوتبوونە بەر شاڵاوی چەکدارییانەی دوژمنانی سیخ و هیندۆسی و بەریتانی، هەموو هەر دەیانچەوساندنەوە! ئەبولکەلام ئازاد فەتوای دا کە هیندستان بۆتە دارولحەرب (دارولکوفر) و ئەو موسوڵمانەی لە توانایدا هەیە دەبێت بەرەو ئەفغانستان هیجرەت بکات، هەزاران جوتیاری ڕەشوڕووت و بێ دەرەتان بەدەنگییەوە هاتن و بەرەو ئەفغانستان کەوتنە ڕێ!! چونکە ڕێ دوور بوو ئەمانیش نەدار، زۆرینەی زۆریان هیچیان نەبوو پێی بگەنە مەنزڵ، سەدانیان لە ڕێ لێ مرد! ئەوانەی گەیشتنێ، سنووری ئەفغانستانیان بە ڕوودا داخرا و نەیانتوانی داخڵی ببن! چونکە لەوێش ئاڕاستەی نێودەوڵەتیی کوفری ڕۆژئاوا کاریگەریی خۆی کردبوو، ئەگەرچی وەکو هیندستان و وڵاتی تورك و عەرەبانی لێنەهاتبوو!

## دووەم: بزووتنەوەی ئەمیر عەبدولقادر جەزائیری

دوای ئەوەی فەڕەنسییەکان لە ساڵی (١٨٣٠ز)دا چوونە جەزائیرەوە، کۆمەڵێك بزووتنەوەی جیهادییانە لە دژیان بەرپا بوو، چونکە لەوێش کۆمەڵێك فەتوا لە سەر مەسەلەی دارولئیسلام و دارولکوفر دەرچوو کە بە پێی سرووشتی شەریعەتی ئیسلام ئەوەش دێتەوە سەر باسەکانی کوفر و ئیمان، هیجرەت و جیهاد، شـێوەی ڕەفتارکردن لەگەڵ کافران و، دابەشـبوونیان بۆ کافری شەڕانی و کافری موسالیم. سی چل ساڵ بوو پێش هاتنی فەڕەنساییەکان؛ شێخانی تەریقەت، موفتی و قازییەکان کەلێنە ئیدارییەکانیان پڕ کردبۆوە -چونکە دەوڵەتی عوسـمانی هەر کەنار دەریای سـپیی ناوەڕاسـتی لە باکوورەوە گرتبوو، نەچووبووە قوڵایی جەزائیرەوە-، لەوانەش (تەریقەتی قادری) لە سـەر دەسـتی (شـێخ محێدین)، کە لە ڕاسـتیدا ئەویش وەکو زۆر لە بزووتنەوەی سۆفییەکانی ئەو سەردەمە نەفەسێکی سەلەفێتیی گرنگی تێ گەڕابوو، شێخ محێدین هەر کەسێکی بانگ دەکرد بۆ بەیعەت پێدانی؛ باسی تەوحید و شیرکی بۆ دەکرد و بە پابەندبوون بە سـوننەت و لادانی بیدعەوە دینداریيەکەی لە دڵ و دەروونددا نوێ دەکردەوە و یەکسـەر بەیعەتی جیهادیشـی لێ وەردەگرت. دوای کۆچی دوایی خۆی، عەبدولقادری کوڕی هاتە جێی


ئەمیر عەبدولقادر جەزائیری

(١٨٠٨-١٨٨٣ز) کە یەکسەر تیرە و هۆزەکانی ڕۆژئاوای جەزائیر بەیعەتیان پێدا و لە سـاڵی (١٨٣٢ز)دا چەکی جیهادیان لە گەڵدا دژی فەڕەنسـاییەکان کردە شـان! ئەمەشـی بە بەیعەتێکی نووسراو لەبەر دەستیاندا دادەنا![1]

شـێخ عەبدولقادر کە بە (ئەمیر عەبدولقادر جەزائیری) ناوبانگی دەرکرد، توانیی لە سـاڵانی (١٨٣٤ و ١٨٣٧ز)دا دوو ڕێککەوتنـنامە

---

(١) دەقەکەی وا لەکتێبی (تحفة الزائر في تأريخ الجزائر والأمير عبدالقادر)، ١٥٩/١، کە دوو بەرگەو لەخانەی بڵاوکردنەوەی مەمدوح حەقیی لوبنان، لەساڵی (١٩٦٤ز)دا چاپکراوە.

لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا مۆر بکات، کە تا ماوەیەکی باش هێمنی و ئاسایشی ئەو ناوچانەی پاراست کە لە بەردەستی موجاهیدەکانیدا بوون، بەمەش خۆیان بەهێزتر کرد، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی جەزائیر... توانیی ئیدارەیەکی سەربەخۆ و سوپایەکی مەشقپێکراوی ڕێکوپێك دامەزرێنێت، کە شەڕ لە (١٨٣٩ز)دا هەڵگیرسایەوە تا ماوەیەکی باش توانییان خۆیان بەرامبەر لەشکری فەڕەنساییەکان ڕاگرن، بەڵام سیاسەتی **"زەمینی سووتاو"** کە فەڕەنسییەکان دژی گوند و ناوچەی موجاهیدان گرتیانە بەر، هەروەها ئەو گەمارۆیەی کە لە پشتەوە (سوڵتان عەبدوڕەحمان)ی دەسەڵاتداری مەغریب (١٨٢٣-١٨٥٩ز) بە فیتی فەڕەنساییەکان کردی، کارتێکردنی سلبییان لە تێکشکانی شۆڕشەکەی ئەمیر عەبدولقادری جەزائیریدا هەبوو. ئیتر ئەوە بوو دوای چەندین شەڕی نابەرامبەر؛ ئەمیر عەبدولقادر لە ساڵی (١٨٤٧ز) لە شەڕێکدا بە دیلی کەوتە بەردەست فەڕەنساییەکان و بە زیندانی بردیانە فەڕەنسا و تا ساڵی (١٨٥٢ز) لەوێ هێشتیانەوە، ئینجا لەو ساڵەدا ڕێیان پێ دا بێتە سووریا و لەوێ مایەوە تا لە ساڵی (١٨٨٣ز)دا لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد (رحمه الله).

ئەمیر عەبدولقادر شێخێکی تەریقەت بوو، بەڵام چاوکراوە بوو، وەکو (شێخ عوبەیدوڵڵای نێهری)ی کوردان بوو، هەم زانای شەرع بوون هەم شێخی تەریقەت. تەریقەتی قادری لەسەر دەستی شێخ عەبدولقادری جەزائیری بووە **بزووتنەوەیەکی سەلەفیی پوخت و بەهێز**، زۆری بایەخ بەیەکخواپەرستی و شیرك دەدا، هەروەها بەسوننەت و بیدعەت. خۆیشی لەسەر جیهاد و سۆفێتی و بیدعە کتێبی نوسیوە، لەزۆر مەسەلەی شەرعیی گەورەدا وەکو ئەحکامی: دارولئیسلام و دارولکوفر، هیجرەت، وەلائ و بەرائ نامەی بۆ زانایانی وەك عەبدوسەلامی تە سولی دەنو سی، وەکو کە لە ساڵی (١٨٢٤)دا پرسە شەرعییەکەی لە نامەیەکیدا بۆ نو سی تا حوکمی شەرعیی ئەو تیرەو هۆزانەی بۆ ڕوونکاتەوە، کە یارمەتیی بزووتنەوە جیهادییەکەی دژی کافرانی فەڕەنسی ڕەتدەکەنەوەو یارمەتیی داراییشی بۆ نانێرن، یان دەربارەی دانیشتن لەسایەی دارولکوفرێکدا کە فەڕەنساییەکان لەوڵاتدا دروستیانکردووە. هەروەها نامەی تریشی بۆ دەرەوەی جەزائیرو بۆ زانایانی تر دەنارد، وەکو شێخ محەمەد عەلی (١٨٠٢-١٨٨٣) کە شێخی

مالیکییەکان بوو لە میسر- یان بۆ شـێخ عەبدولهادیی عەلەوی حوسـەینی؛ پێشـەوای قازییانی شـــاری فاس لەمەغریب. چونکە شـــێخ عەبدولقادر کۆمەڵە فەتوایەکی زۆری لەســـەر ئەو زاراوانەی دارولئیسلام و دارولحەرب، هیجرەت و جیهاد لەلا کۆبووبوویەوە، خۆیشی زانا بوو، کتێبێکی چاکی لەو بارەوە نووســی، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەســـەر ســـەرۆك خێڵ و عەشـــیرە تەکان، کە هە یانبوو هیجرەتی بۆ مەغریب، یان تونس، یان شـــام دەکرد.. بۆیە فەڕەنســـاییەکان کەوتنە بەکارهێنانی فەتوای مەلای دانیشـــتووی پواوی بەر ســـێبەری خۆیان! هەروەها خراپ بەکارهێنانی ئەو ڕاجوێییەی لەناو مەزهەب و زاناکاندا هەبوو، سوودیان لەمانە وەرگرت و ماوەیەك هیجرەتیان بەم فەتوا ســـەقەتانە کەمکردەوە. بەڵام لەدوای نەمانی شـــێخ عەبدولقادر خۆی، فەتوای هیجرەت زیاتر بڵاوبۆوەو ســـەرلەنوێ زەرورەتی هیجرەت بووەوە بەباســـی کۆمەڵگە، هیجرەتی بەکۆمەڵی بەرچاویش لەســـاڵی (١٩١١)دا زیاتر ڕوویدا، کە تەقریبەن هەموو خەڵکی ناوچەی تلمسانی جەزائیر، بەرەو ڕۆژهەڵات هیجرەتیانکرد.

## سێیەم: بزووتنەوەی مەهدێتی لە سودان

محەمەدی کوڕی ئەحمەد (١٨٤٤-١٨٨٥ز) کە دواتر ناوی (مەهدیـــ)ـــی بە سەردا بڕرا، خاوەنی یەکێك لەشـــۆڕشـــە گەورەکانی ئەفریقایە، بە تایبەتی لە سوداندا، ئەمیش بە هەمان شـــێوە پەیوەســـتییەکی جەدەلیی لە نێوان هیجرەت و جیهـاد لـە مێشـــکی شـــوێنکەوتووانی خۆیدا دروســـت کردەوە، مەهدی یەکێك بوو لەو پێشەوایانەی سوور بوو لە سەر چە سپاندنی شەرع، ئاڕا ستەی دید و بۆچوونی خۆی لە ســـە لەفێتیەوە نزیکتر بوو وەك لە ســـۆفێتی، بۆیە هەر لە ســـەرەتای بانگەوازەکەیەوە دژی شـــیرکیاتی گۆڕپەرســـتن و بیدعەچێتی بوو. ئەمیش داوای لە شـــوێنکەوتووەکانی دەکرد کە دوای ئەوەی بەیعەتی دەدەنێ ئامادەی هیجرەتکردن بن بۆ لای، تا هەموویان بۆ جیهادی بەریتانییە کافر و موشریکەکان خۆیان کۆکەنەوە و خۆ ئامادە بکەن.


محەمەدی مەهدی

لەســـاڵانی یەکەمی جیهادەکەیدا حەجی لەشـــوێنکەوتووەکانی قەدەغەکرد! دەیوت: "جیهادە کە لەپێشـــترە، چونکە کافرانی موحاریبی بەریتانی، ســـودانی دارولئیســـلامیان داگیرکردووە".[١]

بە داخەوە دواتر بانگەوازی جیهادەکەی مەهدی ڕوویکردە عوسـانییەکان و میسر-ییەکان!

(١) P.M. Holt The Mahdist Stats in the Sudan, ١٨٨١-١٨٩٨. A Study of its Origins and Overthrow (١٩٧٠) p.١٨ ff.

لەبەرئەوەی بەنەزەری ئەو "یاریدەدەری ئینگلیزی کافر بوون"، هێرشـــی ســـەختی کردە ســـەر زانایانی ئەزهەر، چونکە "ئیعتیرافیان بەبزووتنەوەی مەهدی نەدەکرد!" دواتر کەوتە دژوارییەکی ســـەختترەوە، کە فەتوایدا: "کوشـــتاری میسر ـــییەکان جائیزە، چونکە کافربوون، لەبەرئەوەی باوەڕیان بەمەهدێتیی ئەم نەهێناوە!"[1]

نفوزی مەهدی زیادیکرد، تا ئەوەی هێر شیکردە سەر خەرتوم و گرتی و دە سەڵاتی بە سەر زۆرینەی وڵاتی سوداندا کێشا، لەخەرتومەوە هەڕەشەنامەیەکی بۆ خدێوی تۆفیقی میســـر نارد، کە بەم زووانە دێتە سەر میسـ ـر و ئەویش و بەریتانییە کافرەکانیش دەردەکات، بۆ ماوەی (١٣) ســـاڵ دژ بەســـەربازانی بەریتانی میســـــــری بەردەوام لەجەنگدابوو، تا لەســـاڵی (١٨٩٨ز)دا کۆچیدواییکرد.. ئەو جەنگەی بزووتنەوەی مە هدی لە پاش خۆیشـــی هەر بەردەوامبوو، تا حکومەتی دەســـتکردی ئینگلیز لەمیســـــــــــرداو ســـوپای بەریتانی، هاتنە ســـەر ســـودان و بزووتنەوەکەیان تێشکاندو هەموو سودانیان بەکۆنترۆڵکراوی خستە سەر میسـرو حوکمەکەی!

(١) عبدالله علي ابراهيم: الصراع بين المهدي و العلماء/ الخرطوم، ص١١/١.

# چوارەم: بزووتنەوەی سنووسی لە لیـبیا

لە لیبیاش بزووتنەوەیەکی تری وا بەهێز دروســـتبوو، کە بزووتنەوەی ســـنووســـییەکانە بە ســـەرۆکایەتی (الســـید أحمد الشـــــــــریف ١٨٧٣-١٩٣٣)، کە توانی لە ماوەی نێوان ســـــالانی (١٨٥٠-١٩٠٠)دا بە هەر چوار دەوری خۆیدا تەشـــــەنە بکات و، لە یەك کـاتـدا بتوانێـت جیهـاد دژی ئینگلیز لـە میســـــر، فەرەنسییەکان لە جەزائیر و دواتر ئیتاڵییەکان لە خودی لیبیا ڕابگەیەنێت![1]



سەید ئەحمەد شەریف

دوای ئەوەی ئیتاڵییەکانیش هاتنە ناوچەکە، بەرەیەکی بەهێز لە ســـوپای عوســـمانی و بزووتنەوەی ســـنووســـی و تیرە و هۆزەکان پێکهات، کە دژایەتیی هەر سێ هێزە ئیستیعمارییەکەیان دەکرد، بەڵام لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە ساڵی (١٩١٤)، سوپای عوسمانی لەبەر شەڕی بەلْقان کە دژی بەرپا کرابوو، ناچار بوو زۆرینەی هێزەکەی لە لیبیا بکێشـــێتەوە، بەمەش هەموو تین و فشـــارەکە کەوتە ســـەر بزووتنەوەی ســـنووســـی و تیرە و هۆزەکان و ئەو نیشـــتمانییانەی تازە وەکو ڕۆشـــنبیری مۆدێرن پێدەگەیشتن...

هەر لە سەرەتاوە کە شێخ ئەحمەد بانگەوازی جیهادەکەی ڕاگەیاند، کە گۆڤاری ئەلمەناری میسرـــی لە کانونی دووەمی (١٩١٢)دا بڵاوی کردەوە، کاریگەرییەکی زۆری لە کۆبوونەوەی موســـوڵمانان‌دا هەبوو، چونکە تێیدا نوســـیبووی: "جیهاد لە بنەڕەتدا فەرزە، بەڵام کە خاکی

---

(١) E. E. Evans-Prichard, The Sanusi of Cyranaica (١٩٤٩), P ٩٩ff.

موسولمانان داگیر کرابێت؛ ئەوە جیهادەکە دەبێتە دینەکە و دینەکە دەبێتە جیهادەکە، بۆیە ئەو کەسەی کە جیهاد دژی کافرانی داگیرکەر ناکات، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرهەڵستی ناکات، حاڵی لەوان باشتر نابێت، بگرە موشریکە و پێویستە دوژمنایەتیی بکرێت! ئەما ئەو کەسانەی کە یارمەتیدەری کافرانن و لەبەر خاتری بەرژەوەندییەکی دونیایی دەکەونە ژێر ئاڕاستەی کافرانی داگیرکەرەوە، ئەوانە لە ئاژەڵ خراپترن، دوژمنایەتیی ئەوانە دەبێت بخرێتە پێش داگیرکەرانیش".[1]

سەید ئەحمەد شەریف دواتر لە ساڵی (١٩١٣)دا پەیامێکی تری دوورودرێژتری لە پەیامی یەکەمی بڵاوکردەوە، کە ئەمجارە هۆشداریی دەدایە ئەو کەسانەی بە پرۆژەی "ئاشتیخوازانە"ی ئیستیعمار هەڵدەخەڵەتێن و پێیانوایە جیهادەکە تا سەر خۆی ناگرێت و حەتمەن دەبەزێت! هەروەها هەڕەشەی لەو تیرە و هۆزانە تێدابوو کە بە فیتی ئیستیعمار و شەڕی واتەواتی؛ ڕێ لە زەکات دەگرن بگات بە موجاهیدەکان، ئەم شۆڕشەی سەید ئەحمەد دوای خۆیشی بە سەرۆکایەتیی (عومەر موختار) بەردەوامبوو، تا لەساڵی (١٩٣١ز)دا ئەویش دەستگیرکراو ئیعدامکرا. بەڵام شۆڕشی سنوسییەکان نەکوژایەوەو بەردەوامبوو تا (نیشتیمانپەروەران!) لەناویاندا زۆربوون و شۆڕشەکەیان دزی و لە ساڵی (١٩٦٩ز)دا بە فیتی دەرەکی بوو بە کۆدەتاکەی موعەممەر قەزافی!.[2]


عومەر موختار

(١) رضوان السید: سیاسات الإسلام المعاصر/ ص٩٤، ئەویش لەگۆڤاری ئەڵمانی (٣Der Islam) ١٩١٢( ,PP.١٤١-١٥٠) وەریگرتووە.

(٢) گەلی لیبیا لەدوای (٤٢) ساڵ حوکمی دیکتاتۆریی قەزافی لە (٢٠١١/٢/١٧)ەوە شۆڕشێکی چەکدارییانەیان لەدژی خۆی و خانەوادە فاسیدەکەی بەرپاکرد، تا خوا کردی لە (٢٠١١/٨/٢٠)دا بەسەرکەوتوویی چوونە تەرابلوسی پایتەختەوە و دواتر لە

# پێنجەم: جیهادی کوردان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئینگلیز

- کوردستان وەکو وڵاتانی تر نەبوو، دەسەڵاتی سەربازیی ئیستیعماریی وڵاتانی ڕۆژئاوای درەنگ گەیشتێ، شۆڕشەکانی کورد زیاتر لە پێناوی ئازادی و پاراستنی ئیمارەتەکانیاندا بوو، سوودی گەورەی ئەم شۆڕشانە ئەوە بوو کە هەمیشە زەمینەی ڕەفزکردنەوەی بێگانەی بە پیتی دەهێشتەوە، بۆ نموونە پێش ئەوەی ئینگلیزی کافری موحاریب بێتە کوردستان، (شێخ عەبدو سەلامی دووەمی بارزانی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) زەمینە ئیسلامییەکەی بۆ پاراستنی کیانێکی کوردی لە ئێستای باشووری کوردستاندا ساز دەکرد، تا لانی کەم ناوچەیەك لە ژێر دەستی عەلمانییەتییەکاندا دەرهێنێت کە بە فیتی ئینگلیز خۆیان بۆ کۆدەتایەك بە سەر سوڵتان عەبدولحەمیددا ساز دەکرد! شێخ عەبدوسەلامی ڕەحمەتی کە "نەقشبەندی" بوو، هەڵسووڕێنەری کاریگەری ئەو کۆنگرەیە بوو کە لە(١٩٠٧)دا لە دهۆك لە لایەن شێخ و موفتی و پیاوچاکانی سەرانی ئەو سەردەمەی کوردەوە گیرا، کە ٧ بڕیاری ئیسلامیی زۆر گرنگی لێوە دەرچوو، بریتی بوون لە:[1]



عەبدوسسەلام بارزانی

١- زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمیی هەموو ئیدارەکانی دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ و سنجار.

---

(٢٠١١/١٠/٢١)دا موعەممەر قەزافی و موعتەسەمی کوڕی و ئەبوبەکر یونسی وەزیری بەرگرییەکەیشیان لەشاری سرت بەردەست کەوت و کوشتیانن.

(١) عوسمان عەلی: دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة، ص٢٣٦.

٢- خوێندن لە ئیمارەتی بادینان بە کوردی دەبێت.

٣- هەموو فەرمانبەرانی دائیرەکانی بادینان دەبێ کورد بن یان لەوانە بن کە کوردی دەزانن.

٤- ئەو باجەی لە جێی سەربازیکردن دەدرێت، بەردەوام دەدرێتەوە، بەڵام مەرجە بخرێتەوە خزمەت ناوچەکە و بۆ چاککردنی ڕێگاوبان و پرد و کردنەوەی قوتابخانە تەرخان بکرێتەوە.

٥- یاسا لە ناوچەی بادیناندا بە پێی "شەریعەتی ئیسلام" دەبێت.

٦- باج کە لە خەڵکی ناوچەکە دەدرێت دەخرێتەوە بەر حوکمی شەرع، هەرچی جۆرە باجێك پێچەوانەی شەرع بێت ئیلغا دەکرێتەوە.

٧- داوەری و فەتوا لە بادیناندا بەپێی "مەزهەبی ئیمام شافیعی" دەبێت.

ئا ئەمە کاریگەریی ئەو شێخ عەبدوسەلامە مەزنەی کوردە، کە دواتر لە موسڵ بەبڕیاری زۆڵە کوردێکی بەتورکبوو (سولەیمان نەزیف)، کە والیی ویلایەتی موسڵبوو، لەساڵی (١٩١٤ز)دا ئیعدامکرا!.


شێخ مەحمودی حەفید

- ساڵی (١٩١٩) کە تازە جەنگی جیهانیی یەکەم تەواو بوو بوو، دەسەڵاتی ئینگلیز بە تەواوی عێراقی کۆنترۆڵ کرد و لە سلێمانیدا (مێجەرسۆن) بوو بە دەسەڵاتدار! مەکر و فێڵی ئینگلیز نەیتوانی قەناعەت بە (شێخ مەحموودی حەفید) بکەن کە ئینگلیز دۆستی کوردە، بۆیە هەر زوو شێخ و شوێنکەوتووانی "تەریقەتی قادری" لە ئینگلیز ڕاپەڕین و جیهادیان ڕاگەیاند. جیهادی شێخ لە سنووری "هەڵەبجەوە تا کەرکوك"، لە "پشدەرەوە تا خانەقین" دژی بەریتانیای کافر و حکومەتی ئاڵقە لەگوێی مەلیك فەیسەڵ و هاوبیرانی عەرەبی بەرپا بوو بوو...

شـــێخی مەزن کە لە ســـاڵی (١٩١٤) خۆی و هێزێکی دوو هەزار ســـەربازی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئیستیعماریی بەریتانی چوو بووە شوعێبەی بەسرە و لەوێوە جیهادی دژی ئینگلیز ڕاگەیاندبوو، ئەوە نەبوو دیدە ئیسـلامییەکەی بگۆڕێتەوە بە فاکوفیکی ئیسـیتعماری کافر.

شێخی حەفید پەیوەندیی نهێنیی بە (شێخ ئەحمەدی بارزانی) ـەوە هەبوو، بە نامە داوای لێ کردبوو کە ئەویش لە بارزانەوە دژی ئینگلیز و حکومەتی فەیســـەڵ ڕاپەڕێت، پەیوەندییەکان لە ڕێی (قادر بەگی میران)ـــەوە بوو، کە سەرۆك عەشیرەتی خۆشناوەتی بوو و خاوەن نفووز بوو، یەکێك لەو نامانەی شـێخ لە سـاڵی (١٩٣٠)دا بۆ شـێخ ئەحمەدی ناردبوو، شـێخ ئەحمەدیش نامەی خۆی بە هۆی (خاڵی بەگی حەیدەرانلیـــــ)ــــیەوە دەناردەوە بۆ شێخی حەفید، چونکە حەیدەرانلی جێمتمانەی شـێخ ئەحمەد بوو، بەڵام شـێخ ئەحمەد نەیدەویســت ئینگلیز بزانن کە پەیوەندیی بە شێخی حەفیدەوە هەیە، بە تایبەتی کە ئەویش لەو سێگۆ شە گرنگەی دوایی بووە ســنوری هاوبەشـی نێوان عێراق و ئێران و تورکیا؛ جموجووڵی ئازادانەی خۆی بەردەوام بوو، بۆیە ئەم پەیوەندییە بەرهەمێکی هاوبەشی لێ نەکەوتەوە...[١]

جیهاد لە کوردستاندا هەر بەردەوام بوو تا شێخی حەفید لە ساڵی (١٩٣١) گیرا و نەفی کرا بۆ باشووری عێراق، بەڵام دوای (١٠) ساڵ لە سەردەمی حوکمی (ڕەشید عالی گەیلانی) ـدا بە نهێنی خۆی گەیاندەوە سـلێمانی! بەڵام نەیتوانی شـۆڕش هەڵگیرسـێنێتەوە، چونکە حکومەتی بەغدا و عەلەمانییەتی کوردی بۆ پاراســتنی بەرژەوەندیی ئینگلیز پێگەیەنرابوون و هەموو دە سەڵاتێکیان کەوتبووە بەردە ست، بۆیە شێخ هەر بە نەفی و دە ستبە سەری مایەوە تا ساڵی (١٩٥٦) کە لە تەمەنی (٧٦) سـاڵیدا نەخۆش کەوت و برایە نەخۆشـخانەکانی بەغدا و لەوێ کۆچی دوایی کرد، گەیشتنی هەواڵی کۆچی دوایی شێخ؛ ڕاپەڕینێکی سەختی درو ست کردەوە،

---

(١) لەعوسمان عەلی: {دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة، ص٥٨٤} وەرگیراوە، کە ئەویش لەدۆکیومێنتەکانی بەریتانیای هێناوە لە:

(Air ٢٣/٣١١ ١٤٥٢٩٥ Intelligence Report No. ٣. March ١٧,١٩٣١).

چونکە وا بڵاوبۆوە کە شێخ بە فیتی ئینگلیز و دەست و دایەرەکەی شەهیدکراوە... کە تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سلێمانی، شار خرۆ شا، لە نا شتنی تەرمەکەیدا کە بووە ڕاپەڕینێکی تر، (٣٦) کەس بە دەستی سوپای حکومەت شەهید بوون و فیشەك بەر تەرمەکەی ئەویش (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کەوت.

- لە دوای ئەوەی مستەفا کەمالی تاغوت ئیلغای خیلافەتی ئیسلامیی کردەوە، شێخ سەعیدی پیران (ڕەحمەتی خوای لێبێت) کە هەم شێخی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، هەم زانایەکی شەرعناسی بەناوبانگ بوو، خۆی و زانایانی تر لە باکوری کوردستا ندا لەساڵی (١٩٢٥ز)دا ڕاپەڕین و جیهادیان بۆ گێڕانەوەی خیلافەت ڕاگەیاند، بەڵام بەداخەوە ئەوانیش سەرنەکەوتن و دواتر خۆی و (١١) زانای شەرعناسی دیکە و دە یان کەسایەتیی تری ئیسلام، کە بەدیلی گیرابوون؛ ئیعدامکران. بۆ سوکایەتیی زیاتر بەئیسلام (١١٤) سێدارەیان بۆ دانابوون، بەقەدەر (ژمارەی سورەتەکانی قورئان)، شۆڕشەکە دوای ئیعدامی شێخی مەزن و یاوەرانیشی تا ساڵی (١٩٢٨) هەر بەردەوامبوو، بەڵام دواتر توایەوە و حکومەتی مورتەدی مستەفا کەمال نەیهێشت ئاسەواری بمێنێت، چونکە شێخ سەعیدی پیران، کە بەشێخ سەعیدی پالویی بەناوبانگە، کاریگەریی لەسەر موسوڵمانانی تورك تا ئێستایش هەیە.[1]



شێخ سەعیدی پیران

(١) لەوەتای حزبی دادوگە شەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هاتۆتە سەر حوکم، بایەخ بەم شۆڕشە مەزنەو سەرکردەکانی دراوەتەوە. عەبدولەلیك فوراتی؛ کوڕەزای شێخ سەعیدی پیران، لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە لەلیستی حزبی دادو گە شەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغاندا ئەندام پەرلەمانی تورکیایە.

ئاوا له هەموو لایەکەوە بۆ موسـوڵمان دەرکەوتبوو کە ڕۆژئاوای کافر بە سـوپای بەهێز و زانیارییەکی ووردەکارانەوە هاتۆتە سـەر دەوڵەتی عوسـمانی و لە ناوەوە لەت و پەتی دەکات و وڵاتی موسـوڵمانان پارچە پارچە دەکات، لەوسـەری ئەندۆنیسـیاوە کە بزووتنەوەیەکی نیشتیمانیانەی تێدا بەرپا کرابوو، بۆ ئەوسەری مەغریب و بزووتنەوەی (عەبدولکەریم خەتتابی) کە بە "شۆڕشی لادێ" ناسرا، لە هیندستانەوە بۆ شۆڕش و بزووتنەوەی سنووسی لە لیبیا، ئەمە جگە لەو تین و فشـارەی ڕۆژانە دەخرایە سـەر ئەسـتانە تا تەنازولی زیاتر بکات. ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە جیهاد ڕابگەیەنرێت، بەڵام لە بەر ئەوەی دوو بەرەی جەنگ لە تفاقی شەڕدا بەرابەر نەبوون، بزووتنەوە ئیسلامییەکان هەرچەندە هەیانبوو چل پەنجا ساڵی خایاند بەڵام دواتر کەوتن و وڵات کەوتە بەردەستی ئیستیعمار و هاوبیرانی.

* * *

# گەشاندنەوەی کوورەکانی جیهاد [1]

ئەوە ئا شکرایە کە لە (کۆتایی شە ستەکانـــــ)ــــەوە ڕەوتێکی بزاوتی ئیسلامی بە دیدێکی " سەلەفیی جیهادی" هاتۆتە کایەوە. زەمینەی فیکریی ئەم ڕەوتە لە چەند پێکهاتەیەکەوە هاتووە، کە دەشێت بەم شێوەیە بخرێتە بەر چاو:

١- پایەکانی فیکری ئیخوانولموسـلیمین (کە فیکرێکی سـیاسـیی ئیسـلامی بوو، داوای گێڕانەوەی حوکمی شـەرعی دەکرد)، میکانیزم (ئالیەتــــ)ـــی کاربۆکردنی ئەو ڕێکخراوە بەرفراوانەی ئیخوان بوو کە (ئیمام بەننا)ی ڕەحمەتی لە (١٩٢٨)دا دروسـتی کردبوو، کە بریتی بوو لە "بەرنامەیەکی کردەوەیی پەروەردەکارانەی پشوودرێژ".

٢- دید و ڕێبازی بزاڤییانەی (سەیید قوتبـــــ)ـــی شەهید، کە بریتی بوو لە **ڕەسەنکردنەوەی** هەمان فیکری سیا سیی ئیسلامیی ئیمام بەننا، لەگەڵ بایەخدانی زیاتری حاکمێتی، دۆ ستایەتی (الولاء)، دوژمنایەتی (البراء)، خۆ بەجوێزانین (المفاصلة)، (دارالاسلام و دارالکوفر) و هەروەها موفرەداتەکانی تری دید و ڕێی ئەم مەدرەسەیە.

ئەم دوو قۆناغی گەشـەکردنەی فیکری سـیاسـیی ئیسـلامیی سـەردەم زیاتر لە میسرـەوە نەشـونمای دەکرد و ئاڕاسـتەوانی تریشـی لە شـام و عێراقەوە بۆ دەردەکەوت. کە هەڵمەتی ناسریزم بۆ ڕیشـەکێشـکردنی ئیخوان دەسـتپێکردو زۆرینەی ئیخوانەکانی وڵاتانی عەرەبی لەشـەسـتەکاندا کەوتنە بەر حەملەی کوشـتن، ڕاوەدوونان و گرتن، زۆر لەسـەرکردایەتی و ئاراستەوانانی ئیخوان چوونە وڵاتانی خەلیج بەتایبەتی سعودیە، کە (شا فەیسەڵ) حوکمیدەکرد، فەیسەڵیش دوژمنی کەلـــلەڕەقی ناسرییەکانی میسر و بەعسییەکانی سوریا بوو، بۆیە داڵدەی هەموانی دا. لێرەوە دید و ڕێبازێکی ڕەسەنتر هاتە پێش:

---

(١) ئەم چەند لاپەڕەیەم لە کتێبی **(زەمینەی کاری ئیسـلامی لە باشـووری کوردسـتاندا/ کرێکار)**ەوە لێرەدا بە زیادکردنییەوە وەرگرتۆتەوە.

٣- ئاوێته بوونی فیکره  سیا سییه‌كه و هه‌ڵوێ سته عه‌قائیدییه‌كان: له عه‌ره‌بـ ستانی  سعوودی فیکره ســـیاســـییه ئیخوانییه‌كه له لای هه‌ندێك له ڕێبه‌رانی ئیخوان ئاوێته‌ی دید و هه‌ڵوێســـته عه قائیدییه كه‌ی **مه‌دره‌ســـه‌ی وه‌هابی** (محه‌مه‌دی كوڕی عه بدولوه‌هاب و كوڕ و نه‌وه كانی، (رحمهم الله)) بوو. به‌مه‌ش به‌ڵگه‌ی عه‌قائیدی ده‌بووه لایه‌نگری فیكرییه‌كه‌ی ئیخوان.

٤- بوژاندنه‌وه‌ی فیقهی  سیا سی: ده‌بوو هه‌موو بنه‌مایه‌كی فیكری  سیا سی پ شت به به‌ڵگه شـه‌رعییه‌كان ببه‌ستێت، ئه‌مه‌ش ڕه‌سـه‌نكردنه‌وه‌ی دیدوڕێ و هه‌ڵوێسـت ده‌خوازێ، جا له‌گه‌ڵ زیادبوونی ناكۆكییه‌كانی شـــه‌ڕی ســـارد، كۆده‌تا ســـه‌ربازییه‌كانی هه‌ردوو بلۆك، توندبوونی ململانێی چه‌پڕه‌وانی عه‌ره‌بی لیبراڵیی به‌ره‌ی ڕۆژئاوا وه‌كو شـانشـینی سـعوودیه و وڵاتانی تری خه‌لیج، به‌رزبوو نه‌وه‌ی نرخی پیترۆڵ و زۆربوونی  با یه‌خ  به  چاپ و بڵاوكرد نه‌وه‌ی كتێبی كه‌له‌پووری ئیسـلامی، هه‌موو بوونه هۆكاری ڕه‌سـه‌نكردنه‌وه‌ی چه‌مكه بزاڤییه شـه‌رعییه‌كان به گشـتی و سـیاسـییه‌كان به تایبه‌تی. به پێی سرووشـتی كۆمه‌ڵگه و ده‌وڵه‌تی سـعوودییه‌ش كه له ئه‌ســـڵی مه‌زهه‌بیا ندا حه‌نبه‌لین، كتێبه كانی ئیماما ن (ئیبنوته‌یمییه) و (ئیبنولقه‌ییم) با یه‌خی زۆرتریان پێدرا و زۆرینه‌یان هێنرانه‌وه پێش و توێژینه‌وه‌یان كراو چاپ و بڵاو كرانه‌وه. ئه‌مه‌ش لایه‌نی فیقهی سـیاسـیی زه‌مینه‌ی فیكره ئیسـلامییه‌كه‌ی ته‌واوكرد كه هێشـتا مابووی ته‌كامول بكات. ئاوا ڕه‌وتی ئیخوانی-سه‌له‌فییانه دروستبوو.

كه یه‌كێتیی ســـۆڤیه‌ت له (١٩٧٩)دا ئه‌فغانســـتانی داگیر كرد، ئه‌مریكا و هاوپه‌یمانانیان توانییان هه‌رچی هێزه نه‌یاره‌كانی  سۆڤییه‌ت هه‌بوو كۆی بكه‌نه‌وه و وزه‌یان له به‌ره‌یه‌كی جه‌نگی سۆڤییه‌تدا بخه‌نه گه‌ڕ.

حكومه‌تی سعوودیه (٧٥٪) بلیتی فڕۆكه‌ی بۆ هه‌ر گه‌نجێكی سعوودییه خه‌رج ده‌كرده‌وه كه ده‌یویســـت بچێته جیهادی ئه‌فغانســـتان. به‌مه‌ش زیاتر له **چوارده هه‌زار گه‌نجی عه‌ره‌بســـتان** هه‌بوونی خۆیان له ئه‌فغانـ ستاندا  سه‌لماند. ئه‌و ده‌زگا و ڕێكخراوانه‌ی كه له  شاری پیـ شاوه‌ری پاكســـتانیش دامه‌زرابوون، هه‌موویان كه‌وتنه ڕاكێشـــان و به‌گه‌ڕخســـتنی گه‌نجی موســـوڵمان له

وڵات و گەلانی تر، ئیتر ئەم ڕەوتە **ســـەلەفییە ئیخوانییە** لە مەیدانی کردەوەییدا بووە ڕەوتێکی **سەلەفیی جیهادیی** خاوەن دید و بەرنامە و ڕێباز و ئامانجی خۆی...

ئەم ڕەوتە جیهادییە (لە زەمینەی مەزهەبی فیقهییەوە هاتبێت یان لە زەمینەی فیکری سیاسیی ئیخوانولموســلیمینەوە بووبێت یان لە زەمینەی عەقیدەی ســەلەفییەوە هاتبێت)، لە ماوەی پەنجا ساڵی رابوردوودا دەرکەوت و لە **دوو ساحە**دا بۆ حاکمێتی شەریعەتی خوا کەوتە جیهاد:

## ساحەی یەکەمی جیهادییەکان

ئەم کۆمەڵ و بزاوتانەی ســەلەفێتیی جیهادی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی وڵاتەکانیان بوو، بۆ لادان و ڕادانیان بوو، بەو ســیفەتەی ئیمتیدادی حکومەتە بەکرێگیراوەکانی ســەردەمانی ئیســتیعمارن، ئیدارەی وڵاتیان لەسەر سیستمی کوفری ئەوان پێکهێناوە، دەستوور و یاسایان بە پێی ئاڕاستەی ئەوان داڕشتووە و بە پێی بەرژەوەندیی کوفری دەرێ هەڵوێست وەردەگرن. لەو بزاڤە جیهادییانە:

١- بزووتنەوەی لاوانی مەغریب (مەراکیش) (ساڵی ١٩٦٣)، بە سەرۆکایەتیی شێخ عەبدولکەریم موتیع دژی مەلیك حەسەنی پێشوو.

٢- هەوڵدانەکانی ســەیید قوتبی ڕەحمەتی (ســاڵی ١٩٦٥)، دژی حوکمی جەمال عەبدونناسر لە میسر.

٣- بزووتنەوەی موسوڵمانانی سووریا (ساڵی ١٩٦٥)، بە سەرۆکایەتیی شەهید مەروان حەدید دژی حوکمی بەعسی سووریا.

٤- کۆمەڵە ئیســلامییەکانی ئەفغانســتان و جیهادیان دژی حکومەتەکانی ئەفغانســتان لە ســاڵانی (١٩٦٥-١٩٧٩)، واتە تا پێش داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤییەتەوە.

٥- بزووتنەوەی دەوڵەتی ئیســلامی لە جەزائیر (ســاڵی ١٩٧٣-١٩٧٦)، بە ســەرۆکایەتیی شــەهید بویەعلی مستەفا لە جەزائیر دژی حکومەتی هواری بۆمیدیەن.

٦- شـۆڕشـی ئیسـلامیی سـووریا (سـاڵی ١٩٧٥- ١٩٨٢)، بە سـەرۆکایەتیی تەلیعەی موقاتیلە کە شەهید مەروان حەدید دایمەزراندبوو، دژی حکومەتی بەعسییەکان.

٧- ڕێکخراوی جیهاد و جەماعەتی ئیسـلامی لە میسرـ (سـاڵی ١٩٨١-١٩٩٧)، دژی حکومەتی ئەنوەر سادات و حوسنی موبارەك.

٨- هەوڵە جیهادییەکانی لیبیا (ساڵی ١٩٨٦)، دژی حوکمی موعەممەر قەززافی.

٩- جیهاد و هەوڵی کۆدەتا سـەربازییەکەی باڵی سـەربازی (حركة الإتجاه الإسـلامي) لە توونس (ساڵی ١٩٨٦)، دژی حوکمی حەبیب بورقیبە.

١٠-ئەزموونە جیهادییەکانی جەزائیر (سـاڵی ١٩٩١)، دژی حکومەتەکانی بوزیاف و جەنەراڵە سەربازییەکان.

١١- جیهادی موسوڵمانانی تاجیکستان (ساڵی ١٩٩٢)، دژی حکومەتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە.

١٢- هەوڵە جیهادییە سـەرەتاییەکانی وڵاتی حەرەمەین (سـاڵی ١٩٩٤)، دژی حکومەتی مەلیك فەهد و ئال سعوود.

١٣- ڕووبەڕووبوونەوە جیهادییەکانی کۆمەڵی موقاتیلەی لیبیا (سـاڵی ١٩٩٤-١٩٩٦)، دژی حکومەتی قەززافی.

١٤- ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی باکووری ڕۆژئاوای پاکسـتان، کە بە ناوی (حرکت نفاذ شریعت) واتە: (بزووتنەوەی جێبەجێکردنی شەریعەت)، لە ساڵی ١٩٩٦.

١٥- هەوڵە سەرەتاییە جیهادییەکانی وڵاتی مەغریب (مەراکیش)، لە ساڵی ١٩٩٦.

١٦- هەوڵە جیهادییەکانی بزووتنەوەی ئیسـلامی ئۆزبەکسـتان (سـاڵی ١٩٨٨)، دژی حکومەتی کۆمۆنیستانەی کەریمۆف.

١٧- ئەزموونی جیهادی سـوپای عەدەن/ئەبیەن (سـاڵی ١٩٩٩) لە یەمەن، دژی حکومەتی عەلی عەبدوڵا ساڵەح.

١٨- هەوڵە جیهادییەکەی موسوڵمانانی لوبنان لەچیاکانی نەبەتییە، لەساڵی (٢٠٠٠ز)دا.

## ساحەی دووەمی جیهادییەکان

ئەم کۆمەڵە بۆ ڕوو بەڕووبوو نەوەی هێزی داگیرکەری وڵاتە کانیان بوو. زۆرینەی گرووپی جیهادی ئەم ساحە بەشێك بوون لە بزاڤی ئازادیخوازی گەلەکانیان. بۆ نموونە حەماسی فەڵەستین بەشێکە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی فەڵەستینییەکان، هەروەها لەشکری تیبەی کشمیر و بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان... لەو گرووپ و بزاڤانە:

١- بزووتنەوەی جیهادیی موسوڵمانانی کشمیر لە (١٩٤٧)ـەوە، هەروەها دواتریش لە ویلایەتی ئاسامی هیندستان.

٢- بزووتنەوەی جیهادیی مو سوڵمانان لە هەرێمی ئەراکانی وڵاتی بۆرما (میانمار)، لە ساڵی (١٩٦٥)ـەوە.

٣- بزووتنەوەی جیهادیی موسوڵمانانی مەندنا و لە باشووری فیلیپین، بە تایبەت بەرەی مۆرۆ لە (١٩٦٥)و جەماعەتی ئەبو سەییاف لە (١٩٩٨).

٤- جیهادی کۆمەڵەکانی بزاڤی ئیسلامیی کوردستان "لەشکری ئیسلامی"، "ڕابیتە"، "بزووتنەوەی ئیسلامی" لە ساڵی (١٩٨١- ٢٠٠١) کە لە دوای شۆڕشەکانی ( شێخ سەعیدی پیران) و (شێخی حەفید)ەوە بە ناوی ئیسلامەوە شۆڕشێکی تری چەکداریی لە کوردستاندا دروست نەبوو بوو.

٥- کۆمەڵی پشتیوانانی ئیسلام لەکوردستان (پاك)، کە زیاتر لەڕاگەیاندنەکاندا بە ناوە عەرەبییەکەی "ئەنسارولئیسلام" ناسرا، لەساڵی (٢٠٠١ز)دا دامەزرێنراو لەکوردستان دژی "یەکێتیی نیشتیمانی" و لە (٢٠٠٣)یشەوە دژی "ئیحتیلالی ئەمریکایی" کەوتە جیهادکردن و تا ئێستایش بەردەوامە.

٦- جیهادی موسوڵمانانی هەردوو هەرێمی ئۆگادین و عەفەر لە دژی ئیحتیلالی حەبەشە لە (١٩٧١)ەوە.

٧- جیهادی حزبی ئیسلامیی تورکستانی ڕۆژهەڵات، دژی حکومەتی چین.

٨- جەماعەتی تەوحید لە لوبنان، دژی هەوڵی ڕیشەکێشکردنی ئەهلی سوننەت لە لایەن مەسیحی و نوسەیرییەکانی سەر بە ڕژێمی سووریایی لە ساڵانی شەڕە ئەهلییەکەدا (١٩٧٥-١٩٩٢).

٩- جیهادی موسوڵمانانی ئەفغانستان، دژی ئیحتیلالی سۆڤییەتی لە ساڵانی (١٩٧٩-١٩٩٢).

١٠- جەماعەتی جیهادی موسوڵمانانی ئەریتیریا، دژی ئەتیوبیای داگیرکار لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە.

١١- بزووتنەوەی ئیسلامیی "حەماس"، دژی ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە.

١٢- بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین لە ساڵی (١٩٨٩)ەوە.

١٣- جیهادی بۆسنەییەکان دژی داگیرکاریی سربیا لە (١٩٩٤- ١٩٩٦).

١٤- ئەزمونی جیهادی موسوڵمانانی شیشان و قەوقاز لە (١٩٩٥)ەوە.

١٥- دیسان جیهادی موسوڵمانانی ئەفغانستان دژی ئیحتیلالی ئەمریکایی و هاوبارانی ئەوروپایی لەساڵانی (٢٠٠١-٢٠٢١)[١].

١٦- جیهادی ئەهلی سوننەتی عێراقی (عەرەب، کورد و تورکمانەکانی)، دژی ئیحتیلالی

(١) لەمانگی ئابی (٢٠٢١ز)داو لەدوای ماوەیەکی کەم لەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەئەفغانستاندا، بزووتنەوەی تاڵیبان توانیی کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان بگرێتەوە و کۆتایی بەحکومەتە کرێگرتەکەی ئەشرەف غەنیی داردەستی ئەمریکا بهێنێت.

ئەمریکایی و هاوبارانی لە (٢٠٠٣)وە تا ئێستا.

١٧- بزووتنەوەی جیهادیانی سۆماڵ ( ساڵی (٢٠٠٥) ئیتتیحادی ئیسلامی دژی ئیحتیلالی ئەمریکا و پاشان دژی داگیرکردنی ئەتیوبیا)، پاشان (دادگا ئیسلامییەکان لە (٢٠٠٦-٢٠٠٨) دژی ئەتیوبیا)، ئێستاش (لە (٢٠٠٨)ەوە حزبی ئیسلامی) و، دواتریش (لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٤) بزووتنەوەی لاوە موجاهیدەکان، کە سەر بە قاعیدەن، دژی هاتنەناوەوەی سوپای ئەتیۆبیا، پاشان دژی (٥٢٠٠) سەربازی سوپای بەکرێگیراوی ئۆگەندا و ڕاوەندا، پاشان لە (٢٠١١/١٠)ەوە دژی هاتنە ناوەوەی سوپای کێنیا).

١٨- بزووتنەوەی تاڵیبانی پاکستان لە (٢٠٠٧/١٢/١٤)ەوە دژی حکومەتی سەربازیی جەنەڕاڵ پەرویز مو شەڕەف و دواتر دژی سۆ شیالیستەکانی پیپڵز پارتی بێنەزیر بۆتۆ و ئا سف زەرداری مێردی. کە ڕێیان بە سوپای ئیحتیلالی ئەمریکایی دا بنکەی سەربازی شاری بەهاوەلپووری پاکستان بدرێت بە سوپای ئەمریکا و لەوێوە بۆردومانی بزووتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانستان بکرێت.

١٩- بزووتنەوەی جیهادییانی موسوڵمانانی یەمەن بە ڕێبەریی قاعیدە، لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە.

٢٠- بەشداریی جیهادییەکان لە سەرەتای ساڵی (٢٠١١)ەوە لە بزاوتەکانی بەهاری عەرەبی لەوڵاتانی: تونس، میسر، لیبیا، یەمەن و سوریا.

* * *

## باسی دووەم:

# ڕەنجی نەزۆکی دەستەمۆ

## (خەباتی ئیسلامیی ڕەسمی)

ڕەنجی تاك و كۆی لاواز: لەگەڵ ئەم هەموو پیلانە ســەخت و گشــتگیرەشــدا، زانایان و بیرمەندانی میسرـــ هەر بێئومێد نەبوون، ئەگەرچی زۆریان لەوە دڵنیابووبوون كە تازە زۆر زەحمەتە خیلافەت هەستێتەوە، بەڵام لەو زنجیرە چالاكییە كاردانەوەییەی خۆیان هەر نەكەوتن، لەوانە:

١- بەردەوام دژوەســتانەوەی میسرـــ دژی حوكمی ئینگلیز، كە لە (١٩١٤/١٢/١٨)ەوە (خدێوی تۆفیقـــــ)ــــی نوێنەری حوكمی عوسمانییان لابردبوو، بەمەش دەسەڵاتی سیاسیی عوسمانییان بەسەر میسرەوە ئیلغا كردبۆوە و سیستمی حوكمی خۆیان سەپاندبوو، (حسێن كامیلـــ)ــیشیان بە ناوی "سوڵتانـــ"ــەوە تەعین كردبوو. حسێن ناكامیلیش یەكەمین كارێك كە كردی ئیلغاكردنەوەی پلەی "قازیی قازییەكان" (قاضي القضـاة)ی میســـــــر بوو، كە لە لایەن دەســـەڵاتی عوســـانییەوە دادەنرا. حوكمی عورفییش ڕاگەیەنرابوو، واتە گرتن و دادگاییكردنی خەڵكی لە دەرەوەی دادگا.

٢- كە سوڵتان حسێن كامیل چوو بۆ كۆلێژی مافناسی، قوتابییەكان نەچوونەوە كۆلێژەكە و وەكو كاردانەوەی ڕازینەبوون بە تەنها جێیان هێشت!

٣- لە (١٩١٥/٤/٨)دا كاتێك مەوكیبی سوڵتان حسێن كامیلی عەمیل بە شەقامی عابیدینی قاهیرەدا گوزەری كرد، درایە بەر دەسڕێژی تەقە، بەڵام سەلامەت دەرچوو!

٤- جارێكی تریش دوای ئەوە لە (شـــەقامی تین) نارنجۆكی دەســـتیی بۆ هەڵدراو هەر سەلامەت دەرچوو.

٥- له (١٩١٥/١٢/١٥)دا كەسـانێك به چەقۆوه هێرشـيان كرده سـەر وەزيری ئەوقافی حكومەتی عەمالەتی حسێن كاميل و دايانه بەر چەقۆ.

٦- له سـاڵی (١٩١٨)دا كۆمەڵێك له پياوی كۆمەڵه نهێنييەكانی ميسـر پەيوەندييان به شۆڕشی سنووسييەكانی ليبياوه كرد، بۆ چوونيان بۆ ئەوێ بۆ مەشق و خۆئامادەكردن بۆ جيهاد دژی ئينگليز و حكومەته بەكرێگيراوەكەی.

لەگەڵ دەيان چالاكيی لەو جۆرەدا، حسـێن كاميل زۆر به پشـوودرێژييەوه دەجووڵايەوه، هەميشـه به ميسرـييەكانی دەووت: ئێمه دژی خيلافەتی ئيسـلامی نين، بەڵكوو دژی ڕەفتاره شەڕانييەكانی حكومەتی ئيتتيحاد و تەرەقيی تۆرانين، بەڵام هەر نەيتوانی مو سوڵمانان قەناعەت پێ بكات كه ڕاست دەكات.[١]

## ڕەنجێكی تر له پاڵەوه!

"زانايانی ئەزهەری ميسـر" دوای ئيلغاكردنەوەی خيلافەتی ئيسلامی له توركيا، بەياننێكيان له (١٩٢٤/٣/١٠)دا له (ڕۆژنامەی ئەهرام) دا به ناوی "لابردنی خەليفه كارێكی شەرعی نييه"، بڵاوكردەوه كه جەختيان لەوه كردەوه كه ئەوەی مسـتەفا كەمال كردوويەتی كه سـوڵتان عەبدولمەجيدی لابردووه و بۆ دەرەوەی وڵات دەری كردووه، كارێكی شـەرعی نييه! چونكه دانانی به ڕای موسوڵمانان بووه و لادانی به ڕای دەستەيەك كەس كارێكی ناشەرعييه و نەشياوه، ئيتر داوای بەسـتنی كۆنگرەيەكيان بۆ دانانەوەی خەليفه كرد، كه له ماوەی هەفتەيەكدا ببەسترێت!

موسـوڵمانانی هيندسـتانيش ويسـتيان لای خۆيانەوه خەليفەيەك دانێن.. ئيديعای ئەوەش هەبوو كه (حسـێنی كوڕی عەلی) له "شـەريفانی مەككه" خۆی وا دەهێنێته پێش تا له ناو

---

(١) علي عبدالحليم محموود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين، ط٢، دار الوفاء، ١٩٩٢، ج١، ص٥٦.

عەرەبەکاندا بڕیاری بۆ بدرێت و بکرێت بە خەلیفە، بەڵام ئەزهەر زوو بەیانێکی لەسـەر ئەویش بڵاوکردەوە کە دەڵێ: "بە کەسانی وا هەڵنەخەڵەتێن کە دەسکەلای ئینگلیزن و ئەوان دروستیان کردوون!"[1]. هەروەها هۆشـــیاریی ئەوەیان دایەوە بە موســـوڵمانان کە نابێت هەر وڵاتە و لای خۆیەوە خەلیفەیەك دیاری بكات و بەیعەتی بداتێ! ئەگینا دەبێتە فەوزا و موسـوڵمانان سـەریان لێ تێك دەچێت و خەلیفەیەکی ساڵحیان پێ دانانرێتەوە و هەتا هەتایە زەلیل دەبن.

داوای بـەســـتنی کۆنگرەیـەك بۆ لێکۆڵینـەوەی بـارودۆخی موســـوڵمـانـان و دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەی خیلافەت پەرەی سەند و هەموو لایەکی گرتەوە، ئیتر دوای دوو هەفتە لە بەڵێنی پێشـــوو بڕیار درا لە (١٩٢٤/٣/٢٥) کۆنگرەیەك لە قاهیرە بە ســـەرۆکایەتیی شـێخی ئەزهەر ببەسترێت و موسوڵمانانی هەموو دنیای بۆ بانگهێشت بکرێت. بەڵام دوژمنانی ئیسلام لە پێش هەمووشیانەوە ئینگلیز کە پیلانی سەدان ساڵەی ڕۆژئاوایان ڕاپەڕاندبوو، بە ئاواتی سەدان ساڵەی خۆیان گەیشتبوون، چۆن دەهێڵن موسوڵمانان تازە ناوی خیلافەتیشیان بکەوێتەوە بیر و هەوڵی ڕەســـمیی بۆ بدەنەوە؟!! بۆیە جارێکی تریش گورزی خۆیان وەشـــاند و بە فێڵ کۆنگرەکەیان دواخســـت، بەڵام ڕێیاندا زانایانی ئەزهەر بەیانێك دەرکەن کە چەند خاڵێکی ئیستینکاریی زیاتر هیچی تری لێ نەکەوتەوە! لەوانە:

١- بەیعەتی ســـوڵتان عەبدولمەجید باتڵە، چونکە کەمالیســـتەکان بەناوی خیلافەتێکەوە دایانناوە، کە دەسەڵاتی سیاسیی نەبێت![2]

٢- بڕیار درا کە نوێنەری هەموو موسوڵمانانی جیهان بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە بکرێت کە بە

---

(١) ڕاستە وابوو، حسێن کە بەشەریفی مەککە بەناوبانگبوو، داردەستی ئینگلیز بوو. خۆی و کوڕو نەوەکانی هەر لەسەر ئەو سیرەیە بوون، ســێ کوڕی هەبوو: عەلی؛ لەدوای خۆی بوو بەحاکمی حیجاز، عەبدوڵا؛ لەدوای خۆی بوو بەحاکمی ئەردەن (باپیری ئەو مەلیك عەبدوڵای دووەمەیە، کە ئێستا حاکمی ئەردەنە)! فەیسەڵیشیان کرا بەمەلیکی سوریا، بەڵام فەرەنساییەکان نەیانویست! بۆیە درا بەعێراقیەکان و حوکمی مەلیکایەتی لەژێر دەستی ئینگلیزدا لەسالانی (١٩٢١-١٩٥٦) لەلایەن ئەم خانەوادە پیسەوە دەکراو وا ئیدیعایەیان بۆ دەکرا: کە ئەولادی پێغەمبەرن (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)!.

(٢) چونکە لەو ســـەردەمەدا ئینگلیزو هەندێك لەوڵاتانی ڕۆژئاوا، هەر ئەو پێشـــنیازەیان دەکرد، کە خیلافەت ببێتە دەســـەڵاتێکی سونبولی پیرۆزی وەکو پاپایەتیی خۆیان و سیاسەت نەکات، بۆیە ئەو هەنگاوەیشیان بەمستەفا کەمال نا.

سەرپەرشتی شێخولئیسلام لە زانکۆی ئەزهەر دەبەسترێت، بەڵام ئێستا دواخراوە، بەو ئومێدەی بە هەمووان خەلیفەیەك دابنێینەوە.

٣- مانگی شەعبانی (١٣٤٣ك)، (١٩٢٥/٥ز) کۆنگرەکە دەبەسترێت.

٤- گۆڤارێك بە ناوی کۆنگرەوە دەردەکرێت. ژمارەی یەکەمی لە (١٩٢٤/١٠)دا دەرچوو. (سـەیید محەمەد ڕەشـید ڕەزا) مەقالەیەکی گرنگی تێدا بڵاوکردەوە، کە دەربارەی گرنگی و کاریگەریی بەستنی ئەو کۆنگرە دواخراوە بوو. تێیدا نوسیبووی:

أ- کۆنگرەکە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی مەدەنییانەی ئیسـلامی دەبەسـترێت کە مەزنیی شەریعەتی ئیسلامی تێدا نیشان بدرێت، کە سەرچاوەی یاساکانی دەبێت.

ب- داڕشـتنی ڕێسـای پەروەردەی ئیسـلامی بۆ ئاڕاسـتەکردنی حکومەت و کۆمەڵگە، بە شێوەیەك کە ڕێنمایی خەڵکی و بەرژەوەندییەکانیان بهێنێتە دی.

جـ- هەڵبژاردنی خەلیفەیەك کە پێشەوای موسوڵمانان دەبێت.

بەڵام ئینگلیز و دارودەسـتەکەی بۆ جاری دووەم کۆنگرەکەیان دواخسـت! تا کاردانەوە ئینفیعالییەکەی موسـوڵمانانیان لەخۆ گرت و تورەبوونیان دامرکایەوە و کۆنگرەکەیان بەیەکجاری لە ناوەرۆکی خۆی دەرهێنا، ئینجا وتیان: با ببەسـترێ، تا ئەو کاتەیش زەمان لە یەك هەفتەی کاردانەوەی مانگی ئازاری (١٩٢٤)ەوە گەیشـتبووە سـاڵی (١٩٢٦)! لەولایشـەوە چەندین کەسی بەکرێگیراوی ئینگلیز، وەکو (مەلیك فوئاد)ی میسـر، (حسێنی کوڕی عەلیـ)ـی مەلیکی حیجاز و (ئەمانوڵڵا خانـ)ـی مەلیکی ئەفغانستان بۆ پلەی خیلافەت کەوتبوونە کێبڕکێ![1]

ساڵەکان هاتن و تێپەڕ بوون بێئەوەی کۆنگرەکە ببەسترێ!

ئینگلیز بەم ڕەنجە نەزۆك و کورتبینەو بەکاردانەوەی ئینفیعالیی سەرنەکەوتووی موسوڵمانان

---

(١) د. علي عبدالحليم محمود: منهج التربية عند الإخوان المسلمين/ دار الوفاء القاهرة، ط١٩٩٢/٢، ج٢، ص٥٦.

دڵخۆشبوو، زانیی لەکوێوە ڕەگی هەزار ساڵەی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییەی بڕیوە؛ زانیی ئیتر دوای چەند ساڵێکی تر ڕوکنێك وەکو حوکمی ئیسلام بەتیۆرییش نامێنێت و ناوی خیلافەتیش لەمێشکی نەوەکانی داهاتوودا دەسڕێتەوە.[١]

## گەڕانەوە سەرخۆ و پەیبردن بە گشتگیریی پلانەکە!

کە زانایان و بیرمەندانی ئیسلامی لە هەموو لایەکەوە لەوە بێهیوا بوون کە بتوانن گیانێك بە بەر دەوڵەتی عوسمانیدا بکەنەوە، کە بە یەکجاری ئومێدیان لە ئیسلاحسازیی ناوەوە بڕا و دڵنیابوون کە هێزی دەرەکییش وەکو دوژمنێکی سەرسەخت بۆ تەواوکردنی پیلانەکەی هاتۆتە وڵاتیانەوە و بۆ ڕووتاندنەوەیان داگیری کردوون، کە هەموو لەوە دڵنیابوون کە لە قۆناغی نوێدا دیدو بۆچوونێکی نوێ، بەرنامەیەکی سیاسی، سیستمێکی نوێی حوکم و ڕۆشنبیرییەکی نوێ هاتۆتە کۆمەڵگەکەیانەوە، زۆرینەیان ڕایان هاتە سەر ئەوەی کە باشتر وایە نوخبە ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکە -کە زۆرینەی هەتیو بوون-؛ لەگەڵ ڕۆشنبیرانی تری سەردەم -کە کەمینەی بەردەستی ئیستیعمار بوون- یەك بخرێن، بەو هیوایەی نوخبە ڕۆشنبیرەکەی سەردەم لە دەم ئیستیعمار دەربهێننەوە و هەر بەو سیستمەی ڕۆژئاوا لە شوێنی دەوڵەتی عوسمانی دایمەزراندووە هەوڵی گۆڕین و ئیسلاحاتەکەی خۆیان لەچوارچێوەی ئیسلامەکەدا بدەنەوە. ئەمەش بیروهۆشێکی نوێی ئیسلامیی قوڵتر دەخوازێت، کە دەقەکان لەواقیعی نوێدا تەفسیربکاتەوە. چونکە لافاوە ڕادەرەکەی ڕۆژئاوا نیازی وایە هەرچی دێتە پێش لەئینتیمای ئیسلامەتی لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا ڕایبدات و بەرەو مێژووی ببات.

لەناو پێداچوونەوەکانی زاناو بیرمەندەکانی ئەم قۆناغە دژوارەی ئەهلی ئیسلامدا، کۆمەڵێك

---

(١) (هامیلتۆن جیب) کە رۆژهەڵاتناسێکی ڕۆژئاواییە، لەکتێبەکەیدا (ئیسلام بەرەو کوێ دەچێت؟) خۆشحاڵیی زۆری خۆی دەنوێنێت، کە ئینگلیز ئاوا توانی خیلافەت بدات بەزەویداو زانای ئەزهەریی وەکو عەلی عبدوڕەزاق قەناعەتپێبکات کە ئیسلامەتی سیاسەتی تێدانییەو ئەو کتێبەی پێبنوسێت، کە بەناونیشانی (الإسلام وأصول الحكم)ەوە بڵاویکردەوە!

زانا و بیرمەند بۆ ئەوە دەچوون، کە ئەمەی ئێســـتا ڕوویداوە **بەرهەمە، ئەنجامی پێشـــەکییە، هۆهێناوی هۆ کارە، ئە مە بەر هەمی ڕەنجی ئیهمالکراوی موســـوڵمانان و ڕەنجی کۆکراوەو بەگەڕخراوی کافرانە، ئەمە کەڵەکەبووی کۆتایی ســـەردەمانی عەبباســـی و مەمالیکە، ئینجا کۆتایی سەردەمی عوسمانییەکان، بەڵام ئەمەیان لادانی ئیسلام و ڕادانێتی لە ژیانی موسوڵماناندا!**

ئەمە لەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە ناوخۆییانە نییە کە کەوتە نێوان خەلیفە مەئموون و پێشەوایانی شەرع و فەرموودەوانییەوە، ئەمە لە جۆری لێکدابڕان و ناکۆکیی سەڵتەنەت و خیلافەتیش نییە، یان پێککێشرانی شمشێرەوانان و قەڵەمبەدەستان. ئەمە لەو جۆرەیە کە ئیبنوعەقیلی حەنبەلی (٤٣١-٥١٣ك)و مەقریزی (٧٦٤-٨٤٥ك) لەزووەوە پەییانپێبردو وتیان: **"شـــەریعەت کراوە بەقوربانیی سیاسەت!"** ئەمە ئەنجامی یەکنەخستنەوەی **(شەرع و حوکمە)**، کە کۆتاییەکەی ئەم دیدە ڕۆژئاواییەیە کە دین لە دەوڵەت جویێ دەکاتەوە.

ئەمە بوو وای کرد زۆر لە (قیاســـ)ـــی ئەم سەردەمە بخەنە کەنارەوە و سەرلەنوێ تەماشای بنەماکانی ئیسلام بکەنەوە، بە تایبەتی مەبەستەکانی شەرع (مقاصد الشـــــریعة)، کە لە کتێبە ئوســـوڵییەکاندا وا ڕاڤە کراون کە بەرژەوەندیی عەبدەکانی خوا ڕەچاو دەکات؛ وەکو کتێبە ئوســـووڵییەکانی ئیمامی جوەینی (٤١٩-٤٧٨ك)، ئیمامی غەزالی (٤٥٠-٥٠٥ك)، عیزەدینی کوڕی عەبدوســـەلام (٥٧٧-٦٦٤ك) و ئیمامی شـاتیبی (٧٩٠ ك). بۆیە بە پێویســت زانرا کە بگەڕێنەوە ســـەر جەختکردنەوە لە مەبەســـتەکانی شـــەرع، کە بریتییە لە مســـۆگەرکردن، ڕەچاوکردن و پاراستنی پێنج زەروورەتەکە: **گیان، دین، هزر، ئابڕوو سامان.**

هێشتا ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تەواو نەبوو بوو، کە بیرمەندان دووچاری هەردوو هەڵوێستە سەرەکییەکە بوونەوە، کە دەیانویست خۆی لێ ببوێرن:

یەکەم: پێناســـەی ڕۆژئاوا و هەڵوێســـت لە شـارســـتانێتی، هێرشـــە ســـەربازی، ســـیســـتمە سیاسییەکەی و ڕەهەندەکانی تری.

دووەم: پێناسەی پیاوانی حوکمی ژێر دەسەڵاتی ئیستیعمار و هەڵوێست لە خۆیان و یاسا و

بڕياريان.

زانايان و بيرمەندان بە گشتى هەموو يان ڕەفزى ئيستيعمار، ديدوبۆچوون، ڕەوشى شارستانێتى و سياسەتى داگيركردنەكانيان دەكردەوە و پێيان وابوو كە هيچيان قابيلى قبوولكردن نين. بەڵام تەكنەلۆجيا و پێشكەوتنەكانى ئامێر و كەرەستە ماددیەكانيان شتێكى بەسوودە و دەكرێت بێ تيۆرى ژيانيان وەربگيرێن. چونكە بەرهەمى ڕەنجى هەموو جيهانيانن و ناكرێت لەبەر ئەوەى سياسەتمەدارى وڵاتەكانيان ئاوا دوژمندارێتى ئيسلام و موسوڵمانان دەكەن، موسوڵمانانيش پشت بكەنە ئەو بەرهەمانەيان كە كەرەستەى دنيايين و دەشێت لەوانيش و لە غەيرى ئەوانيش وەربگيرێت. بەڵام لەبەر ئەوەى لە سێ دەيەى ساڵانى (١٩٢٠-١٩٥٠) دوژمندارێتييەكى زۆر زۆريان دژى ئەهلى ئيسلام نواند و ئەحكامى شەرعيان خستە كەنار و دينەكەيان سووك كرد و، لە كۆتايى جەنگە جيهانييەكەياندا كيانى سياسيى ئەهلى ئيسلاميان لەبەر يەك هەڵوەشاند و، هەموو ئوممەتەكەيان كردە (٥٦) دەوڵەت و (٧٦) كەمايەتييەوە كە بە درێژايى مێژووى نوێيان دەچەوسێنرێنەوە! ئەمە جگە لەوەى كە ئيسرائيليان بە زۆرى سەربازيى لە ناوجەرگەى وڵاتى موسوڵماناندا چەقاند. بۆيە زۆر لەزاناكان بەتايبەتى قوتابييەكانى شێخ محەمەد عەبدە، دەيانوت: "كێشەكە هەر لە هێزە ئيستيعمارييە سەربازييەكەدا نييە، بەڵكو لە عەقڵييەتە ئيستيعمارييە لوتبەرزەكەياندايە، لە ديد و بۆچوونە فەلسەفييەكەياندايە، كە لێيەوە دەڕواننە مرۆڤ و ژيان و گەردوون! لە ڕۆشنبيرى و كولتورياندايە، كە سەدان بەڵگەى مێژوويى هەيە، كە ڕۆژئاوا دوژمنى كەلـلەڕەقى ئيسلامە، هزرو كولتوريشيان هەستى مرۆڤايەتيى پارسەنگى پێوە نييە!".

ئەم پێناسە و هەڵوێستەى زانايان و بيرمەندان لە هەموو جيهانى موسوڵمانانەوە لە ڕۆژئاوا و شارستانێتييەكەى، پاشان لە عەلەمانێتى ڕقن و ڕەفتارى حكومەتەكانى بن سێبەرى ئيستيعمار، كە بە دەست بەكرێگيراوەكانييانەوە بوو، ئەوەى زياتر لە بير و هزر و واقيعى كۆمەڵگە موسوڵمانەكەدا دەچەسپاند كە ڕۆژئاوا بە هەموو مانايەك دوژمندارێتيى ئيسلام دەكات، وەكو دين و ئينتيماى شارستانێتى، نەك هەر وەكو حوكم و سياسەت. بۆيە هەموو ئەم قۆناغە تا زەمانى

ئینقیلابە عە سکەرییەکانی  سالانی پەنجاکانی  سەدەی ڕابوردوو -کە هەر بە فیتی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بوون- بەڕەفتاری دوژمنانە دەستیپێکردو هەر بەڕەفتاری دوژمنایەتییش کۆتاییپێهات.

ئەوەی ئەهلی ئیسلام لە بەرامبەر ئەم لافاوەدا سوور بوون لە سەری؛ مانەوەی ئیسلامەکە و عەبدایەتیی خوا بوو لە دڵی جەماوەرە موسـولمانەکەدا. حکومەتە عەمیلەکانی ئیسـتیعماریش لە خۆ داکوتان و پاراســتنی  بەرژەوەندیی ئاغاکانی ڕۆژئاوایاندا بوون و وڵاتیان بۆ خســتبوونە سەرپشت.

ئاوا هەرچی نوخبەی بازنەی ئیسلام هەبوو گەیشتنە حاڵەتی ڕەشبینی لە ڕۆژئاوا، سیاسەت، ڕۆشنبیری، کولتور، ئادابی کۆمەڵایەتی، ڕێسای ئابووری و بنەماکانی پێکەوە هەڵکردن و ژیانی هاوبەش. ئەمەش ســالانە ســەری دەکێشــا بۆ دابڕان و بەرامبەربوونەوەی دوو بەرە: بەرەی ئیســتیعماری ڕۆژئاوا و حکومەتە عەمیلەکان و دام و دەزگاکانیان، بەرامبەر بە بەرەی زانایان و بیرمەندانی ئیســلامی و نوخبە ســیاســییە لادراوەکە، کە لە لایەنی ســیاســی و ســەربازییەوە تێشکابوون، تەنها ئەوەندەیان پێدەکرا کە بەبەڵگەی بەهێز موناقەشەی هزری هاتووی ئیستیعمار بکەن، کە لە هەموو وڵاتی موســولمانانـدا ســەدانی وەکو عەلی عەبدوڕڕازق، ئەحمەد لوتفی سەیید، تەها حسێن و ئەوانە بووبوون بە نوێنەریان!

دوای نەمانی بزووتنەوە جیهادییەکان و تێشــکانی ســەربازییان، دوای ڕیشــەکێشــکردنی ســیســتمی ســیاســیی عوســمانی، دوای خۆگرتنی دەســەڵاتی ڕاســتەوخۆ و لاوەکیی حەملەی ئیستیعماریی ڕۆژئاوا؛ **هێزە داگیرکەرەکان** توانییان  شەڕێکی  شارستانێتیی  سەخت بەرامبەر بە ئیسلام و موسولمانان بەرپا بکەن، کە چەندەها بەرەی پێکداکێشران و ڕووبەڕووبوونەوەی لێوە پەیدا بوو: بەرەی جەنگی یاســا و دەســتوور، بەرەی داوەری و شــێوەی مورافەعات، بەرەی فێرخوازی،  بەرەی ڕاگەیاندن ( بە  هەموو جۆرەکانییەوە)،  بەرەی کۆمەڵایەتی و  جەنگی نەریتەکان، بەرەی چۆنیەتیی ئاڕاســتەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە و شــەڕەپاڵی حزبایەتی و کێبڕکێی سیاسی. لە پشت هەموو ئەمانەوە، هێزی ئیستیعمار ڕاستەوخۆ یان لاوەکی ئاڕاستەی

دەکرد و ئیدارەی جەنگە شـــارســـتانێتییەکەی دەکرد، پشـــتی دەگرت، پرۆژەی دەدا، بواری فێرخوازی و پێگەیاندن و تەعینبوونی لە بەردەم پیاوانی خۆیدا دەکردەوە، پیاوانی بریقەداری دەکردە واجیهەی پرۆژەکانی، دەزگای بۆ دەرکەوتن و گەشـــەی هەموان دروســـت دەکرد. لە بەرەی ئەمبەریشـــەوە زانا و بیرمەندە موســـوڵمانەکان و عەوامە ڕەشـــۆکییەکە بوو، تا قەناعەتی لەســـەر شـــتێك دەهێڵرایەوە ئیســـتیعمار و پیاوانی؛ ڕەهەندی تری گۆڕانکارییان دەخســـتە بەردەستی و دەیانخستنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە!!

ئیســـتیعمار توانی تەنگژەیەکی گەورە بۆ پیاوانی ئیســـلام دروســـتکات، بەوەی بەرەی نەوەی نوێی خوێندەواری بۆ خۆی کەســـبدەکرد، گومان و دوودڵی و ڕاڕایی زیاتری لەقبوڵکردن و پابەندبوونیان بەئیســـلامەکەوە، بۆ دروســـتدەکردن. زانایانی شـــەرع و دەزگاکانیان و بیرمەندە ئیسلامییەکان، کەوتبوونە نێوان دوو بەرداشەوە:

**یەکەم:** نەزانین، دەمارگیری و خۆبەستنەوە بەدەقی بۆچوونی زانایانی پێش خۆیان، بێئەوەی ئەو جورئەتە بەخۆیان بدەن، کە لەتوندی و ســـەختیی چوارچێوەی مەزهەبەکانیان دەرچن و بگەڕێنەوە بۆ بەڵگەی قورئان و سوننەت.

**دووەم:** یان بتوانن واقیعە تازەکە لەخۆبگرن و وەڵامی بۆ ئامادەبکەنەوە! ئەمەیش هەموو متمانەیەکی لەقدەکرد، ســـەرەتا بەبیری زاناکان و پاشـــان لەگەڵ هاتنی دیدو بۆچوونی زاناو فەیلەســـوفەکانی ڕۆژئاواو بەرهەمەکانیاندا، وێڵی و ســـەرگەردانیی زیاتر بۆ نەوەی نوێ، بەتایبەتی بۆ خوێندەوارەکان دروســـتدەبوو! تا ســـەردەمی تاســـانی ڕمانی منارەکەی دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتی سیاسەتی موسوڵمانان تەواو بوو، لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا سی و سینەی مو سوڵمانان گو شاد بوو، کۆمەڵێك زانا و بیرمەندی بەهێز قیت بوونەوە و ئاڵای بەرەی خۆمانیان هەڵگرتەوە و کەوتنەوە هاوار لە ئوممەتەکە و ڕەنجێکی زۆریان دا تا ئوممەتیان بە هۆش خۆی هێنا یەوە و، ئاهێك بۆ لاوانی خوێندەواری موســـوڵمانی بێنەوا گەڕا یەوە و، ســـەرلەنوێ زا نا یان و بیرمە ندانی گەورەی ئەم ئومەمە تە نەمرە ئومێد یان لە خەڵکە کەدا

ڕوواندەوە و کەوتنە بەرپەرچدانەوەی گومان و تۆمەتی ڕۆژهەڵاتناسـان و بەکرێگیراوان. زەمان نەگەیشتە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابوردوو؛ زۆرینەی ئەهلی ئیسلام گەیشتنەوە ئەو قەناعەتە کە ئەوەی قەڵای ئوممەتەکەیە و  توانای بەگەڕخســـتنەوەی ئوممەتەکەی بۆ جیهادی کافران هەیە تەنها ئیسلامە و بەس. ئوممەت هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئەمانە کافری شەڕانین و بە زۆری زۆرداری وڵاتی موســـوڵمانانیان داگیر کردووە، بۆیە پێویســـتە ئەهلی ئیســـلام نەهێڵن پرۆژەیان سەرکەوێت، دەبێ بەرهەڵستییان بکەن و دژیان بووەستن تا لە وڵاتیان وەدەر دەنرێن.

* * *

ئەوەی جێی سەرسوڕمان و تێڕامانە ئەوەیە، کە ئوممەتی ئیسلام بە سۆفی و سەر ڕووتییەوە ئیستیعماری بەکافری شەڕانی دەزانی و جیهادکردن لە دژییانی بە فەرز دەزانی جگە لەمەلاکان! مەلای ســـوننی زۆر زوو قابیلییەتی خەســـاندنی فیکری و غیرەتی بەرهەڵســـتکاریی تێدا دروستبوو!

سەیرە کە لەو کاتەی ئیمام بەننا لە میسر، ئەبولئەعلای مەودوودی لە هیندستان و پاکستان، د.محەمەد ناسر لە ئەندۆنیسیا دەبینیت وەکو یەك لە دین و واقیعەکە **(ناسینی دۆست و دوژمن، توانای هەردووکیان و ئەو زەمەنەی تێیدان)** تێگەیشـتوون، کەچی زانایانی ئیسـلام لە هەر سێ وڵاتەکە دەبینیت نەك هەر کۆڵێکی بانگەواز و جیهادەکەیان هەڵنەگرت، بەڵکوو بوونە گەورەترین کۆسپی ڕێی ئەو پێشەوا مەزنانەش! تەنها ئەو زانایانە لەم حاڵەتە جودان کە پەییان بە لایەنی ململانێ شارستانێتییەکەی ئیستیعمار دەبرد.

**میسر:** لەو کاتەی ئیمام بەننا ئەو بزووتنەوە ڕەسەنەی دامەزراند و بەرنامەی تێگەیشتنەوەی لە عەقیدە و یەکڕیزی و جیهاد بە سێ پەیامی **"رسالة العقائد، ورسالة التعاليم، ورسالة الجهاد"** ڕوون کردەوە، بە کردەوەیش چەسپاندی کە:

**یەکەم:** نەیهێشـــت ناکۆکی بە هۆی دیدوتێڕوانین و پێناســـەی عەقائیدییەوە بکەوێتە ناو

ڕیزه‌کانی ئیخوانه‌وه، چونکه چوارچێوه‌ی تێگه‌یشتنی له‌عه‌قیده به (بازنه‌ی دیدی ئه‌هلی سوننه‌ت و جه‌ماعه‌ت) دیاری کردبوو.

**دووه‌م:** موسولمانانی بۆ کۆمه‌ڵکارییه‌کی مه‌رکه‌زی ڕێکخستبوو، په‌یکه‌ری ئیداریی بۆ دیاریکردبوون، تا وزه‌ی هه‌موو چین و توێژێکی کۆمه‌ڵگه‌که‌ی خۆی بۆ بانگه‌واز و کۆمه‌ڵکارییه‌که‌ی ئیخوان و ململانێ شارستانێتییه‌که‌ی به گه‌ڕ بخات.

**سێیه‌م:** که‌شافه و ڕێکخستنی سه‌ربازیی نهێنی و هێزی مه‌شق و جیهادیشی به ئاشکرا پێك هێنابوو. بۆیه که ویستی ئیخوانی میسر له جیهادی فه‌ڵه‌ستین دژی جوله‌که‌ی داگیرکار به‌شداری جیهاد بکه‌ن، ئاسان ئه‌و هه‌موو موجاهیده سه‌رڕاستانه‌ی به ده‌سته‌وه هات.

که‌چی ئه‌و ئه‌زهه‌ره‌ی به حساب قه‌ڵای ئیسلامه‌تی بوو، ئه‌و هه‌موو زانایه یه‌کێکیان -جگه له‌وانه‌ی ئیخوانی بوون- کارێکی وای پێ نه‌کرا!

**له هیندستان و پاکستانیش هه‌ر وابوو؛** ئیمامی مه‌ودوودیی ڕه‌حمه‌تی عه‌قیده‌که‌ی وه‌کو (بازنه‌ی دیدی ئه‌هلی سوننه‌ت و جه‌ماعه‌ت) به دیدی سه‌له‌ف ڕوون ده‌کرده‌وه و کۆمه‌ڵکارییه‌کی پشوودرێژی بۆ ململانێ شارستانێتییه‌که ئاماده ده‌کرد، په‌یکه‌ری ئیداریی بۆ سوود وه‌رگرتن له وزه و وره‌ی هه‌موو چین و توێژه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌که وه‌رده‌گرت. خه‌ڵکه‌که‌ی خۆی بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌و جیهاد ئاماده‌کردبوو، بۆیه ده‌بینیت به هه‌زارانیان به‌شداریی خۆبه‌خشانه‌یان له غه‌زای سوپای هیندستاندا کرد، که جه‌نگی خوێناوی که‌وته نێوان هیندستان و پاکستانه‌وه.

که‌چی زانای هیندستان و پاکستان ده‌بینیت هه‌ر له‌و کاته‌وه تا ئێستا هه‌ر دوژمندارێتیی مه‌ودوودی و جه‌ماعه‌تی ئیسلامی زۆر بێبه‌زه‌ییانه ده‌که‌ن! نه‌یانده‌هێشت یه‌ك فه‌قێیان کتێبێکی ئیمامی مه‌ودوودی بخوێنێته‌وه!! زۆر ئاسان به ده‌ست هه‌موو دوژمنانی ئیسلامه‌وه ده‌هاتن، که‌چی له‌گه‌ڵ ئیمامی مه‌ودوودی و جه‌ماعه‌تی ئیسلامیدا ته‌نانه‌ت له هه‌ڵبژاردنه‌کانیشدا ڕێکنه‌ده‌که‌وتن. (شێخ فه‌زلوڕڕه‌حمان)ی کوڕی مه‌ولانا مه‌حموود، که موفتیی هه‌ره گه‌وره‌ی

پاکستانە، دەروێشی (بێنەزیر بۆتۆ)یەکی کافری شەڕانی بوو!

**لە ئەندۆنیســیاش هەر وابوو**؛ د. محەمەد ناسری ڕەحمەتی (عەقیدەی ئەهلی ســوونەت و جەماعەتـــ)ـــی بە جوانترین شێوە ڕوون دەکردەوە. تێگەیشتنی ئیسلامی خەڵکەکەی ڕاست دەکردەوە، چوارچێوەی بانگەواز و کۆمەڵکاریی نیشـــان دەدا نەوە، **ماشــۆمی** (ئەنجومەنی شوورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا)ی پێکهێنا، پەیکەری ئیداریی بۆ بەگەڕخستنی وزەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئەندۆنیسیا داڕشتبوو، شێوازی کارکردنی فێر دەکردن. بانگەواز و جیهادێکی پاکی ڕاگەیاندبوو، خۆی وەکو فەرماندەی سەربازی لە بەرەکانی شەڕدا بوو. کەچی زانایانی ئیســلام نەك هەر هاوکارییان نەکرد، بەڵکو بوونە دەردەســەرییەکی گەورە بۆی. ڕێکخراوێکیان بە ناوی (ڕاپەڕینی زانایانـ)ـەوە دروست کرد، بەڵام خۆزگە دروستیان نەکردایە. بە هۆی ساویلکەیی خۆیانەوە دوژمن هەڵی دەسوڕاندن تا دژایەتیی محەمەد ناسر و جەماعەتی ماشــۆمی بکەن! دوژمن پارەیەکی زۆری دەخســتە بەردەســتیان تا ئەندامی ماشــۆمی یان لایەنگرانیان بدزنەوە!

بۆیە لە (١٨ی ڕەجەبی ١٣٤٤ ك/ ١٩٢٦/١/٣١ز)ەوە، کە (هاشم ئەشعەریـــ)ـــی باپیری عەبدوڕەحمان وەحید (ڕاپەڕینی زانایانـــ)ـــی دامەزراند، هەر لە خزمەت ئەحمەد سۆکارنۆدا بوون! دوای ئەویش دەنگیان بە سۆهارتۆی کافر و خوێنڕێژ دەدا، کە لە زەمانی عەبدوڕڕەحمان وەحیددا بوونە (٣٠) ملیۆن ئەندام!! دەنگیان بە حزبی فۆڵکاری عەلەمانی و بە مێگاواتی کچەکەی ســۆکارنۆ دا!! هەر دەشــبێت وابن؛ چونکە لە ســەردەمی هاشــم ئەشــعەریی دامەزرێنەرییەوە ڕاپەڕینی زانایان دژی ئەوەیە کە ئەندۆنیســیا بکرێتە دەوڵەتێکی ئیســلامی بە بەهانەی ئەوەی کە غەیرە موسوڵمانیشی لێ دەژی!! عەبدوڕڕەحمان وەحید ئەزهەری خوێندبوو، پاشان بەکالۆریۆسی لە زانکۆی بەغدا وەرگرتبوو، لە دیدارێکیدا دەڵێ بە (هند ڕۆستەمـ)ـی ژنە ئەکتەری میسری سەرسامم!!

هند ڕۆستەمییش لە (١٩٤٩)دا کە تەمەنی بیست ساڵان بوو، لەبەر ڕۆڵە جینسییە پیسەکانی،

پێی دەوترا "شاژنی ئیغراکردن"!!

ئەمە هەڵوێستی مەلا بوو لەو سێ ئیمامە بیرمەندە گەورەیەی ئوممەتی ئیسلام؛ جا بۆچی لۆمەی ئیتتیحادولعولەمای پارتی و یەکێتی بکەین؟!

## بۆچی مەلاکان هەڵوێستی دژ بە فیکر و بزووتنەوە ئیسلامییەکانی سەردەم دەگرنەبەر؟!

چونکە دەڵێن: **"دەستکاریی مەکە با لێمان خراپ نەبێت!"**

بەڵام بۆچی وا دەڵێن؟!

لەبەرئەوەی نایانەوێ، نازانن، ناتوانن و ناوێرن تاك و کۆ و سیستمی جاهیلییەت بگۆڕن و بیکەن بە ئیسلامی!

نایەنەوێت، چونکە نازانن؛ چونکە دونیاویستن، بێهیممەتن، حەوانەوەی بەر سێبەری جاهیلیەتیان پێ خۆشترە وەك لە سێبەری شمشێری جیهاد!

نازانن کە ئەم ئیسلامە گۆڕینی ناخی تاك و سیمای کۆمەڵگە و بنەماکانی دەوڵەتی جاهیلیەت دەگۆڕێت و لە شوێنیان کە سایەتیی موسوڵمان و کۆمەڵگەی ئیسلامخواز و دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دادەمەزرێنێت.

کە زانیشیان، ناتوانن کۆمەڵکارییەك بۆ ئەو ئامانجە ستراتیژێتییە دابمەزرێنن و وزەی موسوڵمانانی بۆ بخەنە گەڕ، چونکە متمانەیان بە خۆیان نییە، متمانەشیان بە خەڵکەکە بۆ دروست نابێت! بۆیە هەر وا دەزانن غەیری خۆیان کەمتەرخەمن و بە دەم خوتبە گۆرانییەکانیانەوە نایەن!

کە ویستیشیان و زانییان و توانیان، ئینجا ناوێرن دەستبەکار بن؛ ناوێرن خۆ لە بەربەست و

کۆسپەکان بدەن.

بۆچی وایان لێهاتووە؟!

**یەکەم:** لەبەر ئەو سیستمە فاشیلەی خوێندنەکەیانە، کە لە زەمانێکدا دانرابوو کە سیستمی حوکمی ئیسلام و ئەحکامی شەرع مونافیسی نەبوو. خۆی خاوەن هێز بوو، میکرۆبی لاوازیی وەکو ئێستای موسوڵمانان لە ناخدا نەبوو. مەیدان وەکو ئەو زەمانانەی دوایی نەبوو کە سیستمی کوفر خۆی کردە بەدیلی ئیسلامەکە. ئەوکاتە زانایانی ئیسلام ئاسایی بوو کە بۆ فێرخوازیی لێ بڕابوون، نە خەمی هێرشی دەرەکییان بوو، نە خەمی مورتەدبوونەوەی حاکمیان هەبوو، دەیانزانی ئوممەت دەرەقەتی هێزی دەرەکی دێت و خەمی کێشـــەی حاکمیش نەبوو، چونکە دەیانزانی حاکم ناوێرێ کافر ببێت.

**دووەم:** زانایانی ســـەلەف هەموو موراقەبەی کاربەدەســـتانی حکومەتیان دەکرد و هەر ناڕەواییەکیان لێ ببینانایە لێیان ڕاست دەبوونەوە و ڕێیان لێ دەگرتن. زانایان بەشێکی سەرەکی بوون لە هێز؛ هێزی ئوممەت، چونکە هەر یەکەیان و هەر مزگەوت و مینبەرێکیان وەکو (ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەورووپای ئەم زەمانە) بوو، بەڵام زانایانی دوایی ورەیان ڕووخا و پاڵیان لێ دایەوە و ئوممەتەکەشیان بێخاوەن هێشتەوە.

**سێیەم:** مەنهەجی دەرسخوێندنەکان جیاواز بوون. زانایانی سەلەفی بە عەقیدەی یاوەران و تابعین دەســـتیان بە خوێندن دەکرد، بەڵام زانایانی دوایی بە مەنتیقی ئەرســـتۆ و عەقیدەی تەفتازانی دەســـتیان پێ دەکرد، کە پێشـــتر دەتخاتە ســـەر گومان و دواتریش پێی چارەســـەر ناکرێییت!! زانایانی سەلەف بە پێی قورئان و سوننەت دەیانزانی کە کافری شەڕانی و حاکمی مورتەد دەبێت جیهادیان دژ بکرێت، مەلای ئەم ســـەردەمانەی دوایی چونکە هەر چاویان لە موچەی خۆڕایی بوو، لەگەڵ هەموو دەســـەڵات و حاکمێکی داگیرکەر، ئیســـتیعمار، مولحید و بێدینێکدا خۆیان دەکردە هاودەنگ.

**چوارەم:** زانایانی ســـەلەف کە ســـیرەیان دەخوێند، بۆ ئەوەیان بوو قۆناغەکانی دامەزراندنی

کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی فێر ببن و هەنگاو وەکو مێژووی ژیانی پێغەمبەری سەروەرمان (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەڵهێننەوە، بەڵام مەلای ئەم زەمانە سیرەیان وەکو مێژوویەکی ساردوسڕ و بەسەرچوو دەخوێننەوە، بۆیە هیچی لێوە فێر نابن. وەکو بیرمەند و سیاسییەکانیش نین بە ئەدەبیاتی حزبیانەی عەلەمانییەت خۆ ڕۆشنبیر بکەن و بزانن چۆن کۆمەڵکاری دەکەن تا دەست پێ بکەن.

**پێنجەم:** مەلای سوننی هیچ باس و بابەتێکی زانستیی سەردەم ناخوێنێت و پەی بە هیچ زانستێکی ئەکادیمی نابات، نە فیزیا و کیمیا، نە جوگرافیا و کۆمەڵناسی؛ بێگومان نە فیکر و سیاسەتیش، بۆیە دەڵێی لە ئەشکەوتدا دەژین! پێیان وایە؛ ئەدەبیات شیعر و پەخشانە، خیتاب خوتبەی سیاسییە و مەنگەنیس موگناتیزە!!

ئێ کۆمەڵکاری و کۆمەڵگە و دەوڵەتیش چۆن بەو نەخوێندەوارێتییە ئاڕاستە دەکرێت؟!

لە بەرامبەردا بڕوانە ئەو مەلایانەی کە فیقهـ و فیکری سیاسییان پێکەوە وەرگرتووە، شارەزای زانستە شەرعییەکانیش بوون و درکیشیان بە ململانێ شارستانێتییەکەش کردووە. ئەوە شێخ (یووسف قەڕەزاوی،) شێخ (عومەر عەبدوڕەحمان)ی میسر، شێخ (مستەفا سیباعی)ی سووریا، شێخ (عەبدولعەزیز بەدری)، شێخ (حارس زاری)ی عێراق، (مامۆستا مەلا عوسمان)ی ڕابەر، مامۆستا (ئەحمەد کاکە مەحموود)ی خۆمان، شێخ (سەفەر حەوالی)ی حیجاز، (فەیسەڵ مەولەوی)ی لوبنان، (شێخی نەبهانی)، شێخ (عەبدولقەدیم زەللوم)، شێخ (عەبدوڵا عەززام)ی فەلەستین، شێخ (عەبدولمەجید زیندانی)ی یەمەن، شێخ (ئەبولحەسەنی نەدەوی)ی هیندستان، (گەوهەروڕەحمانی)ی پاکستان، شێخ (بورهانەدینی ڕەببانی)، (مەلا عومەر)ی ئەمیری تاڵیبانی ئەفغانستان، شێخ (محێدین کەبیری)ی تاجیکستان، شێخ (یەحیا حاجی عوسمان)ی مالیزیا و سەدانی تر.

* * *

## باسی سێیەم:

# تۆکمەتر و پشوو درێژانە

### (ئیسلامیی سیاسی)

ئەمە پێناسەیەکی هەر سێ حزبی وەکو دەڵێن "ئیسلامیی سیاسیـ" ـیە: ئیخوانولموسلیمین، جەماعەتی ئیسلامیی پاکستان و ماشۆمی (ئەنجومەنی شوورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا)یە. کە بە دایکی حزبە سیا سییە ئیخوانی مەشرەبەکان دادەنرێن. وەکو حزبی ئیسلامی مالیزیا، حزبی داد و گەشەی تورکیا، حزبی نەهزەی توونس و ...هتد. کە باوەڕیان وایە لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەگەنە دەسەڵاتێك کە شەریعەتی خوا جێبەجێ بکەن.

## یەکەم: ئیخوانولموسلیمین

گومانی تێدا نییە کە گەورەترین کاردا نەوەی ڕمانی خیلافەت، هاتنی ئیستیعمار و دروستکردنی حکومەتی مورتەددی سەربەخۆیان، گەورەترین هیوا و ئومێدێکی سیاسی کە خوای پەروەردگار لە دڵی ئوممەتەکەدا ڕوواندییەوە؛ (ئیمام بەننا)ی ڕەحمەتی و ستراتیجێتی و هەڵوێست و ڕەنج و جیهادی ئیخوانولموسلیمینەکەی بوو، کە لە ساڵی (١٩٢٨)دا لە ئیسماعیلییە بۆ پاراستنی نا سنامەی ئیسلامی، زیندوو ڕاگرتنی درووشمەکانی ئیسلام، بایەخدان بە کێشەی موسوڵمانان و هێنانەوەی حوکمی ئیسلام دروستی کرد. کە توانیی لە ڕووی فیکری سیا سییەوە ئەو قەناعەتە بۆ موسوڵمانان دروست بکاتەوە کە ئیسلام بەرنامەی خوایە و ئەمانیش موسوڵمانن و حەتمەن بۆیان نییە شوێن بەرنامەیەکی کوفر بکەون. پاشان سەدان بیرمەندی دیکەی بۆ ئوممەتەکە پەروەردە کرد. خوا پاداشتی شایانی بداتەوە، ئامین.

ئیمام (حەسەن بەننا) (رحمه الله)، لە ساڵی (١٩٠٦) لە خانەوادەیەکی دینپەروەر لە دایك بووە، تەمەنی (١٨) ساڵان بوو کە منارەی ئوممەتەکە ڕووخا و دەوڵەتی عوسمانی -کە کۆتا سونبولی دەسەڵاتی سیاسیی حوکمی مەرکەزێتیی ئوممەت بوو- کەوتبووە گۆشەیەکی بیرچۆوەی مێژووەوە! ئیمام بەننا سۆراغی کاردانەوەکانی کردبوو، بەشداری کۆڕی مەزن و شکۆداری زانایان بوو بوو، هەستێکی یەکجار قووڵی هەتیوویی ئوممەتی لا دروست بوو بوو، پەیی بەوەش بردبوو کە بەو کەرەستە کۆن و سادانەی بەردەستی ئوممەت بەری ئەو لافاوە توندە ناگیرێت، زەمەنیش لە لایەنی ئیستیعمارە نەك موسوڵمانان. خەمی خاك و خەڵکی لەبەر بوو، تا دوای چوار ساڵ لە نەمانی دەوڵەتی عوسمانی خوای گەورە بەرچاوی ڕۆشن کرد کە بکەوێتە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی پەروەردەیی سیاسیی پشوودرێژ و بەرچاوڕوون، بکەوێتە گردکردنەوە و ئاڕاستەکردنەوەی هەموو ئەوانەی وەدەنگ بانگەوازەکەیەوە دێنەوە.



ئیمام حەسەن بەننا

نە لە خودی ئیمام بەننا و نە لە خانەوادە و نزیکانی نەبیستراوە وترابێت کە ئیمام بەننا لە منداڵیدا خەریکی وازی و بازی بووبێت، چ جای لە هەرزەکارییدا. لە سەرەتای چاوکردنەوەیدا بوو (لە هە شت ساڵیدا) کە جەنگی جیهانی یەکەمی بەو هەموو کارە ساتانەوە بینی کە بە سەر میللەتانیدا هێنا، ئەم ئەو کاتە خەریکبوو لەبەرکردنی قورئانەکەی تەواو دەکرد. لە سێزدە ساڵیدا کتێبەکانی شەرعی دەخوێندەوە! دەچووە کۆڕی هەر مەلایەك، کۆمەڵێك زانای کۆستکەوتووی تری لابوو، هەموو باسیان لە زەروورەتی کارکردنێك دەکرد بۆ گێڕانەوەی خیلافەت!

کە شێخ (محەمەد حەسەنەین)ی جێگری شێخی ئەزهەر بابەتەکەی خۆی لە ڕۆژنامەی

ئەهرامدا لە (١٩٢٨/٣/٧)دا بڵاوکردەوە، کە کەمالیزمەکانی تێدا بە درۆ دەخاتەوە کە دەیانوت "خیلافەت ڕێی لە پێشــکەوتنمان گرتووە"! کە تێیدا داوای بەســتنی کۆنگرەیەکی بەرفراوانی بۆ دانانەوەی خەلیفەیەك لە زانایان و بیرمەندانی ئیســلامی کرد، بەتایبەتی لە ئەزهەرییەکان، لەو کاتەدا بیرۆکەی دروســتکردنی ڕێکخراوە پەروەردەییە ســیاســییەکە لەســەری ئیمام بەننادا خەملیبوو، بۆیە هەر لەو کاتەدا یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵی ئیخوانولمو سلیمینی بەهاوبیرانی کرد! لەهەمان کاتیشدا چاوەڕێی بەستنی ئەو کۆنگرەیشی دەکرد، بێئەوەی ئومێدی خۆی پێوە ببەستێتەوە!

وەکو کە لە دۆکیۆمێنتەکانی ئیمام بەننا و ئیخوانولمو سلیمدا دەردەکەوێت؛ لەو کۆبوونەوەیەدا یەکەم ڕەشنووسی دەستووری ڕێکخراوەکەی ئامادە کردبوو، کە ناوی نابوو **"القانون الأساسي"** واتە: یاســای ســەرەکی. ســەرجەمی کۆبوونەوە و دید و بۆچوونەکانی ئیمام بەننای ڕەحمەتی لە کۆنگرەی ساڵی (١٩٣١)دا کرا بە تیۆری کۆمەڵکاریی ئیخوان و هەموو پێوەی پابەند بوون.

لە ماددەی دووەمی یاســای ســەرەکی ئەو ســەردەمەی ئیخواندا وا هاتووە کە: "ئیخوان موســلیمون (برایانی موســوڵمان) دەســتەیەکی ئیســلامیی کۆمەڵکارە، بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی ئیسلام و هەرچی پێوەی بەندە، تێدەکۆشێت...".

لە بڕگەی ٥ی هەمان بڕگەشدا هاتووە کە: "ئازادکردنی دۆڵی نیل، هەموو وڵاتە عەرەبییەکان و نیشــتیمانی ئیســلامی بە هەموو پارچەکانییەوە لە دەســەڵاتی هەموو بێگانەیەك، هەروەها پشــتگیری و یارمەتیی هەموو کەمایەتییە ئیســلامییەکان لە هەر کوێیەك بن، هەروەها پشتگیریکردن و لایەنگریی تەواوی یەکێتیی عەرەب و هەنگاوهەڵهێنانەوە بەرەو کۆمەڵکارێکی عەرەبی".[١]

ڕۆشــنە کە ئەم بڕگەی دوایی جەخت لەســەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵی ئیخوان کار بۆ

(١) علي عبدالحليم محمود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين، ط٢، دار الوفاء، ١٩٩٢، ج١، ص٥٦.

هێنانەدیی ئەو ئامانجانە دەکەن کە ئیسلام هێناونی و دەخوازێت بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی بهێنێتە دی. سەرەکیترین ئامانجی ئیسلامیش دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامە، کە سیستمی خیلافەت و دانانەوەی خەلیفەیەکی موسوڵمانە. (مەبەستەکانی ئیسلام)یش وەکو زانای گەورە (ئیبنو خەلدوون) دەفەرموێ، بریتییە لە: "سەرفرازیی ڕۆژی دوایی خەڵکی، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە سنووری ڕەفتار، کردار و ئیدارەی ژیانیان بە شەریعەتەکەی خوا بکرێت، ئەم حوکمکردنەش تایبەتە بە نێرراوانی خوا و ئەو کەسانەوە کە نێرراوانی خوای گەورە دیارییان کردووە. لەمەوە مانای خیلافەتت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە:

- هێزو دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ ئەوەیە هەمووشتێك بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، تا هەموو حەز و ئارەزووەکانی خۆیان پێ بهێنێتە دی.

- سیاسەتیش بەکارهێنانی هەموو وزەکانی بەردەستە بۆ هێنانەدیی ئەو هیوایانەی لە ڕوانگەی هزر و ژیرییەوە پەی پێ براوە، بۆ ئەوەی زیانەکانیان پێ دوور بخرێتەوە و بەرژەوەندییە دونیاییەکانیان پێ بهێنرێتە دی.

- بەڵام خیلافەت بۆ بەگەڕخستنی هەموو وزە و هێزێکە بۆ چەسپاندنی شەرع تا بەرژەوەندییەکانی دونیا و دواڕۆژی خەڵکەکەی پێ بێتە دی، چونکە هەموو بارودۆخی دونیایی بە پێوەری قیامەتی دەپێورێت. بۆیە لە ڕاستیدا خیلافەت بریکاریی خاوەن شەریعەتەکەیە لە پاراستنی دین و ئاڕاستەکردنی دونیا پێی".[١]

پاشان دەفەرموێ: "دانانی ئیمام (خەلیفە) فەرزە، فەرزبوونیشی بە بەڵگەی شەرع بە پێی کۆڕا (ئیجماع)ی یاوەران و تابعینە، چونکە دەبینیت هەر لە ساتی یەکەمی کۆچیدواییکردنی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ)، یاوەران کەوتنە ڕاوێژی دانانی خەلیفە تا لەسەر ئەبوبەکری سدیق (خوا لێیڕازیبێت) ڕێککەوتن و بۆی ملکەچ بوون و بە بڕیارەکانییەوە پابەند

---

(١) ئیبن خەلدون: المقدمة/ الفصل السادس والعشرون، ص١٥٠.

بوون، له هەموو سەردەمەکانی دواى ئەوانیش هەر وا ڕۆیشتووە، نەیانهێشتووە کاروبار بە فەوزا و گەڕەلاوژێ بڕوات، ئاوا گەیشتوونەتە ئەوەی کە حەتمەن دەبێت خەلیفەیەك دابنرێت".[1]

ئەم فەرزە شەرعییە لە بیر و هۆشی زانایانی ئیسلام و بیرمەندان و تەنانەت لە هەست و هۆشی عەوامی گەلانی هەموو ئوممەتی ئیسلامدا ڕۆشن بوو، کە گێڕانەوەی سیستمی خیلافەت بۆ شوێنی ڕەوای خۆی لە حوکمڕانیکردنی ئوممەتی ئیسلامدا ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکە و کەمتەرخەمی نواندن تێیدا گوناحبارییە.

حەتمەن ئەمە لای ئیمام بەننای دووربین و بەهیممەتیش ڕۆشن بووە؛ (د. عەلی عەبدولحەلیم مەحمود)ی مێژوونووسی ئیخوان دەنووسێت: "دانانی خەلیفە لە هەموو سەردەمانی مێژووی ئیسلام و موسوڵماناندا -هەر لە سەردەمانی یاوەرانەوە تا ئێستا و تا ڕۆژی قیامەت- بە فەرزی سەرشان دانراوە، چونکە فەرزێتییەکەی لە دینەکەوە هاتووە و کات و شوێن کاریگەریی لە سەری نییە. بۆیە فەرزێتیی دانانەوەی خەلیفە و گێڕانەوەی خیلافەت لە ویستی ئیمام بەننا و پاشان لە هزری هەموو ئیخوانەکانی دەوروبەریدا هەبوو، ئیخوان -کە ئەو کاردانەوە پشێویەی لە نێوان زانایانی ئەزهەر، بیرمەند، نوسەر، سیاسییە موسوڵمانەکان، گەلی میسر و عمومی ڕەعییەتە سەرلێشێواوەکەدا دەرهەق بە ئیلغاکردنەوەی خیلافەت دەبینی- زیاتر قەناعەتی بە فەرزێتی هێنانەوەی خیلافەت دەکرد، بۆیە هەر دەبوو ئیخوان ئەو ئەرکە شەرعییە بکاتە یەکەمین ئەرکی سەرەکی سەر شانی خۆی...[2]

زۆر کەس -بە تایبەتی لە لایەنگرانی حزبی تەحریر[3]- ئەوەیان لە کۆنەوە وەکو ڕەخنەگرتن

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١١١.

(٢) علي عبدالحليم محمود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين، ط٢، دار الوفاء، ١٩٩٢، ج١، ص٥٨.

(٣) حزبی تەحریر کوتلەیەکی سیاسیی ئیسلامییە داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەکات، تا هەموو موسوڵمانان جارێکی تر لەژێر سایەیدا کۆببنەوە. حزبی تەحریر هەر وەکو حزبێك ڕەفتاردەکات. لە ساڵی (١٩٥٢)دا لەسەر دەستی شێخ تەقیودینی نەبهانی -کە قازی شەرع بوو- دروستکرا. سەرۆکایەتیی حزب بەناوی ئیمارەتەوەیە، سەرۆکی حزبەکەیش پێیدەوترێ:

له ئیمام بەننا و له ئیخوان پرسیوه و دەپرسن، که بۆچی ئیمام بەننا که ئاوا دەیزانی هێنانەوەی خیلافەت فەرزە ئاشکرا و ڕاشکاوانه نەیدەوت که من هەوڵ بۆ هێنانەوەی خیلافەت دەدەم؟! دیسان بۆچی ئیخوان لەو کۆنگرەی (١٩٣١)ەوە تا ئێستا هەر دەڵێن حوکمی ئیسلامیان دەوێت بەڵام ناڵێن خیلافەت؟!

له بەندی پێنجەمی نامیلکەی ئیمام بەننا "عقیدتنا"، که له (٢٨/شەعبانی ١٣٥٣-١٩٣٤/١٢/١٦)دا بڵاوکرایەوە و بە دۆکیۆمێنتی ئیخوان هەژمارد دەکرێت، هاتووە که: "باوەڕم وایه که زیندووکردنەوەی شکۆمەندییەکەی ئیسلام ئەرکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکه، ئەوەش بە ڕابوونی گەلەکانیان و چەسپاندنەوەی شەریعەتی ئیسلام دەکرێت.[1]

له بەندی حەوتەمیشدا هاتووە: "باوەڕم وایه که خاڵی نهێنیی دواکەوتنی موسوڵمانان دوورکەوتنەوەیانه له دینەکەیان، سەرەتای چاکسازیش بە گەڕانەوە دەبێت بۆ تەعلیماتی ئیسلام و ئەحکامی شەریعەتەکەی...".[2]

هەروەها له نامیلکەی "إلى الشباب"یشدا -که له ساڵی (١٩٣٦)ەوە دۆکیۆمێنتی ڕەسمی ئیخوانە-، ئیمام بەننا دەفەرموێ: "دوای ئەوە حکومەتێکی موسوڵمان دەخوازین که ڕێنیشاندەرێتی ئەم گەله بەرەو مزگەوت بکات، ئێمه دان بە شەرعێتیی هیچ سیستمێکی حکومیدا ناهێنین که له ئیسلامەوە وەرنەگیرابێت و ئیعتیمادی نەکردبێته سەر ئیسلام، هەوڵیش

ئەمیر. ئەمیری یەکەمی حزب له (١٩٥١-١٩٧٧) دامەزرێنەرەکەی بوو (رحمه الله). پاشان شێخ عەبدولقەدیم زەللوم بوو، که بەڕەچەڵەك کوردەو لەشاری خەلیلی فەلەستین له (١٩٢٤)دا لەدایکبوو، له (١٩٤٣)دا دکتۆرای لەفیقهدا هێناو لەحزبدا زۆر نزیکبوو له شێخی نەبهانییەوە. بەئەمیری حزب مایەوە تا (١/محەڕەمی ١٤٢٤-٢٠٠٣/٣/١٧) چونکه تەمەنی بووبوو بە (٨٠) ساڵ، لەدوای (٤٢) ڕۆژ له (٢٧/سەفەری ١٤٢٤کۆ- ٢٠٠٣/٤/٢٩ز)دا کۆچیدواییکرد (رحمه الله). دوای ئەو له (١١/ سەفەری ١٤٢٤کۆ- ٢٠٠٣/٤/١٣ز) عەتا ئەبو رەشتا بوو بەئەمیری حزب که له (١٩٤٣)دا لەشاری خەلیل لەدایکبووە، ساڵی (١٩٦١) بڕوانامەی ئەندازیاریی مەدەنی لەقاهیرە وەرگرتووە و تا ئێستا هەر ئەو ئەمیری حزبە، که پێشتر وتەبێژی رەسمیی حزب بوو لەئەردەن.

(١) علي عبدالحليم محمود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين، ط٢، دار الوفاء، ١٩٩٢، ج١، ص٥٩.

(٢) هەمان سەرچاوە.

دەدەین بۆ زیندووکردنەوەی سیستمی حوکمی ئیسلامی بە هەموو دیمەن و ناوەڕۆکێکییەوە، ئینجا حکومەتە ئیسلامییەکە لەسەر بنەماکانی ئەو دادەمەزرێنینەوە".[1]

خواش دەیزانێت؛ ڕەنگە پێی وا بووبێت کە مەرج نییە حوکمی ئیسلام هەر بە سیستمی خیلافەت و دەزگاکانی وەزارەتی تەفویز و وەزارەتی تەنفیزی بێت، بەڵکو دەشێت لەوەشدا ئیجتیهاد بکرێت، هەر وەکو کە هەندێك مو سوڵمان لە کۆن و نوێدا پێیان وابووە کە چە سپاندنی شەرع فەرزەکەیە نەك شێوازێکی دیاریکراوی حوکمڕانی و ئیدارەی دەسەڵاتی سیاسی.

دە شێت باوەڕی پێ بووبێت کە خیلافەت سیستمێکی ڕە سەنی خودی ئیسلامە و حەتمەن دەبێت لە سەر شێوازی سەردەمی یاوەران و تابعین دابمەزرێتەوە، بەڵام ئەو هێرشە ئیستیعمارییە سەختەی وەکو لافاوی دژوار هاتبووە سەر ئوممەتی ئیسلام و سیستمی خیلافەت و حوکمی ئیسلامیی لە ڕیشەوە هەڵکەندبوو، هەموو ئەو دەوڵەتە ئیستیعمارییە سەرکەوتووانەی ڕۆژئاواش لە سەنگەردا بوون بۆ هەر کەسێك یان کۆمەڵێك هەوڵی دانانەوەی خەلیفەیەك -با ڕەمزییش بێت- بدەنەوە، ئیمام بەننا ویستبێتی خۆی لەو تین و فشارە نێودەوڵەتییە کاریگەرە بپارێزێت، بە تایبەت تین و فشاری ڕاستەوخۆی بەریتانیا کە لە میسردا بووبوونە حاکم و وردە وردە خۆیان ڕاستەوخۆ و بەکرێگیراوەکانیان بە شێوەیەکی لاوەکی بەوپەڕی جورئەتەوە دەزگاکانی حوکمی ئیسلامییان ڕادەدایە کەنار و بەدیلی ئیستیعمارییانەی خۆیان دەخستە شوێنی. لە حوکم و داوەرییەوە تا دەگاتە سیما و ڕووالەتی دەرێی ئافرەتی مو سوڵمان کە حیجابیان پێ دانا و ڕوویان پێ کردە سفووری.

لەوانەشە هەنجەتی تر هەبووبێت، بەڵام هەرچییەك هەبووبێت پێموا یە بیرمەند و سیاسییەکانی دوایی ئیخوان -ئەگەر بیانویستایە- وەکو حزبی تەحریر دەیانتوانی بیکەنە درووشمێکی سەرەکیی ئامانجی ستراتیژێتیی خۆیان.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٦٠.

هەر لێکدانەوەیەك بۆ ئەمە بکرێت لە جەوهەری کێشـــەکە کەم ناکاتەوە، کە ئیمام بەننای ڕەحمەتی و ئیخوان، لادانی حوکمی شەرعییان لە سیاسەت و داوەریدا بە کارەساتێکی گەورەی ئوممەتی ئیسلام زانیوە و هەموو هەوڵێکی سەرڕا ستانەیان بۆ گێڕانەوەی حوکم بۆ شەریعەتی ئیسلام داوە، ئەمەش کرۆکی مەبەستەکەی ئێمەیە.

ئیمام بەننا و بیرمەندانی ســەرەتای کۆمەڵکاریی ئیخوانولموسـلیمین لە میسرـ و وڵاتانی تری عەرەبی؛ هۆکاری سەرەکیی داڕشتنەوەی زەمینەی فیکری سیا سی بوون لە ناو نەوەکانی نوێی ئەم ئوممەتەدا. ئیمام بەننا و بیرمەندانی یەکەمینی ئیخوان هەموویان لەو قەناعەتەدا بوون کە دەســەڵاتی ســیاســیی ئیســلامی کە بە ســەدان ســاڵ پێکەوەنراوە، لە ماوەی مانگ و ســاڵدا نەڕووخێنراوەتەوە و تەنها هۆکاری دەرەکی هۆی ڕماندنی نییە، بەڵکو دەیان هۆی ناوەکیش هەیە، لە سەرەتایانەوە نەزانین و تێنەگەیشتنەوەی ئیسلام و پێوەپابەندنەبوونی سەرڕا ستانە و هەوڵ بۆ نەدان و وازهێنان لە ڕوکنە سەرەکییەکانی وجودی ئیسلام کە تەوحید و سیا سەت و جیهادە... بۆیە ئەوان ئاوا بە پشـــوودرێژانە کەوتنە کۆمەڵکارییەکی پەروەردەکارانەی فیکر و سیا سەت و بانگەواز و لە پێناویدا هەرچی نا سۆرێك بە سەر خاوەن فیکر و سیا سەتدا دێت؛ بێباکانە لە پێناوی خوادا چێشـــتیان، هەر لە تیرۆرکردنی ئیمام بەننا و ئیعدامی کەڵەپیاوانی ئیخوان و ئیســـلام، وەکو؛ ســـەیید قوتب، عەبدولقادر عۆدە و زیندانی دەیان ســـاڵەی پیاوانی دڵسۆز و پاکی ئیخوان بۆ مەحرووم‌بوونی هەزاران ئەندامی خێزانە ئیخوانییەکان و هەتککردنی نامووسی خوشکان و دایکانیان و کەناردان و سووکایەتیپێکردن بە نەوەکانیان.

لەبەر ئەوەی ئەوانەی بەیعەتی خواویســتانەیان بە ئیمام بەننا دابوو ســەرڕاســتبوون، خاوەن هیممەت و ئازا و چاو نەترس بوون، تەحەمولی هەموو ناســۆرەکانیان کرد و کۆســـپە سەرەکییەکانی سەر ڕێی بانگەوازەکەی خۆیانیان بڕی.

حەملەی ستەمی دامودەزگای داپڵۆ سینی مەلیك فارووق، عەبدوننا سر سادات و حو سنی موبارەك بە ئیعدام و ئەشـــکەنجە و مەحرووم‌بوون زیادی کرد لەســـەر ئیخوانی میسرـ. هەمان

حەملەی ڕیشەکێشکردنی تاغوتانی وڵاتانی تر لە سەر لقەکانی کۆمەڵکاریی ئیخوان بە تایبەتی لە شە ستەکان تا کۆتایی هە شتاکانی سەدەی ڕابوردوو بەردەوامبوو، زۆری لە ڕێگادا شەهید کرد و کە ناری دان و وازی لە ئیخوان پێ هێنان، بەڵام ڕێبەری ئیخوان ڕەنج و خە باتی سیاسییانی هەر بە ڕێکخراوەیی تۆکمە و پتەو هێشتەوە؛ تا ئیخوان بووە مەدرە سەیەکی فیکر، سیاسەت، کۆمەڵکاریی پەروەردە و ئاڕاستەیەکی ململانێی شارستانێتی نەبەز. ئیخوانولموسلمین دواتر لە ساڵی (١٩٨٣)دا ڕێکخراوی نێودەوڵەتییان بۆ لقەکانیان دروست کرد، بۆیە ئێستا لە میسر سێ ملیۆن ئەندامیان هەیە و لە (٦٣) وڵاتی جیهاندا لقیان هەیە.

## نموونە لە بەرنامەی ئیخوانولموسلیمین[١]

پێیدەوترێ: (قانون النظام الأساسي للجماعة)، لە (٢ی شەوالی ١٣٦٤کۆ/ ١٩٤٥/٩/٨ز) لەکۆنگرەی (الجمعية العمومية للإخوان المسلمين) لەبارەگای مەڵبەندی لاوانی مو سوڵمان (دار المركز العام للشبان المسلمين) بەسترا. لە هەشت (باب)و (٦١) مادده پێکدێت، لەوانە:

١- ئامانج و هۆکار.

٢- ئەندامێتی و مەرجەکانی ئەندامێتی و بەیعەتدان. کە زیاتر تەرکیز دەکاتەوە سەر لایەنی پارسەنگیی ڕەفتار و ڕەوشت و دینداریێتیی ساغ.

٣- ئۆرگانە ئیدارییەکانی ئیخوان: ڕابەری گشتی (کە مەرجە تەمەنی لە (٣٠) ساڵی هیلالی/کۆچی کەمتر نەبێت و پێنج ساڵی لە ناو ڕێکخستنەکانی ئیخواندا بردبێتە سەر)، مەکتەبی گشتیی ئیرشاد (وەکو مەکتەب سیاسیی حزبەکانی کوردستانە)، دەستەی دامەزرێنەران، کە بریتییە لە ئەنجومەنی گشتیی شوورا (وەکو مەکتەبی سەرکردایەتی حزبەکانی کوردستانە)، هەموویان بە هەڵبژاردن دێنە سەرەوە.

---

(١) علي عبدالحليم محمود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين، ط٢، دار الوفاء، ١٩٩٢، ج١، ص٢٤٥.

٤- پەیکەری ئیداریی لق و ناوچەکان: هەموو بەرپرسێك کە لێپرسراوێتیی نویٚ وەردەگرێت، بەیعەت نوێدەکاتەوە.

٥- پەیوەندیی نێوان مەرکەزی گشــتی و لقەکان. مەکتەبی ئیرشــاد بۆی هەیە ڕەزامەندی لە سەر کردنەوەی لق یان داخستنی بدات.

٦- سیستمی گشتی دارایی. دارایی لق و بە شەکان لە پارەی بەخشینی ئەندامان، زەکات، خێروخێراتی خۆیان و یارمەتیدانی سەرکردایەتی پێك دێت. هەر پارەیەك بە ئاگاداریی مەکتەبی ئیرشاد کۆبکرێتەوە، تەرخان دەکرێت بۆ ئەو پرۆژەی بۆی کۆکراوەتەوە و زیادەکەشی دەچێتەوە دارایی گشتی.

٧- بەش و لقەکان هەر دوو ساڵ جارێك کۆنگرەی خۆیان دەبەستن.

## نموونە لە پەیڕەوی ناوخۆیی ئیخوانولموسلیمین (١)

پێیدەوترێ: (اللائحة الداخلية العامة للجماعة)، کۆتا دەستکاریکردنەوەی لە (٢ی سەفەری ١٣٧١کۆ- ١٩٥١/١١/٢ز)دا بووە. سیٚ (باب) و (١٠٤) ماددەیە. لەوانە:

١- مەکتەبی ئیداری ناوچەیەك دەبات بەڕێوە، کە پێکدێت لە کۆمەڵێك ناوچە، هەر ناوچەیەکیش چەندین لقە، لقیش دابەش دەبێتەوە بۆ ئوسرە، ئوسرەش بۆ پێنج ئەندامی ڕەسمی، کە بریتین لەو کەسانەی بە ڕەسمی بوون بە ئەندام و ئەوانەش کە هێشتا ئەندامی ڕەسمی نین و لە شانەی کراوەدان.

٢- ماددەی حەوتەم: مەرجەکانی ئەندامێتییە، کە دەبێت لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

---

(١) علي عبدالحليم محمود: منهج التربية عند الاخوان المسلمين، ط٢، دار الوفاء،١٩٩٢، ج١، ص٢٧٢.

٣- ماددەی سییەم: باسی مەکتەبی ئیرشادە کە لە مەکتەبی ئیداری گەورەترە و سەرپەرشتیی بانگەواز و ئاڕاستە و موراقەبەی گشتیی ڕێکخستنەکانی ئیخوان دەکات.

٤- بەش و لێژنەکانی مەکتەبی ئیرشاد: دە بەش و شەش لیژنەن، لە بەشی بانگەواز، بەشی کرێکاران و بەشی جوتیارانەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە بەشی پیشەکان و بەشی خوشکان (کە لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە لائیحەی تایبەتی خۆیان هەیە). لیژنەکانیش لە لیژنەی داراییەوە باس دەکات تا لیژنەی ئامار.

٥- پەیوەندیی ئیداری و دارایی ئۆرگانەکان و مەرکەزی ڕێبەری.

* * *

# دوو مەدرەسەی تری ئیسلامیی سیاسی

وەك چۆن دیدی ئیخوان بووە ئەو مەدرەسەی چەندین شێوازی کۆمەڵکاریی تری لێوە پەیدا بوو؛ بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەب و وڵاتانی عەجەمی دراوسێیاندا، وەکو تورکیا، ئێران، کینیا، سۆماڵ، نەیجیریا و وڵاتانی تر. بە هەمان شێوە دوو ڕێکخراوی تری وەکو ئیخوان؛ گەورە و گرنگ و کاریگەر لە باقی ناوچەکانی جوگرافیای ئوممەتی ئیسلامدا هاتنە کایەوە، کە بریتین لە (جەماعەتی ئیسلامیـ)ـی نیوەدوورگەی هیندستان و (ماشۆمی: ئەنجومەنی شوورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

* * *

## دووەم: جەماعەتی ئیسلامی

جەماعەتی ئیسلامی: کە بە ڕێبەری (ئیمامی مەودوودی) (رحمه الله) لە ساڵی (١٩٤١)دا لە هیند ستان دامەزرا و پا شان هەر لە سەردەمی ئەودا لە هەموو وڵاتانی هیند ستان، پاکستان، بەنگلادیش، سریلانکا، میانمار، ئەفغانستان و سەرووتردا لقی کردەوە.

### هۆکارە کاریگەرەکانی دروستبوونی جەماعەتی ئیسلامی

جەماعەتی ئیسلامیی پاکستان، خۆی بە درێژکراوەی ڕەنج و جیهادی ڕێبەرە موسوڵمانەکانی هیند ستانی دەزانی و هە ستی لێپرسراوێتیی پارا ستنی یەکێتیی فیکریی مو سوڵمانانی خستبووە سەر شان، وەکو ئەوەی قەناعەتی بەوە هەبێت کە زیانیان لە نیوەیدا بگەڕێتەوە، چونکە دەسەڵاتی سیاسیی شەش سەد ساڵەیان لە دەست چووبوو.

لە هیندستاندا دەوڵەتی ئیسلامیی زۆر و جۆراوجۆر دروست بوو، پاشا و سوڵتانی زۆر حوکمڕانیان کردن، هەیانبوو ستەمکار و تاوانبار، وەکو (مەلیك ئەکبەر) (٩٦٣-١٠١٤ك/١٥٥٦-١٦٠٥ز)، کە هەموو دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بۆ ئینحیراف و دەرچوون لە ئیسلام تەرخان کردبوو، سیما و جەوهەری کوفرینی زۆری نیشان دابوو، جارێك خۆری بە مەزن دەزانی و جۆرێك لە پەرستنی بۆ دەکرد، جارێك مانگ و جارێکیش خوای کردگار! دیدەوانانی کۆڕی خۆی ناچاری سوجدە بۆ بردنی دەکردن. شەراب و زینا و سووی حەڵاڵ کردبوو، لەبەر دڵی هیندۆسەکان ڕێی لە سەربڕینی مانگا گرتبوو. ئەم گومڕاییە شی ناو نابوو "دینی ئیلاهیی ئەکبەر شاهی" و خەڵکی ناچار دەکرد پێوەی پابەند بن. زۆریشی لە زانایان و بیرمەندانی ئیسلامی چەوساندەوە لەوانەی دژی گومڕاییەکانی دەدوان و هەڵوێستی پێچەوانەیان دەگرتە بەر!

سەرباری ئەم ناهەموارێتییەی سیاسەت و حوکم، زانا زۆر کەم بووبوونەوە، بە دە هەزار کەس مەلایەکیان بەر نەدەکەوت! حوجرەکان فەقێیان کەم دەبۆوە، مەلا نەیدەتوانی مەلایەتییش

بکات و کاسبییش بکات. ئەو مەلایانەی کە هەشبوون کەڕ و کونتێی مەزهەبی حەنەفی بوون، ئەقڵیان بە گەڕانەوە سەر قورئان و سوننەت نەدە شکا، زۆرینە شیان هەر نەیاندەزانی چۆن ئەحکامی شەرعی لەو دوو سەرچاوە پاکەوە وەردەگیرێت!

لەسەر ئەم بێکەسییەوە نەزانینێکی تاریك دڵ و دەروونی خەڵکیی گرتبۆوە، شیرکیاتێکی سەیر بە ناوی سۆفیگەرێتی و عیرفانەوە بە ناو دینداراندا دەهات و دەچوو! زۆرینەی شێخی تەریقە و عەوامی دینداران کەوتبوونە ژێر کاریگەریی عەقیدەی شیرکیاتی هیندۆس و سیخ و دینەکانی تری هیندستان؛ باوەڕیان بە "وەحدەتی وجود" هەبوو، واتە دەشێت خالق و مەخلووق ببن بە یەك! یان باوەڕیان هاتبووە سەر "کۆپیکردنی ڕۆح"! واتە وەکو سیخ و بودایی لەو باوەڕەدا بوون کە ڕۆحی پیاوچاك دەچێتە جەستەی کەسانی تری ژیر و پارسەنگ، ڕۆحی خراپەکارانیش دەچێتە ناو جەستەی سەگی ڕەش و بەراز و گیانلەبەری دڕندە!!

بەڵام لەتاریکستانی شەوەزەنگی ئەم گومڕایی و بێکەسییەدا، چەند مەلیکێکی پیاوچاکی وەکو؛ فەیروز تەغلەق کە لەماوەی ساڵانی (٧٠٨-٧٩٠کۆ/ ١٣٠٩-١٣٨٨ز) ژیاوەو مەلیك ئۆرەنگ زیب جیهانگیر (ئۆرەنگ زیب واتە: جوانی شاهان) (١٠٢٨-١١١٨کۆ/ ١٦١٩-١٧٠٧ز)، کە (٥٢) ساڵ حوکمی دادپەروەرانەی کردو لەتەمەنی (٨٨) ساڵیدا کۆچیدواییکرد. دەیان زانای بلیمەتی مێژوویش دەرکەوتن، کە زۆر بەقوڵی لەدین و واقیعەکە تێگەیشتبوون، ئاسەواری بانگەوازەکانیان بۆ سەد ساڵ بڕیکرد. لەوانە:

**١- ئیمام سەیید ئەحمەدی سەرهەندی (٩٧١-١٠٣٤ك/١٥٦٣-١٦٢٥ز):** زانای شایانی ئیمامەت و ئیجتیهاد، شیاوی نازناوی "نوێکاری هەزارەی دووەم"؛ وەکو شێخ ئەبولحەسەنی نەدەوی دەفەرموێ![1] لە ناوچەی سەرهەندی هیندستان لە خێزانێکی دینپەروەر و زانا لە دایك بوو، باوکی شێخی تەریقەی قادری بوو، بەڵام شەرعناس بوو، زۆرینەی زانستە شەرعییەکانی بە سەیید ئەحمەدی کوڕی وتەوە، ئەمیش وەکو منداڵێکی وریا و گەنجێکی پڕ

(١) ابوالحسن الندوي: الامام السيد احمد السرهندي، دار القلم، الكويت، ١٩٩٤، ص ٥.

هه ستی بەرپر سی، شەو و ڕۆژی دایه دەم یەك، تا له تەمەنی (١٧) ساڵیدا ئیجازەی مەلایەتیی له زانستـــه شـــەرعییەکاندا وەرگرت و بوو بە مەلا، پاشـــان ئیجازەی شـــێخێتیشـــی دایە کە ببێتە شـــێخی تەریقەتی قادری. ئینجا بۆ وەرگرتنی زانســـتی زیاتری شـــەرع ناردی بۆ دەهلی، لەوێ چووە خزمەت شێخ عەبدولباقی بەدەخشی و بوو بە شێخی نەقشبەندی.

که باوکی له ســـاڵی (١٠٠٧ك/١٥٩٩ز)دا کۆچی دوایی کرد، ئیتر ئەم چووە حەج و دوو ســـاڵ لەوێ بۆ وەگرتنی زانســـتی زیاتری شـــەرع مایەوە. کە گەڕایەوە ڕێبازێکی جوانی له هیند ستاندا دانا کە تا ئێ ستاش مەدرە سە شەرعییەکانی ئەو وڵاتانە لە سەری دەڕۆن، ئەویش دەرسدادانی پەروەردەی دەروون (تەزکییەی نەفســـ)ـــە بۆ قوتابیانی شەرعنا سی. بۆیە ئەو مەلایەی لەم مەدرە سە دەردەچوو، خوانا سیشی زۆر باش دەبوو. هەر ئەم سیستمە شە دەبینیت لە تەکییەکانی بیارەی لای خۆیشماندا هەیە، ئەمە لەتەریقەتی قادریدا کەمتر دەبینرێ.

ئەم زانا بەڕێز و بەهێزە لە نیوەی دووەمی حوکمی مەلیك ئەکبەری ســـتەمکار و نەفام و مونحەریفدا (٩٦٤-١٠١٤کۆ - ١٥٥٧-١٦٠٧ز) لەدایکبووە، بەڵام لە ســـەردەمی مەلیك (جیهانگیری کوڕی ئەکبەر)ی مونحەریفدا بانگەوازەکەی پەرەی ســـەند، کە ئەویش وەکو ئەکبەری باوکی مونحەریف و موشریك و ســـتەمکار بوو. بۆیە هەر زوو شـــێخی ســـەرهەندیی خستە زیندان و بەرهەڵستیی بانگەوازە ئیسلاحییەکەی کرد. پا شان ناچاری ئازادکردنی بوو. لە کۆتایی ژیانی ئەم پیاوە مەزنەدا مەلیك (خوڕەمی کوڕی مەلیك جیهانگیر) کەوتە ژێر کاریگەریی بانگەوازەکەی ئیمامی ســـەرهەندیی و کردی بە ڕێبازی خۆیی و کاربەدەســـتانی دەوڵەتەکەی. بە مەش زەمینە یەکی لە باری بۆ چاکســـازی داڕشـــت، کە بۆ مەلیك عالەمگیر(ئۆرەنگ زیبـ)ـی کوڕی چاکی (١٠٦٨-١١١٨ك/١٦٥٨-١٧٠٧ز) مایەوە، کە ئەویش لە سەر سیرەی با شی باوکی ڕۆیشت و زانستی شەرعیی بوژاندەوە و بە دادی شەرع ئاهێکی کامەڕانیی خستەوە ناو موسوڵمانانەوە.

**٢- ئیمامی وەلییوڵڵای دەهلەوی (١١١٤-١١٧٦ك/١٧٠٢-١٧٦٤ز):** ئەحمەد وەلییوڵڵای کوڕی عەبدوڕڕەحیمی عومەری دەهلەوی؛ ئیمامی پێشڕەوانی عەقیدەی پاکی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، پێشەوای تەفسیر و فەرموودەوانی، دەریای قووڵی فیقهـ و ئوسووڵ، تاقە زانای بێ هاوتای هەموو هیندستان. باوکی هەر زانا و عەبدولعەزیزی کوڕیشی خەریك بوو دەگەیشتە مەنزیلەی باوکی!! ئیمامی وەلییوڵڵای دەهلەوی لە تەمەنی (١٥) ساڵییدا بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرت! هەر کەس کتێبی "حجة الله البالغة"ەکەی بخوێنێتەوە دەزانێت چ دەریایەکی هەموو زانستە شەرعییەکان بووە!

پێشەوای گۆڕانکاری بوو، سەدان جۆر بیدعەی ژێر خاك نا و سەدان سوننەتی لە شوێنیان گەشاندەوە. شوێنکەوتووانی بە هەزاران مەلا و بە ملیۆنان شوێنکەوتوو بوون!

ئەم پێشەوا بەڕێزە کاریگەریی زۆری لە زانایانی سەردەمی خۆی کرد.

ئەوەی کاریگەریی دید و ڕێباز و هەڵوێستی ئەم ئیمامە بەهێزەی وەکو خۆی بۆ زیاتر لە سەد ساڵ ڕاگرت؛ دوو ئیمامی تری بەڕێز بوون: (سەیید ئەحمەدی شەهید)، خاوەنی کتێبی (الصراط المستقیم) و ( سەیید ئیسماعیلی شەهید)، خاوەنی کتێبی (منصب الإمامة)، کە هەردووکیان لە جەنگێکی دژی سیخدا لە ساڵی (١٢٤٦ ك/١٨٣٠ز) شەهید بوون.

ئیمامی مەودوودی دەر بارە یان دە فەرموێ: " هەردوو شەهید و بزووتنەوە کە یان هەر درێژکراوەی بزووتنەوە ئیسلاحییە گەورەکەی ئیمامی وەلییوڵڵای دەهلەوی بوون".[١]

## سەرەتای ئیستیعماری بەریتانیایی

لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمی زایینیدا ئینگلیز بە ناوی "کۆمپانیای بازرگانی"یەوە جێ پێی خۆی لە هیندستان قایم کردبوو، کە پێی کرایەوە و هەنگاوی گەورە و دژواری بۆ پچڕینی

(١) الشیخ مسعود الندوي: تأریخ الدعوة الاسلامیة في الهند، ص١٧١.

دەسەڵات نا. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دەسەڵاتێکی کردەوەیی کەوتبووە بەر دەست، بۆیە ئیتر بەریتانیا نەوەستا تا سوپای خۆی گەیاندە هیندستان و خۆی کرد بە حاکمی وڵات و بە هەزاران گەنجی ئەو گەلانەی کرد بەسەربازی خۆی!

## بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی هیندستان (١٢٧٣ك - ١٨٥٧ز)

هەســت بە زوڵم و چەوســانەوەی ســیاســی و ئابووری و ڕۆشــنبیریی ئینگلیز بووبوو بە کاردانەوەیەکی پەنگخواردوو، تا لە ساڵی (١٢٧٣ك/١٨٥٧ز)دا بوو بە شـۆڕشـێکی خوێناویی سـەراپای وڵات. شـۆڕشـەکە بە سـەرۆکایەتیی فەرماندە موسـوڵمانەکان بوو، چونکە ئەوان لە ڕوانگەی دینەکەوە ئیسـتیعماری ئینگلیزیان بە ئەغیار دەزانی و هەسـتیان بە سـتەمێکی زۆرتر کردبوو کە لێیان کرابوو. شۆڕشەکە چەندین مانگی خایاند، تا لە کۆتاییدا ئینگلیز سەرکەوت و (مەلیك جیهانگیر)ی فەرماندەی شـۆڕش بە دیل گیرا و نەفی کرا بۆ بۆرما (میانماری ئەمڕۆ)، بەمەش بە یەکجاری دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامی لە هیچ شوێنێکی هیندستاندا نەما.

لەگەڵ ئەم کارەســاتەشــدا، موســوڵمانان بە پێی سرووشــتی دینەکە هەر دەبوو لە هەوڵی سەرەکیدا بن تا ئەوەی لە دەستیاندا ماوە وەکو دەسەڵاتەکە لە دەستیان دەرنەچێت، بۆیە کەوتنە بزووتنەوەیەکی زانسـتی و بڵاوکردنەوەی بیروهۆشـی ئیسـلامی و چەندین فێرگەی سـەرەکییان دانا کە تا ئێستاش سەرچاوەی پێگەیاندنی فەرماندە و بیرمەند و زانای شەرعناسییە، وەکو:

- **زانکۆکانی دێوبەند:** کە شوێنکەوتووانی ئیمامی وەلییوڵڵای دەهلەوی دوای دە ساڵ لە شکستی شۆڕش لە (١٢٨٣ك/١٨٦٧ز) کردیانەوە، کە زانستە شەرعییەکان بخوێنن و، بایەخی زۆرتر بە فیقە لە سەر مەزهەبی حەنەفی بدەن.

- **زانکۆی عەلیکرە:** دوای بیســت ســاڵ لە شــۆڕشــەکە لە (١٢٩٣ك/١٨٧٧ز)، بە ســەرپەرشــتیی ســەیید ئەحمەد خان (١٢٣٢-١٣١٦ك/١٨١٧-١٨٩٨ز) دامەزرا، بەرنامە و ئاڕاسـتەی ئەم زانکۆیە بۆ پێکەوەسـازاندنی زانسـتییەکانی سـەردەم بوو تا موسـوڵمانان بتوانن

لەگەڵ ئەم شارستانێتییەی ئیستیعماردا هەڵکەن و سوودی لێ وەرگرن.

**- کۆمەڵەی نەدوەی زانایان:** دوو مەدرە سەی پێشوو شێوازی کۆن و نوێی فێرکردن و پەروەردەکردن و ئاراســـتەکردنیان گرتبووە بەر. کۆمەڵێك زانا و بیرمەندی تر لە نێوان هەردوولایاندا ئاراســـتەیەکی تریان هێنایە کایەوە، کە ڕایانگەیاند بەرنامەیان بریتییە لە: "چاکسازی لە مەنهەجی مەدرەسەکانی فێرخوازی، تا شیاوی خوێندنی قورئان و سوننەت و زانستەکانی سەردەم دەبن". دوای پەنجا ساڵ لە کردنەوە و چالاکیی ئەم کۆمەڵە. شێخ شبلی نەعمانی پەیدا بوو کە لقێکی زانستی شەرعیی تایبەتی بە ناوی "دار العلوم" دامەزراند، ئێستا زیاتر لە سێ سەد لقی لە نیوە دوورگەی هیندستاندا هەیە، هەموو **سەرکردایەتیی تاڵیبانی ئەفغانستان** دەرچووی ئەم مەدرەسەیەن.

* * *

**لەم مەدرەســە و بارودۆخانەوە کۆمەڵێك بیرمەندی گەورە پەیدابوون، لەوانە:**



ئەبولکەلام ئازاد

## ١- ئـەبولکـەلام ئـازاد (١٣٠٦-١٣٧٧کۆ/ ١٨٨٨-١٩٥٨ز)

ناوی خۆی ئەحمـەدی کوڕی خەیرەدینـە، دایکی عەرەبە و لە شـــاری مەککەی پیرۆز لە دایکبووە و لە شـــاری دەلهی کۆچی دوایی کردووە. گەنجێکی زیت، وریا، زیرەك، پڕ لە زانســـتییەکانی قورئان و ســـوننەت، شـــارەزا لـە واقیعی خۆی، وتـاربێژێکی بێ وێنـە و نوسەرێکی کاریگەر، لەبەر ئەوەیە کە نازناوی ئەبولکەلام (خاوەن قسە یان قسەزانـــ)ـــی بە سەردا دراوە! زمانی عەرەبی، تورکی، فارسی، ئۆردۆ و ئینگلیزیی بە ڕەوانی دەزانی، گۆڤاری (هیلالـــــــ)ـــــی دەردەکرد، کە لەو ســـەردەمەدا (٢٥٫٠٠٠) دا نەی لێ دەفرۆشرا، ئەوەش تیراژێکی زۆر زۆرە بۆ ئەو ســـەردە مە کە خوێندەواری کەم بوو. زۆرجار زیندان کرا و نەفی کرا. زۆر ویلایەتی لێ قەدەغەکرا. لە بە شی بەنگلادیش ماوەیەك جێگیر بوو، لەوێ هەموو قورئانی تەفسیر کرد و بڵاویکردەوە. بەردەوام لە سـەرۆکایەتیی کۆمەڵکاریی کاریگەردا مایەوە. دوای سـەربەخۆیی هیندسـتان (١٩٤٧ تا ١٩٥٨)، بۆ ماوەی یازدە ســاڵ لە حکومەتی هیندســـتاندا وەزیری مەعاریف (پەروەردە و خوێندنی باڵا) بوو.

## ٢- محەممەد ئیقبال (١٢٩٤-١٣٥٧ك/ ١٨٧٧-١٩٣٨ز)

ئیقبالی کوڕی شـێخ نوورمحەممەد، لە شـاری سـیالکۆتی پاکسـتان لە دایکبوو، پەنجابی، عەرەبی، فارسـی، ئۆرد، ئینگلیزی و ئەڵمانییەکی ڕەوانی دەزانی، چونکە دکتۆرای لە فەلسـەفەدا لە شـاری میونیخی باشـووری ئەڵمانیا وەرگرتبوو. خاوەنی شـیعر و ئەدەبێکی زۆر باڵا و دیدێکی فـەلـسـەفیی زۆر قووڵە. بـەکـالۆریۆس و ماسـتەرەکەی لە ئەدەبدایە. چووە بەریتانیا و بڕوانامەی تری لە مافناسـیدا بە ئیمتیازەوە لەوێ هێنایەوە، چووە ئیسپانیا و ئیتاڵیا و موحازەرەی لە قورتوبە و ڕۆمادا دەدا و کەسانی وەکو مۆسۆلینیی حاکمی ئیتاڵیا زۆر پێی سـەرسـام بوو بوو، چووە میسر و حیجاز و ئەفغانسـتان؛ لە هەموو وڵاتێك وەکو سـەرۆکێك پێشـوازیی لێ دەکرا. دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپا لە ساڵی (١٩٠٨ز)دا، بوو بە سەرۆکی پەیوەندیی موسوڵمانان (موسلیم لیگ)، کە ئێستا لە پاکستان نەواز شەریف سـەرۆکێتی. وەکو پیشـەش لە شـاری لاهووری پاکسـتان بوو بە پارێزەر. یەکەمین سـەرکردەی موسـوڵمان بوو کە داوای "جیابوونەوەی موسوڵمان و هیندۆس"ی کرد، ئەویش ناوی "پاکستانـ"ـی بۆ هەڵبژارد، بەڵام بە چاوی خۆی نەیبینی، چونکە دە ساڵ پێش جیابوونەوەی پاکستان کۆچی دوایی کرد. ئەو ڕۆژەی ئەو کۆچی دوایی کرد هەر هەموو دائیرەکانی دەوڵەت داخران، دوکان و بازاڕەکان داخران، دەتوت هەموو خەڵکی لاهوور لە بەردەم ماڵەکەی ئەودا کۆمەڵبوون؛ نەك هەر لاهور، هەموو هیندسـتان بە موسوڵمان و هیندۆسییەوە بۆی خەمبار بوون. تەنانەت (تاگۆر)ی شاعیری گەورەی هیند ستان کە هەواڵی مردنی ئیقبالی درایە، وتی: "کۆچی دوایی ئیقبال بۆشـاییەك جێ دەهێڵێت وەکو قووڵی برینە، ماوەیەکی زۆری دەوێت تا پڕ دەبێتەوە. کارەسـاتی کۆچی دوایی شـاعیرێکی



محەممەد ئیقبال

جیهانیی وەکو ئیقبال ئەوەندە بە خەمە؛ هیندستان بە تەنها تەحەممولی ناکات"!!

ئیقبال (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، بیســـت کتێبی لە ســـیاســـەت، ئابووری، پەروەردە، فەلسەفە و فیکردا جێ هێشتووە، جگە لەو دیوانە شیعرییانەی جێی هێشتوون، کە بە هۆیەوە ناو نرا " شاعیری ئیسلام"! سەیر لەوەدایە ئەم هەڵۆ بەرزفڕە بەو خێراییە گەیشتە لوتکە و ئەو هەموو ئاسەوارەی جێهێشت!

# دوو دەزگای تری سیاسیی کاریگەر

## ١- کۆنگرەی نیشتیمانیی هیندستانی

کۆنگرەی نیشـــتیمانی حزبێکی چوارچێوە فراوانی ئازادیخوازی نیشـــتیمانی بوو، خەڵکی هیندستانی بە هەموو جۆرە دین و دیدەکانەوە تێدا بوو، داوای سەربەخۆیی هیندستانی دەکرد، زۆرینەکەی هندۆسی بوون، لە ڕواڵەتدا لەگەڵ موسوڵمانانداا هاوسەنگەربوون. ئینگلیز داوای لە کۆنگرە کرد کە دەستوورێك بۆ وڵاتەکەیان بنوسن، کە نوسرا جیاوازییەکی گەورەی خستە نێوان موســـوڵمانان و هندۆســـەکانەوە، بووە مایەی ململانێیەکی خوێناوی و ســـەری کێشـــا بۆ دوولەتکردنی وڵاتەکەیان.

موسوڵمانەکانیشی لە ناو خۆیاندا کردە دوو بەش: هەندێکیان بە ڕێبەریی شێخ ئەبولکەلام ئازاد و جەمعییەتی زانایان، لایەنگری دەســـتوورەکە بوون. ئەوانی تریش بە ســـەرۆکایەتیی محەممەد عەلی جەناح، بەرهەڵستکاری بوون. سەرەنجامی ئەم ناکۆکییە ناوخۆییەش ئەوەبوو کە جەمعییەتی زانایان متمانەی موسوڵمانانی لەدەست خۆی دا و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەکەیان کەمبۆوە. لەولاشـــەوە ئەوانەی ڕێبەریی موســـوڵمانانیان کەوتە دەســـت خاوەن غیرەتی دینی و جوامێریی بوون، بەڵام لە لایەنی تێگەیشـــتنی ئیســـلام و زانســـتی شـــەرعییەوە ئاســـتی هەرەخوارەوەیان هەبوو! عەلەمانی و غەربزادەکانیش (ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی ئیستیعمار و دید و ڕێی ڕۆژئاواوە)، لەم لایەنەیاندا بوو بوونە ئەندام و ئاڕا ستەوانی سەرەکی!! ئەمەش ئەوەندەی تر کێشەکەی لە ناو موسوڵماناندا ئاڵۆز کردبوو.

## ٢- کۆمەڵەی ڕابیتەی ئیسلامی (موسلیم لیگ)

لەبەر ئەوەی موسوڵمانەکانی هیندستان هەستیان دەکرد کە ئاست و پلە کاریگەرەکانی حزبی کۆنگرەی نیشتیمانی هیندستان دراوە بە هندۆسەکان، بۆیە موسوڵمانەکان لە ساڵی (١٩٣٦ز)دا

بڕیاریان دا جیا ببنەوە و خۆیان حزبێکی تر بە ناوی "جەمعییەتی ڕابیتەی ئیسلامیـــ"ـــیەوە بە سـەرۆکایەتیی (محەمەد عەلی جەناح) دروســت بکەن. ئیتر لە بواری ســیاســییدا، ئەم حزبەی ڕابیتە و سەرکردایەتییەکەی -هەرچەندە زۆر شیاوی نوێنەرێتیی مو سوڵمانانیش نەبوون-، بوون بە دەمڕاستی موسوڵمانانی هیندستان.

حزب پڕ بوو لە ئاڕا ستە و بیروباوەڕی لێکجودا و دوور. دوای جیابوونەوەی پاکستانیش لە هیندسـتان لە سـاڵی (١٩٤٧ز)دا هەر ئەم سـەرکردانە بوونەوە بە بەرپرسـی ڕەسـمیی دەوڵەتی پاکستان و دەرکەوت کە فریان بە سەر ئیسلامەتی و مەنهەجییەوە نییە!

## ٣- ئیمامی مەودودی (رحمه الله) (١٣٢١-١٣٩٩ك/ ١٩٠٣-١٩٧٩ز)

دەشـــێت قۆ ناغە کانی ژ یانی ئیمامی مەوودوودیی ڕەحمەتی بکەین بە ســێ قۆ ناغی سەرە کییەوە:



ئیمام مەودودی

### قۆناغی یەکەم

- لە کاتی لەدایکبوونییەوە تا تە مەنی (٢٣) ساڵانی، تا ئەو سەردەمەی کە کتێبی "الجهاد في الإسلام"ی نووسی.

- لـە دوای کۆچی دوایی بـاوکی بـەڕێزی، کێشـــەی زۆری هاتنە ڕێ، بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە، چونکە دەبوو خۆی و خێزانەکەشیان بە خێو بکات، بۆیە زۆر شـــوێن بۆ کار گەڕا تا لە ساڵی (١٩١٨ز)دا لە شاری بەنگۆر لە ڕۆژنامەی "مەدینە" گیرسایەوە و کەوتە ئیشی ڕۆژنامەوانی.

- هیندستانی ئەو ڕۆژگارە بە حزب و ڕووداوی سیاسی جمەی دەهات، لەوانە "بزووتنەوەی خیلافەت"، کە مەبەست لە خیلافەتی عوسمانی بوو، ئیمامی مەودوودیش بە نووسین و سامانی بەشداریی تێدا دەکرد.

- لە بواری ڕۆژنامەوانی و چالاکیی بزووتنەوەی خیلافەتدا ئا شنایی لەگەڵ زۆر کە سایەتی ئیســـلامیی بەهێز پەیدا کرد، کە هەر یەکەیان بە جۆرێك کاریگەریی لەســەر پێکهاتەی فیکر و جۆری بیرکردنەوەی دواتری هەبوو.

- لە سەرەتای ساڵی (١٩٢١ز)دا کۆمەڵەی زانایان لە شاری دێلهی بڕیاریان دا ڕۆژنامەیەك بە ناوی "مســلم" دەرکەن و ئیمامی مەودوودی بکەنە بەرپرســی. لە ســاڵی (١٩٢٤ز)دا بۆیان ئاسان بوو ڕۆژنامەیەکی تریش بە ناوی "جەمعییەت"ی خۆیانەوە دەرکەن و بڕیارەکەش هەر وا بوو کە ئیمامی مەودوودی ببێتە سەرنووسەری ئەمیشیان!

- لە ماوەی ســاڵانی نێوان (١٩٢١-١٩٢٨ز)دا، دوای ئەوەی زمانی ئینگلیزییەکەش باش فێر بوو، دەروازەی زیاتری زانیاریی بۆ کرا یەوە و ڕۆشــنبیرییەکی قووڵتری وەرگرت، لەم ماوەیەشدا ئاسۆی بیرکردنەوەی بەرفراوانتر بوو، تێگەیشتنی ڕاستتری چەمکە ئیسلامیەکانی لا دروستبوو. لەوانە:

* ئەو شێوازی تێگەیشتنەی زانایانی ئیسلامی ئەو سەردەمە بۆ ئیسلام هەیانە، دەبێتە مایەی شێواندنی زیاتری ئیسلام نەك هەڵگرتنی پەیامەکەی.

* بانگەشەی نەتەوەپەرستی کە بڵاو دەبۆوە دژوارییەکی خراپی هەیە، وەکو شمشێری بێ کێلانە، دوژمنانی ئیسلام بۆ لەت و پەتکردنی موسوڵمانان هێناویانەتە وڵاتانی ئیسلامەوە.

* هەوڵدان بۆ پاراستنی خیلافەت و دانانەوەی خەلیفە؛ ڕەنج بە بادانە!

* ئیســلام کە دینی پاکی خوای میهرەبانە، داوای لێکردووین بە ڕاســتی و پاکی خوا بپەرستین، نەك بۆ بەرەی نەتەوایەتی شوێنکەوتووی پێ زۆر کرێت.

* له ساڵی (١٩٢٦ز)دا كه (گاندی) له وتارێكی جه‌ماوه‌رییدا وتی: "ئیسلام به شمشێر بڵاوبۆته‌وه". محه‌مه‌د عه‌لی جه‌وهه‌ریش له مزگه‌وتی گه‌وره‌ی دێلهی وتارێكی دژی دا، له وتاره‌كه‌یدا به ده‌نگێكی خه‌ماوییه‌وه وتی: "ئای بۆ كه‌سێكی موسوڵمان به‌رگری له دینه‌كه‌ی بكات و ئه‌م تۆمه‌ته ناهه‌قانه‌ی هیندۆس ڕه‌تكاته‌وه". ئه‌و كه‌سه موسوڵمانه لێهاتووه ئیمامی مه‌ودوودی بوو، كه به شێوه‌یه‌كی ئه‌كادیمی به‌رپه‌رچی هه‌موو تۆمه‌ته‌كانی دایه‌وه و كێشایه‌وه به ناوچاوانی هیندۆسه‌كاندا. كۆكراوه‌ی ئه‌و ئاڵقه بابه‌تانه‌یه كه دواتر بوو به كتێبی "الجهاد في الإسلام"، ئه‌و كاته ته‌مه‌نی (٢٣) ساڵان بوو. ئه‌م كتێبه خۆی بووه دووڕێیانێكی سه‌یری گۆڕانكاری له ژیانی ئیمامدا. خۆی ده‌رباره‌ی ده‌فه‌رموێ: "كتێبی جیهاده‌كه سوودی به خۆم زیاتر گه‌یاند وه‌ك له خوێنه‌رانی! چونكه من به هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تییه‌وه كه‌وتمه نووسینی، به‌ڵام كه ته‌واوم كرد كه‌وتمه سه‌ر هه ستی ئی سلامێتیی ڕه سه‌ن. له‌و كتێبه‌وه زانیم كه ئی سلام چییه و ئه‌ویش بووه‌وه به ده‌لیلی ڕێم! ئه‌وه‌ش بوو وای لێ كردم كه پیشه‌ی ڕۆژنامه‌وانی نه‌گۆڕم و بیكه‌مه شێوازێكی به‌كاری خزمه‌تكردنی ئیسلام".[1]

## قۆناغی دووه‌م

- ئیمام مه‌ودودی شاری دێلهیی به‌ره‌و حه‌یده‌ر ئاباد به جێ هێشت، به‌و ئومێده‌ی له‌وێ هه ندێك كاری سه‌رپێیی ئاسان بدۆزێته‌وه، به‌ڵام ساڵانی (١٩٢٨-١٩٣٢ز) بۆی بوونه ساڵانێكی قاڵ و قووڵبوونه‌وه له سه‌رچاوه پاكه‌كانی ئیسلام و ناسینی واقیعی ئاڵۆز و پڕ مه‌ینه‌تیی موسوڵمانان. زۆرینه‌ی بۆچوونه كانی كه دواتر له ناو بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی و جه‌ماعه‌تی ئیسلامیدا داڕشتن؛ زادی ئه‌م قۆناغه بوون.

## قۆناغی سێیه‌م

- له ساڵی (١٩٣٢ز)ه‌وه بڕیاری دا له گۆشه‌گیری بێته ده‌ره‌وه و خۆی گۆڤارێكی مانگانه

---

(١) گۆڤاری (أضواء الشريعة، ر١١، ص٥٠٧).

دەرکات بە ناوی "ترجمان القرآن"، کە تا کۆتایی ژیانی هەر دەریکرد، مەگەر لەو کاتانەدا وەستاندبێتی کە حکومەتی پاکستانی موسادەرەیان دەکرد و ڕێیان لە دەرکردنی دەگرت.(١)

- گۆڤاری "ترجمان القران" گرنگ بوو، چونکە هەر لەوێدا ئیمامی مەودوودی بە شــێوەی زنجیرە ئاڵقە دیدوڕیی خۆی تێدا ڕوون دەکردەوە و دوایی بابەتەکانی دەکردنە کتێب و بڵاوی دەکردنەوە. لەو کتێبانە:

* بابەتەکانی ساڵی (١٩٣٣-١٩٣٤ز)، بوون بە کتێبی "الحضارة الإسلامية".

* بابەتەکانی تری (١٩٣٣-١٩٣٨ز)، بوون بە کتێبی "نحن والحضارة الغربية"، "الإسلام في مواجهة التحديات المعاصرة"، "مفاهيم إسلامية"، "فی محكمة العقل" و "الرسول والرسالة".

* بابەتەکانی (١٩٣٥ز)، بوون بە کتێبی "حقوق الزوجين" و "تحديد النسل".

* بابەتەکانی (١٩٣٨ز)، ناونران "وتارەکان" (الخطب).

* بابەتەکانی (١٩٣٩ز)، بوون بە کتێبی "نظرية الإسلام السياسية".

* بابەتەکانی (١٩٤٠ز)، بوون بە "موجز تأريخ تجديد الدين وإحيائه" و "منهاج الإنقلاب الإسلامي".

* بابەتەکانی تری (١٩٤٠ز)، بوون بە کتێبی "المصــطلحات الأربعة في القرآن"، "الإســلام والجاهلية" و "معضلات الإنسان الإقتصادية و حلها في الإسلام".

بە ســەرنجدان لە ناونیشــانی کتێبەکانی ئیمامی مەودوودی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەئیمام دەیویست دوو نیشان بپێکێت:

---

(١) تا کۆتایی ســاڵی (١٩٩١) کە لەپاکســتان بووم هەر دەردەچوو.. بەبینینی شــوێنەوارەکانی ئیمام مەودودی شــادبووم، چوومە مەکتەب، کتێبخانە، مزگەوت و کۆتا شوێنی لەشاری لاهور، کە تێیدا کۆچیدواییکرد.

**یەکەم:** ڕوونکردنەوەی زاراوەی "جاهیلیزم" و دەرخستنی پووچەڵییەکەی.

**دووەم:** ڕاڤەکردنی سیستمی ئیسلام بۆ ژیان، کە دواتریش بوو بە ناوی یەکێك لە کتێبەکانی بەناوی "نظام الحیاة في الإسـلام"، کە دەیخواسـت تێیدا ئەوە بۆ موسـوڵمانان ڕوون بێتەوە کە دەبێت ژیانیان بە پێی دید و پێناسـەی قورئان و سـوننەت داڕێژن. هەموو ئەم باسـانەشـی بە شـێوەیەکی ژیربێژیی وردەکارانە بە بەڵگەوە دەخسـتە بەردەسـت، لە هەمان کاتیشـدا ئەم باسانەشی ڕوون دەکردەوە:

* بیروباوەڕ و عەقیدەی ئیسلامی.

* دیدی ئیسلام و پێناسەی ئیسلام دەربارەی "ژیان و گەردوون و مرۆڤ".

* ڕەفتار و ڕەوشت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.

* بنەما بنیاتنەرەکانی شارستانێتی.

* بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام لە کۆمەڵناسی، سیاسەت، ئابوری و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشـەکانی تاك و کۆی کۆمەڵگە لە سـەردەمانی پێشـیندا، تا پەی بە چۆنیەتیی چارەسـەری کێشەکانی ئەم سەردەمەش ببرێت.

نووسینەکانی ئیبام بەڵگەن لەسەر "دیدی گشتگیر"ی ئیبامی مەودوودیی ڕەحمەتی دەربارەی ئیسـلام و واقیعی هەنوکەیی ئوممەتەکەی. ئیبامی مەودوودی دەفەرموێ: "نەمدەویسـت هەر بابەتی زانستییانەی ئی سلامی بخەمە بەردە ستی مو سوڵمانان، بەڵکو ئەوە شم دەوی ست کە ئەو قەناعەتە لە هە ست و هزر و ئاخ و ناخی مو سوڵمانانی ئەم سەردەمەدا بچە سپێت، کە ئی سلام تاکە بەرنامەی بێلەکە و زاڵە، بۆیە دەبێت موسوڵمانی دیندار وەکو ڕەفتارێکی سرووشتیی جەستە و هزری هەوڵ بدات بیهێنێتەوە کایەی ئاڕاسـتە و ململانێی شـارسـتانێتی؛ تا لە پێناویدا هەموو کەند و کۆسـپێك بە سـووك و سـانا بزانێت و چاوی لێی نەترسـێت، تا ئازایانە ڕووبەڕووی جاهیلییەت بوە ستێتەوە و ناهەقییەکەی ژێر نێت و ئی سلامەکەش پایەدارکاتەوە. تا وزە و ورەی

خۆی و هاوبیرانی پێکەوە بەگەڕخات، تا پێشەوایەتی لە دەست کوفر دەردەهێنێت و دەیخاتەوە دەست ئیسلامەکە.[1]

محەمەد ئیقبالی مەزن لە ســـەرەکیترین خوێنەرانی گۆڤاری "ترجمان القرآن" بوو، زۆر جێبا یەخی بوو، بۆیە داوای کرد ئیمامی مەودوودی دیدەنییەکی بکات؛ ئیمام هاتە لاهوور و یەکتریان بینی، ئیتر زۆرجاری تر دیداریان ســـاز دەکردەوە. ئیمامی مەودوودی دەربارەی ئەو دیدارانە دەفەرموێ: "گونجاوییەکی زۆر هەبوو لە نێوان دید و بۆچوونەکانی من و ئیقبالدا".[2]

هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ئیقبالی شـــاعیر داوای لە ئیمامی مەودوودی کرد کە لە حەیدەر ئابادەوە (کە زۆر دوور بوو)، بگوێزێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی پەنجاب (کە لاهوور یەکێکە لە شـــارە سەرەکییەکانی)، ئەویش لە ساڵی (١٩٣٨ز)دا گوا ستییەوە و لە گوندێکی بچووکدا نیشتەجێ بوو، گوندەکەیان ناو نابوو "دار الإســـلام"، لەوێوە خەریکی پێگەیاندنی نوخبەی یەکەمی هاوبیرانی بوو. بەڵام هێشـــتا مانگ و نیوێکی لە مەنزڵگای نوێی نەبردبووە ســـەر، هەواڵی پێگەیشت کە محەمەد ئیقبالی گەورە کۆچی دوایی کرد!

ســاڵی (١٩٤١ز) ئیمامی مەودوودی حەفتا و پێنج کەسایەتیی موسـولمانی خاوەن هیممەتی بانگهێشـــتی لای خۆی کرد و دوای موناقەشـــە و باس و خواس، بڕیاریاندا "جەماعەتی ئیسلامی" پێك بهێنن و ئیمامی مەودوودییشیان بە ئەمیری جەماعەت قبووڵ کرد.

لە مانگی ئابی (١٩٤٧ز)دا بڕیار درا پاکســـتان لە هیندســـتان جودا ببێتەوە، بۆیە ئیمامی مەودوودییش وەکو زۆرێك لە موسـولمانانی هیندسـتان هیجرەتی کرد بۆ پاکسـتان و لە لاهوور نیشتەجێ بوو.

شـــێخ (خەلیلولحامیدیـــــ)ـــــی هاوڕێی جیهادی ئیمامی مەودوودی و یەکێك لە نوخبە

---

(١) گۆڤاری (أضواء الشريعة، ر١١، ص٥١٣).

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣١٤.

نزیکەکانی دەفەرمویٚ[1]: "ئیمامی مەودوودی لایەنگری دابەشکردنی هیندستان و جویٚبوونەوەی موسـولٚمانان و دامەزراندنی پاکسـتان بوو، بەڵام لە سـەرکردایەتییەکەی پاکسـتان کە هەموویان سـەربازی بوون، ڕازی نەبوو، چونکە ئەوانە دووبەشـکردنی هیندسـتانیان بە پیٚی ئیسـلامەکە نەبوو، بەڵکوو بە پیٚی موسـوڵمانی جوگرافیایی بوو، کە گوایە هەرچی کەسـیٚك لە ناوچەی موسوڵمانان دەژی و باوەڕی بە ئیسلام بە گشتی هەیە، موسوڵمانە و مافی دەنگدان و پاڵاوتنی لە پاکستاندا هەیە.

ئەم پیٚشـبینییەی ئیمامی مەودوودی ڕاسـت دەرچوو، چونکە لەو ڕۆژەوە تا ئیٚسـتاش موسوڵمانانی پاکستان، لە پیٚش هەموویانەوە جەماعەتی ئیسلامی؛ هەر لە ڕەنج و هەوڵی ئەوەدان ئیسلام ببیٚتە سیستمی حوکمڕانی پاکستان، بەڵام هەر جاریٚك کە میللەت ئامادەی بڵندکردنەوەی سیستمی حوکمی ئیسلام دەبۆوە، عەسکەریتاریا ئینقیلابیٚکی دەکرد و نەیدەهیٚشت ئەهلی ئیسلام بیٚنەوە پیٚش، تا ئەو زەمانەی بە ملیۆن کەسایەتیی بیٚدین و لاڕیٚی وەکو قادیانییەکان دروستبوون و بوون بە حزبی پاڵدراوی بلۆکی سـۆشـیالیسـتیی سـەرمایەداری و گەیەنرانە دەسـەڵات، تا نەهیٚڵن پاکستان ئەو گۆڕانە ڕیشەییەی بە سەردا بیٚت کە ببیٚتەوە بە "دار الإسلام"!

ئیمامی مەودوودیی ڕەحمەتی دەبوو لە چەندین لاوە هەڵمەت بەریٚت تا بتوانیٚت بەرگری لە ئیسلامەکە بکات:

**- بەرەی عەلەمانییەت:** لە شـویٚنکەوتووانی ئیسـتیعماری بەریتانی، کۆمۆنیسـت و سۆسـیالیسـتەکان کە میٚشـکی لاوەکانی پاکسـتانیان پڕ کردبوو لە گومان لە ئیسـلام و بەڵیٚنی بەهەشـتی سـەر زەمینیان پیٚ دەدان! ئیمامی مەودوودیی ڕەحمەتی زۆر پشـوودریٚژانەی موناقەشەی لەگەڵ ئەمانەدا دەکردن و گومانەکانیانی دەڕەواندەوە.

**- بەرەی دەرەبەگایەتی:** گەلانی هیندسـتان نەك هەر بە پیٚی باری ئابووری و خاوەنیٚتی

(١) صلاح الدين النكدلي: الجماعة الاسلامية في باكستان/ المكتبة السلفية، المغرب، ط١، ١٤١٦هـ/١٩٩٥م.

بووبوون بە چین و توێژ، بەڵکوو بە پێی دینەکەشـــیان هەر چینایەتییەکی ســـەیر لە ناویاندا تا ئێســـتاش گەشـــەی کردووە، دەبوو ئیمامی مەودوودی دژی بەرەی دەرەبەگ و ئاغاکانیش بوەســـتێتەوە و بەرگری لە مافی خوراوی ئەو هەموو مرۆڤە مەحرووم بکات، دژی دەســـەڵاتی دەرەبەگەکان بوەستێتەوە کە توانای بڕیاری سیاسییان هەبوو، دەستیان لە چارەنووسی گەلاندا هەبوو.

- **بەرەی قادیانی:** دژوارییی ئەمانیش کەم نەبوو، بەرەیەکی بەتوانا بوون، چونکە ئینگلیز دروســـتی کردبوون و زۆر بە جیددی پشـــتی دەگرتن، ئەمانە دینێکی نوێیان هێنابووە کایەوە و دەیانوت (میرزا غولام) کۆتا پێغەمبەرە نەك محەمەدی ســـەروەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)! ئەمانە نفووزیان لە ســوپا و پۆلیســدا زۆر بوو، ئەمانە بوون نەیاندەهێشــت شــەریعەتی ئیســلام بکرێتە یاسای پاکستان، چونکە پێیان وابوو یاساکانی ئینگلیزیش هەر لە بەرژەوەندی خەڵکی دانراوە و ئینگلیزیش ئەهلی کیتابن و موســـوڵمانن!!! کە ئیمامی مەودوودی فەتوای دا قادیانی کافرن، ئەوانیش شکاتیان لێکرد و دایانە دادگا و بڕیاری ئیعدامی بۆ دەرچوو، پاشان حوکمەکەی گۆڕا بۆ زیندانی هەمیشــەیی، بەڵام لەژێر تین و فشــاری جیهانی ئیســلامیدا دوای چوار ســاڵ ئازاد کرا!

- **بەرەی مەزهەبیی بیرکول:** گەلانی هیندســتان بە شــێوەیەکی گشــتی لەســەر مەزهەبی حەنەفین، ئەو مەزهەبەش (ما شاء الله) کە شوێنکەوتووانی بیرکول دەکات و زانایانی دوایینیان مەزهەبپەرستییان لێ کردوونەتە دینداریی! ئیمامی مەودوودی دەبوو دژی داخستنی ئیجتیهاد و ئەو تەعەســـــوبە مەزهەبییەش بێتەوە. بەرەی ئەمان دژوارتر بوو، چونکە نەك هەر ئیمامیان تەکفیر کرد، بەڵکوو زاناکانی پاکســـتان دەچوونە پاڵ هەر حکومەتێك کە جەماعەتی ئیســـلامی بیوغزێنێت، بە حاکم و حکومەتی پاکســـتانیشـــەوە نەدەوەســـتان؛ دەهاتنە وڵاتە عەرەبییەکان و لە سەر دەعوەتی جەمال عەبدوناسری تاغووت، (عەللامە بەنوریـــــ)ــــی پاکستان دەچووە میسرـــ و ماوەی ڕەمەزانەکە لە تەلەفزیۆنی میسرـــییەوە دژی بیر و بۆچوونی ئیمامی مەودوودی

قسەی دەکرد، چونکە گەنجی ئیخوان بەهۆی ئیخوانەوە؛ بە تایبەتی بە هۆی کاریگەریی سەید قوتبەوە وەکو مەرجەعییەتێکی فیکری تەماشـــای مەودوودیی مەزنیان دەکرد. جا (بەننوری) دوای ڕەمەزان لە میوانداریێتیی عەبدونناسر دەڕۆیشت بۆ سعوودیە و لەوێ تا حەجکردنەکەی لەوێ دەمایەوە! ئێســـتاش زۆر لەو زانا کەڕە حەنەفییانە بە ئیمامی مەودوودی دەڵێن: مەردوودی!!

- **بەرەی نکووڵیکارانی ســوننەت:** ئەمانەش بەرەیەکی تری ســەرســەخت بوون، ئەمانە نکووڵییان لەوە دەکرد کە ســوننەتی پاکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ببێتە ســەرچاوەی دووەمی یاســا و ڕێسا وەرگرتن، دەیانوت: "ســوننەت وەکو قورئان نییە و دەســتکاریی کراوە، ســەرچاوەکانی هەمەجۆرن". حکومەتە عەلەمانییەکانی پاکســتان و بەرە عەلەمانییەکانیش بۆ دروســتکردنی بەلبەلەی زیاتر لە ناو موســوڵماناندا، ئەمانەیان هان دەدا و کتێبەکانیان بۆ چاپ دەکردن و لە دادگاکاندا بەرگرییان لە تۆمەتبارانیان دەکرد!

ئیمامی ڕەحمەتی دەبوو بە جورئەت و پشوودرێژی و سینەفراوانییەوە ڕووبەڕووی ئەم هەموو بەرەیە ببێتەوە. لەسەر ئەمەوە دەبێت بۆ پەروەردەکردنی نوخبەکەی خۆشی موتەفەڕیغ ببێتەوە!!

ئیمامی هیممەتبەرز کۆڵی نەدا تا "جەماعەتی ئیسلامیـــ"ـــی دروست کرد و سەدان پیاوی وەکو (خورشید ئەحمەد)ی تێدا پەروەردە کرد، کە سێ جار کرا بە وەزیری دارایی و ئابووری، چونکە یەکێکە لە هەرە شارەزایانی بواری نەخشەی ئابووریی جیهانی ئیسلام، بۆیە کرابوو بە ئەندامی داڕشتنی دەستووری ئیماراتیش!

ڕەنج و جیهــادی ئیمامی مــەودوودیی مــەزن هــەر بــەردەوام بوو، تــا لــە بــەرەبــەیــانی (١٩٧٩/٩/٢٣ز)دا دڵی گەورەی لە لێدان کەوت و کۆڵێکی زۆر قورسی بۆ جەماعەتی ئیسلامی بە جێ هێشــت، کە تا لە ژیاندا مابوو کەس لە ئەندامانی جەماعەت هەســتیان بەو قورســاییەی نەکردبوو. ئیمامی مەودوودی کۆچی دوایی کرد و بۆشـــاییەکی گەورەی لە دوای خۆی بە جێ هێشــت، کە نە وەکو مەرجەعییەتی فیکر و فیقهـــــ پڕ بۆوە، نە وەکو نەخشــەوانی پەروەردەی

سیاسی. هەرچەندە جەماعەتی ئیسلامی یەکسەر دوای ئیامی مەودوودی (شێخ میان توفەیلی)یان لە شوێنی دانایەوە، بەڵام کەلێنی ئەمیرێتیی جەماعەتی ئیسلامی زۆر لەوە گەورەتر بوو، بۆیە چووە کەنار و (قازی حسێن) هاتە جێگای، ئەویش تا ساڵی (٢٠١٠ز) کارامانە بردی بەڕێوە و کە ئەویش کەناری گرت، جەماعەت بە ڕای زۆرینە (منەووەر حەسەن)یان هەڵبژارد، کە لە سەردەمانی خوێندنی زانکۆیدا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بەرپرسی یەکێتیی قوتابیانی جەماعەتی ئیسلامی بوو، یەکێکیشە لە بیرمەندەکانی جەماعەتی ئیسلامی.

* * *

# له بەرنامەی جەماعەتی ئیسلامی

## بانگەوازی جەماعەت:

١- بانگەوازەکەمان بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بە تایبەتییش بۆ موسوڵمانانە، تا خوا بە یەك بنا سن، بە پاکی بیپەرستن و شەریکی بۆ بڕیار نەدەن، چونکە غەیری ئەو هیچ خوایەکی دیکە نییە.

٢- بانگەوازەکەمان بۆ هەر کەسێکە کە بە ئاشکرا بە ئیسلام ڕازی بووە و، هەر بە ئیسلام دینداریتی دەکات و، خۆی لە چڵك و چەپەڵیی دووڕوویی پاك دەکاتەوە و، ڕەفتاری لە پێچەوانەکاریی دینەکە دەپارێزێت.

٣- بانگەوازەکەمان بۆ هەموو خەڵکی سەر زەوییە، تا چاکسازییەکی سەرڕاستانە لە بنەماکانی حوکمڕانیی ئەم سەردەمەدا بکەن، کە تاغووتان و ملهوڕان دنیایان پڕکردووە لە فەساد و ستەم و خراپەکاری. دەخوازین پێشەوایەتیی فیکری و کردەوەییان لە چنگ دەربهێنرێت و بخرێتە بەردەست ئەو پیاوە دەسپاکانەی باوەڕیان بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی هەیە و، لەسەر دینی حەقن و ئیستیکباری و خراپەکارییان لەسەر زەوییدا ناوێت.

## نموونە لە پەیڕەوی ناوخۆیی جەماعەتی ئیسلامی

**١- زۆربێت و بۆربێت نا:** ئیمام لە کتێبی "واقع المسلمين و سبيل النهوض بهم"دا دەفەرموێ: "مەبەستمان پاڵفتەکردنی تاکە پیاوچاکەکانە، تا هەموویان لە ڕێکخستنێکدا گرد بکەینەوە، تا ئەوانەیان بە گەڕ خەین کە خۆیان لە گوناح پاراستووە و، ئامادەیی ئەوەیان تێدایە ئەرکی بانگەوازەکە بخەنە ئەستۆی خۆیان و، بە سامان و ڕەنجییانەوە خۆ بۆ ئەم کارە تەرخان بکەن".

**٢- پێگەی ڕێکخستن ئەمیر و ئەنجومەنی شوورا هەڵدەبژێرێت:** جەماعەتی

ئیسـلامی زاراوەی ئەمیر بۆ سـەرۆکەکەی دادەنێ، ئەمیر بە هەڵبژاردنی نهێنی لە نێوان ئەنداماندا هەڵدەبژێررێت. ئەمیر کە سیاسـەتی جەماعەت دیاری دەکات و لە دوای ڕاوێژ بە ئەنجومەنی شوورا -کە پەنجا کەسن- بەرنامەی کۆمەڵکاریی دەزگاکان دادەڕێژێت.

**٣- ئافرەتیش ئەندامە لە جەماعەتی ئیسـلامیدا:** مادەی دە یەمی دەسـتووری جەماعەتی ئیسـلامی جەخت لەسـەر ئەندامێتیی ئافرەتان لە جەماعەتەکەدا دەکاتەوە و دەڵێ: "ئافرەتان لە سنووری چالاکیی خۆیاندا کار دەکەن".

لە ماددەی هە شتا و هە شتیشدا دەڵێ: " سیستمی کاری خانمان -لە ئەندامان و لایەنگران- لە سیستمی کاری پیاوان جودایە، ئەمیری جەماعەت بۆی هەیە بەرنامە و پێڕەوێکی تایبەت بە خۆیان بۆ داڕێژێت".

**٤- جەماعەتی ئیسـلامی چەکداریی ناکات:** ئیمامی مەودوودی لە پەیامی "واجب الشـباب المسـلم"دا دەفەرموێ: "نە کۆمەڵی نهێنی پێکەوە بنێن و نە چەکیش بۆ گۆڕانکاریی بارودۆخ بە کار بهێنن! چونکە ئەو شێوازەکارە سەرەنجامی پەلەکردنە".

**٥- کۆمەڵکاریی جەماعەتی ئیسـلامی نهێنی نابێت:** لە بڕگەی (ت)ی ماددەی پێنجەمی دەستووری جەماعەتی ئیسلامیدا هاتووە، کە جەماعەتی ئیسلامی لە خەباتی خۆیدا بە شـێوەی نهێنی کار ناکات، بەڵکو هەموو چالاکییەکانی بە ئاشـکرای وەك ڕۆژی ڕوون ئەنجام دەدا.

## نموونە لە پەیکەری ئیداریی جەماعەتی ئیسلامی

**١- کۆنگرەی گشتی:** سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە.

**٢- ئەمیری جەماعەت:** ئەمیر بە ڕای زۆرینەیەکی کەم لە نێوان ئەندامانی جەماعەتدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێررێت و دەکرێت نوێ بکرێتەوە.

**٣- ئەنجومەنی مەرکەزیی شـوورا:** لە پەنجا ئەندام پێك دێت، کە بە دەنگدانی نهێنی

هەڵدەبژێررێن، هەر ناوچەیە و ژمارەیەکی گونجاو نوێنەری خۆی لە ئەنجومەنی شـــوورادا دەبێت. خولی ئەنجومەنی شوورا سێ ساڵە.

**٤- بڕیاری شوورا بە کۆڕا (ئیجماع) ـە، ئەگەر نەبوو، بە زۆرینە:** لە ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە. ئەگەر ئەمیر بڕیارێکی شـــوورای واژۆ نەکرد، دەخرێتەوە دانیشـــتنی داهاتووی شـــوورا و موناقەشـــە دەکرێتەوە و دەنگی لە ســـەر دەدرێتەوە، کە زۆرینەی بە دەســـت هێنا، ئەمجارە ئەمیر بۆی نییە واژۆی نەکات.

**٥- ئەمیر سەرۆکی بەش و ناوچەکان دادەنێت:** دەیشتوانێت لایاندات.

**٦- ناوچەکان دەستەی ڕاپەڕێنەرانیان دەبێت، کە لە (دە) کەس کەمتر نابن.**

* * *

## سێیەم: ماشۆمی

### (ئەنجومەنی شورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا)

حزبی ماشۆمی (ئەنجومەنی شوورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا): بە سەرۆکایەتیی د. محەمەد ناسر (رحمه الله)، کە لە ساڵی (١٩٤٥ز)دا دامەزرا و لەو ساڵەوە کاریگەریی خۆی لە سەر پتەوکردنی بیر و هۆشی فیکری سیاسیی ئیسلامی ئەندۆنیسیا و هەموو وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هەبوو، وەك مالیزیا، تایلەند، فیلیپین، سەنگافوورە، ژاپۆن و کۆریاکان!

لەبەر ئەوەی زۆر لە گەنجی نەوەی نوێی ئێستامان زانیاری مێژوویی و جوگرافیایی دەربارەی وڵاتێکی دووری وەکو ئەندۆنیسیا کەمە، باشتر وایە کەمێك لەو دوو لایەنەوە بیناسێنین:

**ئەندۆنیسیا:** ئێمەی کورد دەڵێین ئەندۆنیسیا، لە ڕاستییدا ئیندۆنیسیایە، کە لە دوو و شە پێك دێت "ئیندۆ" واتە: (هیندستان) و، "نیسیا" واتە: ڕۆژهەڵات. هەندێك دەڵێن: بە مانای دوورگەیە. ئیندۆنیسیا بە مانای یەکەم واتە: هیند ستانی ڕۆژهەڵات. تا پێش زەمانی ئیستیعماری ڕۆژئاوا هەر پێی دەوترا هیندستانی ڕۆژهەڵات. بە مانای دووەمیش یەعنی دوورگەکانی هیندستان.

**پێکهاتەی:** ئەندۆنیسیا وڵاتێکی ئیسلامییە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیاوە، وا لە نێوان (٧پلەی باکوور) و (١١ پلەی باشووری هێڵی ئیستیوا)، لە باری درێژییشەوە وا لە نێوان (دوو پلەی ٤٥ و ١٤١ی ڕۆژهەڵات). هەر چوار لای ئاوە. چونکە وڵاتەکە لە (١٧٫٥٠٨) دوورگە پێك هاتووە، زۆرینەی کە سی تێدا ناژی. ڕووبەرەکەی نزیکەی (١٢) ملیۆن کیلۆمەتری دووجایە، بەڵام وشکانییەکەی نزیکەی (٢٫٠٢٧ ملیۆن) مەتری دووجایە و باقییەکەی تری دەریایە. گەورەترین دوورگەی "کالیمانتان"ـە، کە بەشی باکووری عایدی مالیزیایە. پاشان "جاوە"، هەزار کیلۆمەتر درێژە، (لە زاخۆوە تا زوبێری بەسرە)، ئینجا

"سۆمەترە"، کە پڕە لە ڕووبار، چیا و دەشتی بە پیت، چیای تێدایە کە نزیکەی (٣٥٠٠) مەتر لە ئاستی دەریاوە بڵندە، زۆرترین ڕێژە دانیشتوانی تێدایە و زۆر ئاوەدانە، هەروەها دوورگەی "سۆلاویسی"، کە چوارەمین دوورگەی گەورەی ئەندۆنیسیایە، ئینجا دوورگەکانی "سولوا، نالودە و ئەوانی دیکە".

**ئاو و هەوا:** کەشی هەوای مەدارییە، پلەی گەرمیی لە (٢٥) تێناپەڕێت، بە درێژایی ساڵ باران دەبارێت و سەرما نییە. شێی هەوای زۆرە.

**سەرەکیترین شاری:** "جاکارتا"ی پایتەخت کە لە دوورگەی جاوەدایە، ئیستیعماری هۆڵەندی دروستیان کرد و ناویان لێنا باتافیا، بەڵام دوای ڕزگاریی وڵات ناو نرا جاکارتا.

**باندۆنگ:** کە یەکەمین کۆنگرەی دەوڵەتانی بێلایەنی لێ بەسترا.

**سورابایا:** لە ڕۆژهەڵاتی جاوەیە و بەندەرێکی سەرەکیی بازرگانییە ، زۆر لە پیشەسازیی وڵاتیش لەوێیە.

**دانیشتوانی:** ئەندۆنیسیا لە ڕووی زۆری دانیشتووانەوە یەکەمین وڵاتی ئیسلامییە و لە دوای چین و هیندستان و ئەمریکا؛ چوارەمین وڵاتی چڕی دنیایە، (٢٣٨) ملیۆن کەسی لێ دەژی. (٦٠%)یان لە جاوە و مادۆرا دەژین. ساڵانە (٣) ملیۆن زیاد دەکەن!

**توخمی مرۆڤەکانی:** سەر بە توخمی مەلاوین، سەریان بچووك و خڕە و باڵایان کورتە و چاو بچکۆلەن. لەگەڵ دانیشتوانی ئەسڵیی وڵاتەکەدا چینی، هیندستانی، عەرەب و هۆڵەندیی لێ دەژی.

**دینی:** (٩٤%)ی دانیشتوانی ئەندۆنیسیا موسوڵمانن، (٣%)ی مەسیحین، (٢%)ی هیندۆسن، (١%)ی بودایی و (١%)یش دینی ترە.

**زمانی:** زمانی ڕەسمی وڵات باهاسایە و (٥٨٣) زارگۆتن (لەهجە)شی هەیە. بە پیتی عەرەبی دەنوسرا، بەڵام کاتێك مستەفا کەمال نووسینی زمانی تورکیی کرد بە لاتینی، ئیستیعماری

هۆڵەندییش خۆی هاندا و لە (١٩٢٧ز)دا نووسینی زمانی ئەندۆنیسیای گۆڕی بە لاتینی.

**ئابووری:** چاندن گەورەترین هۆکاری بەرهەمهێنانە، بۆیە (٦٥%)ی دانیشتوان لە (١٨) ملیۆن هیکتاری خاکی بەپیتدا پێوەی خەریکن. سەرەکیترین بەرهەم برنجە، کە خۆراکی سەرەکیی دانیشتوانەکەیە، ساڵانە نزیکەی (٥٠) ملیۆن تەنی لێ بەرهەم دێت! پاشان گەنمەشامی، کە نزیکەی (٥) ملیۆن تەنی لێ بەرهەم دێت، ئینجا گەنم، قاوە و چا.

ئەندۆنیسیا دوای مالیزیا دووەمین وڵاتی جیهانە بۆ بەرهەمهێنانی لاستیك، (وەکو بنێشتە تاڵە قەدی درەختی بۆ لەلە دەکرێت و لێی دێتە دەرەوە)، ئەندۆنیسیا ساڵانە نزیکەی (١٦) ملیۆن تەنی لێ بەرهەم دەهێنێت.

**سامانی ئاژەڵی:** ئەندۆنیسیا زیاتر لە (٨) ملیۆن سەر مانگا، (٥) ملیۆن سەر گامێش، (٥ر٥) ملیۆن مەڕ و (٩) ملیۆن سەر بزنی تێدایە. ساڵانەش نزیکەی (٣) ملیۆن تەن ماسی بەرهەم دەهێنێت.

**کانزا:** ئەندۆنیسیا نزیکەی (٣٠) هەزار تەن قەسدیر دەردەهێنێت کە دەکاتە چارەکی بەرهەمی جیهان، پێنجیەکی بۆکسیتی[1] جیهان لە ئەندۆنیسیایە، زیاتر لە دوو ملیۆنی لێ بەرهەم دەهێنێت. ئەمە جگە لە مەنگەنیز، ئاسن، فۆسفات، یۆد و خوێ.

**نەوت و غاز:** ئەندۆنیسیا یەکێکە لە وڵاتە نەوتییەکانی جیهان، چونکە نەوت و غازی زۆرە، (١٠) ملیار تەنی ئیحتیات هەیە و ساڵانەش (٧٠) ملیۆن تەنی لێ بەرهەم دەهێنێت، لە غازیش؛ (٢٥) ملیۆن مەتری دووجا.

**پیشەسازی:** زۆرینەی بەرهەمەکانی پیشەسازی لە ئەندۆنیسیا دەسکارن، (١٠%)ی بوجەی ساڵانەی دەوڵەت پێکدەهێنێت. جۆرێ شی وەکو شەکر، چا، بەرهەمی لاستیك، تایەی

(١) کەرەستەیەکی خاوی زەوییەو زۆر شتی لێدروستدەکرێ، لەوانە: ئەلەمنیۆم و ئەو توێژاڵە کانزایەی، کە ناو فڕنی پێسواغدەدرێ، وەکو ستیل دەبریسکێتەوەو وەکو فۆرمیکا بۆ ڕووکەشکردنی مس و ئاسن و شتی وا بەکاردێت.

ئۆتۆمبێل، سابوون، پەیینی کیمیاوی، کاغەز، شووشە و بەرهەمی چنراو.

**هاتوچۆ:** سەرەکیترین ڕێی هاتوچۆ دەریایە، بازاڕ هەیە لەسەر ئاوە و دوکانەکانی بەلەمن و خەڵکیش بە سواری بەلەم دەڕوات بۆ بازاڕ!!




(٨٥٠٠٠) کم ڕێگای سەیارە و (٩٠٠٠) کم هێڵی شەمەندەفەری هەیە.

**سیستمی حوکم:** سیستمی حوکم کۆمارییە و سەرۆکی کۆمار و ئەنجومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان)، ڕاستەوخۆ لە لایەن دانیشتوانەوە هەڵدەبژێررێن.

**ئەندامێتیی نێودەوڵەتی:** ئەندۆنیسیا لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتانی بێلایەن و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئاسیان و بیست وڵاتە ئابوورییە گەورەکەی جیهان و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە. هەژدەهەم وڵاتی ئابووری باشی دنیایە.

* * *

## ئەندۆنیسیا و ئیسلام

بەرواردێکی وردەکارانە نییە کە کەی ئیسلام گەیشتە ئەو وڵاتە؟ بەڵام هەموو مێژوونووسان

له سەر ئەوە کۆکن کە زۆر زوو ئیسلام لە ڕێی بازرگانە یەمەنییەکانەوە گەیشتە ئەندۆنیسیا و خەڵکەکەش زۆر بە پێشوازییەوە هاتن و موسوڵمان بوون! (مارکۆپۆلۆ)ی گەشتیاری ئەوروپایی لە ساڵی (٦٩٢ك/١٢٩٢ز)دا نوسیویەتی: "دانیشتوانی ئەو وڵاتە موسوڵمانن و مەملەکەتێکیان بە ناوی "بەرلاك" بە پێی شەریعەتی ئیسلام دامەزراندووە".[١] سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامیش ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە هەندێك کەسی خەڵکی ئەم وڵاتە لە سەردەمی هاڕوونە ڕەشیددا هاتوونەتە بەغدا. هەروەها (ئیبنو بەتتووتە)ش لە ساڵی (٧٤٦ ك/١٣٤٥ز)، واتە دوای پەنجا ساڵ لە نوسینەکەی (مارکۆپۆلۆ) چۆتە ئەندۆنیسیا و باسی دوور و درێژی نوسیووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە لە "بەرلاك"، کە ناوچەیەکە لە سۆمەترە، دەوڵەتێکی ئیسلامیی لێیە، مەزهەبیان "شافیعی"یە و پاشاکەیان ناوی (مەلیك زاهیر)ە، پیاوێکی خاوەن تەقوایە و بە پێ دەچێت بۆ نوێژی هەینی و هەمیشە هۆشی لای جیهادە و کۆڕەکانی پڕە لە ئەهلی قورئان و شەرعناسی.

دیارە لەوەودوا زۆر ئیمارەتی تر لەو وڵاتە دروست بوون، لەوانە:

- **بەنتام:** کە سوڵتان حەسەنوددین لە ساڵانی (٩٧٦ك/١٥٦٨ز) لە دوورگەی سۆمەترە پێکی هێناوە. گەورەترین ڕۆڵی لە جیهاددا دژی ئیستیعماری پورتوغالی بینیوە.

- **باسای:** مەملەکەتێك بووە بە ناوی دەسەڵاتدارەکەیەوە ناونراوە، کاتێك لەسەر دەستی داعییەکی ئیسلام بە ناوی بورهانەدینەوە موسوڵمان دەبێت، مەملەکەتەکەی دەکاتە ئیمارەت و خۆشی ناو دەنرێت "پاشای پیاوچاك". هەواڵ بۆ والی مەککە دەنێرێت کە موسوڵمان بووین، بەڵکوو زانامان بۆ بنێرن، ئەوانیش زانایەکی گەورە بە ناوی (ئیسماعیل) دەنێرنە لای، کە وەکو مەرجەعییەتی شەرع بۆیان دەبێتە سەرچاوەی ناسینی دینەکە و زانینی.

- **ئاچێ:** لە باکووری سۆمەترە بووە، لەو زەمانەوە کە ئیسلامی وەرگرتووە لێی لا نەداوە و نەشیهێشتووە کەس سیاسەتێکی تری بەسەردا بدات. تا ئێستاش ناوچەیەکە شۆڕشی ئیسلامیی

---

(١) دائرة السفير للمعارف الاسلامية، ج ٢٨، ص٢١٩٧.

تێدایە. سەلاحەددینی کوڕی عەلی، عەلادینشا و سولڵتان ئەسکەندەری مۆتا، بەناوبانگترین سولڵتانە کۆنەکانین.

**- مەلقا:** پا شاکەیان کچە ئەمیرێکی مو سولڵمانی ئیمارەتی با سای مارەکرد و مو سولڵمان بوو، بەوەش ئیمارەتەکەی موسولڵمان بوون و هەر وا مانەوە تا ساڵی (٩١٧ ك/ ١٥١١ز)، دوای بەرگرییەکی زۆر شکان و کەوتنە بەردەستی ئیحتیلالی پورتوغالی.

**- دیماك:** لە ناوەڕاستی دوورگەی جاوەیە، ڕەمەزان فاتیمی دروستی کردووە، پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ خیلافەت و مەڵبەندەکانی ئیسلامدا بە بەردەوامی هەبووە، تا ئەو سەردەمەی ئەمیش کەوتۆتە ژێر چەپۆکی ئیستیعماری پورتوغالی. بەناوبانگترین ئەمیریان، ڕادین فەتاح و ڕادین ترینگانۆیە. ئێستا ویلایەتێکی مالیزیا ناوی ترینگانۆیە.

* * *

## داگیرکەران:

**١- پورتوغالییەکان:** لە ساڵی (٩١٧-٩٤٧ك/١٥١١-١٥٤٠ز)یان ویست تا وڵاتیان کۆنترۆڵ کرد.

**٢- ئیسپانییەکان:** لە هەمان ماوەدا ئەوانیش دوورگەی کالیمانتانیان داگیرکرد و خستیانە ژێر حوکمی خۆیان.

**٣- هۆڵەندا:** کە لە ڕوواڵەتدا بۆ دژایەتیی پورتوغالییەکان (کە لە ئەورووپا دژی یەکتریی بوون)، هاتبوو، واش موسولڵمانانی ناوچەکەی فریودا کە بۆ یارمەتیدانیان هاتووە. بەڵام هەر بەوەندەی پورتوغالییەکان دەرکران، ئینجا هۆڵەندییەکان دەستیان بە سەر هەموو ناوچەکەدا گرت و ئەمانیش وەکو بەریتانیای ئیستیعمار لە ساڵی (١٠١١ك/١٦٠٢ز)دا "کۆمپانیای هیندستانی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندیـ"ـیان دامەزراند. هۆڵەندییەکان زۆر لەو دوو ئیستیعمارەی تر

خراپتر بوون، زمانی هۆڵەندییان بە ســەر دانیشــتواندا فەرز کرد. ناوی جاکارتایان گۆڕی بۆ بیتاڤیا، هەرچی بەرهەمی چاندنی وڵاتەکە هەبوو دەیاندزی و دانیشتوانەکەیان ناچار دەکرد کە ئەو بەرهەمە بچێنن کە خانم و ئاغای هۆڵەندی حەزیان لێیە! بەمەش گرانییەکی یەکجار گەورەیان لە ئەندۆنیسیادا درو ست کردبوو! لە ساڵی (١٢١٤ك/١٧٩٩ز)دا هەروەکو ڕەفتاری ئیســتیعماری ئینگلیزی کۆمپانیاکەیان کۆتایی پێ هێنا و بە ڕەســمی خۆیان بوونە حاکمی کردەوەیی هەموو ئەندۆنیســیا!! موســوڵمانانی هەموو ئیمارەتەکان بەردەوام بەرگرییان لە خۆیان دەکرد، بەڵام چونکە پەرتەوازە بوون و دەســتیان بە یەکتریی نەدەگەیشــت، ئیحتیلالی هۆڵەندی ئاســان و خێرا بەرگریکردنەکەیان خامۆش دەکردەوە. ئەمە هەروا ڕۆیشــت تا لە ســاڵی (١٢٤١ك/١٨٢٥ز)دا شۆڕشێکی بەرفراوانتر لە ئیمارەتەکانەوە دژی ئیستیعماری هۆڵەندا بەرپا بوو، لە ئاچێوە بە ســەرۆکایەتی دوو پاشــای یەك لەدوای یەك؛ (ئیبراهیم مەنســوور) و (تەنکۆ عومەر). لە "دوورگەی ملووکەوە" بە ســەرۆکایەتیی (ســوڵتان حەســەن). لە "ســۆمەتر"ەوە بە ســەرۆکایەتیی (ئیمام بتگۆل)، لە "جاوە"شــەوە بە ســەرۆکایەتیی (ئەمیر دیبۆ نەجارا). ئەمەش وای کرد هۆڵەندای ڕقن ســیاســەتی "زەویی ســووتاو" بگرێتە بەر و هەرچی دەســتی گەیشــتێ سوتاندی. تین و فشارێکی خوێنڕێژیی خستە سەر هەموو ناوچەکان. ئەم ململانێ خوێناوییە هەروا بەردەوام بوو تا جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، کە دانیشــتوانی ئەندۆنیســیا زیاتر خۆیان گرد کردبۆوە و چەندین کۆمەڵیان پێك هێنابوو، هەمووشــیان لەســەر دەرکردنی ئیستیعمار کۆك بوون، لەوانە:

- کۆمەڵەی خێرخوازانی جاکارتا.
- کۆمەڵەی ڕەوشتبەرزی لە ڕۆژهەڵاتی جاوە.
- کۆمەڵەی محەمەدیان، کە محەمەد دەحلان لە ساڵی (١٣٣١ك/١٩١٢ز) دروستی کردبوو.
- کۆمەڵەی ئیسلاحی ئیسلامی.
- حزبی یەکێتیی گەلی ئەندۆنیسی، ساڵی (١٣٤٩ك/١٩٣٠ز).

- حزبی سۆسیال دیموکرات.

- حزبی لاوانی جاوە.

- حزبی ئیسلامیی ئەندۆنیسی.

- کۆمەڵەی لاوانی موسوڵمان.

- حزبی هاوبەشی ئیسلامی لە سۆلۆ.

- حزبی نیشتیمانی، کە ئەحمەد سۆکارنۆ لە ساڵی (١٣٤٧ك/١٩٢٨ز) دروستی کردبوو.

ئیحتیلالی هۆڵەندی بۆ لاوازکردنی بەرەی گەلی ئەندۆنیسی -جگە لەوەی کە سوپای خۆی بە ئاگر و ئاسن ڕەفتاری عەسکەریتاریایی دەکرد-، کۆمەڵێك حزبی واجیهەی دروست کرد و پشتی گرتن. لەوانە: "حزبی کۆمۆنیستیی ئەندۆنیسیا"، کە دوایی بووە سێیەمین گەورەترین حزبی کۆمۆنیستیی دونیا دوای سۆڤیەت و چین! بەڵام بەرەی موسوڵمانەکانیش خۆیان ڕێکخست و یەك پێکهاتەیان بە ناوی "ئەنجومەنی شوورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا-ماشۆمی" پێکهێنا و کەوتنە کاری خۆیان.

جەنگی جیهانیی دووەم (کە لە ڕاستیدا جەنگی دووەمی ئەورووپاییە ئیستیعمارییەکانە)، لە ساڵی (١٣٥٨ك/١٩٣٩ز)دا دەستی پێ کرد، ژاپۆن (یابان) دژی هاوپەیمانەکان وەستایەوە. لەبەر ئەوەی هۆڵەنداش لە ڕیزی هاوپەیمانەکان بوو؛ ژاپۆن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ گرووپەکانی ئەندۆنیسیادا ڕێکخست و بە هاوکاریی ئەوان هێرشێکی سەربازیی بەرفراوانی کردە سەر ئەندۆنیسیا و ئیستیعماری هۆڵەندیی دەرپەڕاندن. ژاپۆنییەکان خێرا زمانی هۆڵەندییان ئیلغا کردەوە و زمانی ئەسڵی مەلاوی ناوچەکەیان هێنایەوە پێش و ناوی جاکارتایان نایەوە لە پایتەختەکە کە هۆڵەندییەکان کردبوویان بە بتاڤیا. بەڵام بە داخەوە زۆری نەبرد ژاپۆنیش کەوتە ڕەفتاری ئیحتیلالی ئیستیعماریانە و کەوتە ڕووتاندنەوەی دانیشتووان (چونکە لە بەرەی جەنگی جیهانیدا بوو، پێویستیی بە هەموو پاڵپشتێك هەبوو، نە شیدەویست بە دۆستانە پەیدای بکات،

بەڵکوو بە زۆری زۆرداری!). ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گرووپەکانی ئەندۆنیسیا دژی بوەستنەوە. دەسەڵاتدارانی ژاپۆن لە ئەندۆنیسیا بڕیارێکی عەنتەرییان دەرکرد، کە بریتی بوو لە قەدەغەکردنی هەموو حزب و گرووپەکان و ڕێگرتنیان لە کارکردنی ئاشکرا! ئەمەش کاردانەوەکەی قورس کرد. چونکە زۆرینەیان -بە تایبەتی گرووپە ئیسلامییەکانیان- شۆڕشیان دژی ژاپۆن بەرپاکرد و بەردەوامیش بوون تا ئەو ساتەی ئەمریکا بۆمبە ئەتۆمییەکەی دا بە سەر ژاپۆندا، ئیدی ژاپۆن تەسلیم بوو، بەمەش دەرفەتی کۆمەڵکاریی باشتر بۆ دانیشتوانی ئەندۆنیسیا لوا و هەموو بە جارێ بوونە پاڵپشتی گرووپە سیاسییەکانیان و هەموویان پێکەوە ئیحتیلالی ژاپۆنیشیان دەرپەڕاند.

بەڵام وەکو پیشەی هەموو داگیرکەرێکی کافر، ئامادەبوون دەسەڵاتی سیاسیی وڵات تەسلیم بە کۆمۆنیست و باقی عەلەمانییەکانی تر بکەن، بەو مەرجەی نەهێڵن ئیسلامییەکان بێنە پێشەوە، بۆیە ئیحتیلالی ژاپۆنی لە هەندێك شوێن کشایەوە کە بەرەی ئەحمەد سۆکارنۆ و حزبی نیشتیمانی بوو، بەمەش هەلی دروستکردنی حکومەتێکی کاتیی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد سۆکارنۆ و محەمەد حەتتیی جێگری ڕەخسا، حکومەتێکی ئەندۆنیسیی سێبەر (حکومة الظل) دروست بوو، تا دواتر هەموو چوونەوە جاکارتا.

* * *

# ماشۆمی؛ دەستپێك و كۆتایی

هەوڵی نوێی موســـوڵمانانی ئەندەنوســـیا بۆ گێڕانەوەی دەســـەڵاتی ســـیاســـیی خۆیان و دروستكردنی دەوڵەتێكی ئیسلامی زۆر كۆنە، پێش قۆناغی ئیستیعمار دیارە كە ناوچەكە هەمووی لە لایەن ئیمارەتە ئیسلامییەكانەوە دەبرا بەڕێوە، لە قۆناغی دووەمدا كە (٣٥٠) ساڵی ئیستیعماری پورتوغالی، ئیسـپانی، هۆڵەندی، بەریتانیای و ژاپۆنی بوو، موسـوڵمانان لە بەرگریكردن لە دین، خاك، خەڵك و دەســـەڵاتیاندا بوون. لە قۆناغی ســـێیەمیاندا كە ماوەی شـــەســـت ســـاڵە، دژی حەملەی ڕیشـــەكێشـــكردن، كەناردان و ئیهمالكردنیان وەســـتاونەتەوە. بەڵام لە هیچ قۆناغێكدا كۆڵیان لە خەباتكردنیان نەداوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی ئیســـلامی. كە هەر نەیانتوانیبێت لە هەموو ئەندۆنیسیادا دایبمەزرێنن، بە تەئكید لە هەندێك ناوچەدا (دار الإسلام)ـیان بۆ خۆیان دروست كردووە و بەرگریشیان لێكردووە، وەكو (دار الإسلام) لە ناوچەی سۆلاویزی باشوور و ئاچێ لەو سەری باكوور. چونكە ئیسلامییەكانی ئەندۆنیسیا لەو قەناعەتەدان كە عەلەمانییەكان (كۆمۆنیســـت و لیبراڵەكان كە پاشـــكۆی ئیســـتیعمار بوون)، بەرهەمی شـــۆڕشـــی میللەتەكەیان بۆ خۆیان دزیوە و بە ناوی نیشـــتمانپەروەرێتییەوە هەموو دزییەكی خۆیان كردووە بە یاســـایی! لە گەورەترین خەباتكاریی ئەم ڕەنجە ئیسلامی و نیشتمانییە:

**١- ســـیكارجی ماریدان كارتۆ ســـوویرجۆ:** (موجاهیدێكی موســـوڵمانە) و لە ســـاڵی (١٩٠٥ز)دا لە شـــاری چیپۆی ســـەر بە جاوە لەدایكبووە، ژنی لە ناوچەی ســـۆلۆ هێناوە كە كاریگەریی زۆری بۆ بەردەوامی و بەرفراوانبوونی جیهادەكەی هەبوو. بە ملیۆنان خەڵكی ئەندۆنیســـیا بە چاوی ڕێز و مەزنییەوە دەڕواننە ئەم پیاوە خاوەن خەباتە، چونكە بەڕای ئەوان چەســـپاندنی شـــەرعی یەكســـەر و بێ دواخســـتن هەوڵی لەو شـــوێنانەدا داوە كە كەوتونەتە بەر دە ستی. ئەم موجاهیدە دامەزرێنەری " سوپای ئیسلامیی ئەندۆنیسیا" بوو، كە دژی ئیحتیلالی هۆڵەندی دەجەنگا، پاشـــان بوو بە فەرماندەی باڵی ســـەربازیی ماشـــۆمی، كە پێی دەوترا "حزبوڵڵا"، ســـووربوونی ئەم و پاڵپشـــتییە زۆرەكەی بوو بۆ ماشـــۆمی كە دوای جەنگی جیهانیی

دووەم بووە حزبێکی سیاسیی کاریگەری وڵات. هەر لەو ساڵەدا (١٩٤٥ز) دەیویست دەوڵەتی ئیسلامی ئەندۆنیسیا ڕابگەیێنێت، بەڵام سەرکردایەتیی ماشۆمی داوایان لێ کرد سەبر بگرێت! تا بزانن هاوکاریکردنیان لەگەڵ ئەحمەد سۆکارنۆ دەگاتە چی؟!!

کە کارتوسوویرجۆ هەستی کرد سۆکارنۆ بە موناوەرە سیاسییەکانی سەرانی ماشۆمیی فریو داوە، لە (١٢ی شەووالی ١٣٦٨- ١٩٤٩/٨/٧ز)دا دامەزراندنی "دەوڵەتی ئیسلامیی ئەندۆنیسیا"ی ڕاگەیاند، کە بووە هۆکاری ئەوەی سوپای ئەندۆنیسیا بۆ ماوەی (١٣) ساڵی ڕەبەق جەنگی لەگەڵدا بکات بێ ئەوەی زەفەری پێ ببات! ئەو ناوچانەی ئەو حوکمی دەکرد پێی دەوترا (دار الإسلام)، ئەو بزووتنەوانەش کە پێیان دەوترا بزووتنەوەی (دار الإسلام) هەر لەمەوە هاتووە. چونکە لە تورکیا ئەوی هەوڵ بۆ هێنانەوەی حوکمی ئیسلام بدات پێی دەڵێن: شەریعەتچی (کە لە زەمانی مستەفا کەمالدا وەکو جنێو و سووکایەتی بە موسوڵمانە دیندارەکان دەوترا!). لە ئەندۆنیسیاش لە ناو میللەتەکەدا بوو بە زاراوە کە هەرچی هەوڵ بۆ هێنانەوەی حوکمی شەرع دەدات پێیان دەوت: "ئەندامی بزووتنەوەی دار الإسلام"!

جیهادی کارتۆسوویرجۆ تا ساڵی (١٩٦٢ز) بەردەوام بوو، ئیتر لەو ساڵەدا بە دیل گیرا و بزووتنەوەکەشی وردە وردە پووکایەوە!

**٢- عەبدولقەههار موزەککەر:** لە ساڵی (١٩٢١ز)دا لە ناوچەی سولاویزی باشوور (کە ئێستا ناوچەیەك لە ئەندۆنیسیا بەم ناوەوە هەیە)، شۆڕشێکی تر دژی سوپای ئەندۆنیسیا بەرپا بوو. لەبەر ئەوەی سوپای ئەندۆنیسیا موجاهیدی ئەم ناوچەیەی -کە دژی ئیستیعمار جەنگابوون- بە سەربازی ڕەسمی وەرنەگرت. موزەککەر دەرچووی دارالعلومی میسرە. لە سەرەتا لەگەڵ سۆکارنۆ بوو، بەڵام وا دیارە لەبەر ئیهمالکردنی ناوچەکەی، ئەو هەڵوێستە توندەی گرتە بەر، دواتریش لەبەر ئەوەی لە ساڵی (١٩٥٠ز)ەوە پەیوەندیی لەگەڵ موجاهیدانی ناوچەکانی تردا بەهێز بوو، هەستێکی ئیسلامییانەی گشتیی لا دروست بوو بوو. کارتۆسوویرجۆ لە (١٩٥٢ز)دا پەیوەندیی پێوە کرد تا ببێتە بەشێك لە سوپای ڕزگاریخوازیی ئەندۆنیسیا و لە

ژێر ئاڵای ئەودا بێت، لە بەرامبەریشدا کارتۆ بە ڕەسمی دەیکات بە سەرلەشکری ئەو ناوچەیە. ئەمیش ڕازی بوو. لە ساڵی (١٩٥٣ز)دا بەیانێکی دەرکرد کە سوپاکەی بەشێکە لە سوپای دەوڵەتی ئیسلامیی ئەندۆنیسیا. ئەم شۆڕشە تا ساڵی (١٩٦٥ز) بەردەوام بوو، تا ئەو کاتەی سوپای ڕەسمیی ئەندۆنیسیا بە سەرۆکایەتیی (محەمەد یووسف) -کە دواتر بوو بە وەزیری بەرگریی حکومەتی مەرکەزیی- هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەریان و کۆتایی پێ هێنان.

**دوای ئەوەی** بزووتنەوە ئیسلامییەکان کە بە ناوی (دار الإسلام)ـەوە لە ناوچە جیاوازەکانی ئەندۆنیسیادا شکستیان هێنا، سەرکردایەتییەکانیان لە دیمەنی سیاسەتدا نەمان. هەندێکیان شەهید بوون، هەندێکی تریان حکومەت لێبوردنی گشتی و تایبەتیی بۆ دەرکردن و چوونەوە ژیانی ئاسایی، هەندێکی تریشیان هیجرەتیان کرد بۆ مالیزیا و وڵاتانی تر، بەڵام دواتر لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو و دوای یازدەی سێپتەمبەری (٢٠٠١) هەندێکیان لە ساحەی ئەندۆنیسیادا دەرکەوتنەوە.

**٣- شۆڕشەکەی ئاچێ:** ئاچێ ناوچەیەکە لەوەتای ئیسلامی پێگەیشتووە سەدای جیهادی لێ نەبڕاوە، حەتمەن لەم هەموو داگیرکردن و فڕکان فڕکانەی دەسەڵاتیشدا نەدەبوو کپ ببێت، بەتایبەتی کە هێزی چەکداری لەو ناوچەیە نەبڕاوە؛ تەنانەت لە ساڵانی شەستەکانیشدا سوپای ئەندۆنیسیا نەیتوانی هەموو ناوچەکان لە دەست موجاهیدانی ئاچێ بسەنێت، کە موجاهیدە شۆڕشگێڕەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە هەموو ئەندۆنیسیادا بێئومێد بوون، لە ساڵی (١٩٧٦ز)دا بڕیاریان دا هەموو پێکەوە (بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئاچێ)یان ڕاگەیاند و تا کاتی تسۆنامییەکە (مۆنجی بەهێزی لافاوی دەریایە) کە لە (٢٠٠٤/١٢/٢٦ز)دا بەسەر کە ناری ڕۆژئاوای سۆمەترەدا هات و بووە هۆی مردنی (٢٣٠٫٠٠٠) کەس، زۆرینەیان ئەندۆنیسیایی بوون، ئەمەش بوو بە کارەساتی نیشتیمانی، بۆیە حکومەتی مەرکەزیی ئەندۆنیسیا داوای لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئاچێ کرد کە دەستی ئاشتی و یارمەتیی بۆ درێژ بکات و ڕێکەون، بزووتنەوەش لەگەڵ حکومەتدا کەوتە گفتوگۆ.

دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانیی دووەم هاوپەیمانان بە پێشەوایەتی ئیستیعماری بەریتانیایی ویستیان سەرلەنوێ هۆڵەندییەکان بهێننەوە بۆ چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی زیاتری ئەندۆنیسیا!

گەلی ئەندۆنیسیا کاتێکی زانی لێشاوی سوپای هاوپەیمانان لە (زیلقیعدەی ١٣٦٤ك/ ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ز) لە جاکارتا دابەزین و سوپای هۆڵەندییش بە دوایاندا! هەمووشیان هەر لافی ئەوەیان لێ دەدا کە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ناوچەکە و هێمنی و ئاساییشی دانیشتوانی ئەندۆنیسیا تەشریفیان هێناوە!! بەڵام گەلی ئەندۆنیسیا -بە تایبەتی ئیسلامییەکانی- زوو لەوە حاڵیی بوون کە ئەمەش هەر هەنگاوە سەرەتاییەکانی قۆناغێکی تری ئیستیعمارییە، بۆیە زۆرینەیان بۆ توێژینەوە و چارەسەری بارودۆخی نوێ لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا لە جاکارتا ئامادەبوون. سەرەتا ڕێکخستنەکانی خۆیان یەکخست و ناویان لە ڕێکخستنی نوێیان نا "ماشۆمی"، کە کورتکراوەی پیتی سەرەتای وشەکانی "ئەنجومەنی شوورای موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا"یە بە زمانی خۆیان. حاکمی عەسکەریی هۆڵەندییەکانیش فەرمانێکی دادگایی دەرکرد کە هەموو سەرکردە و بیرمەندی ماشۆمی دەسگیر بکرێن. ئەوەی دەسگیر کرا زیندان کرا و ئەوانی تریش کەوتنەوە جەنگی پارتیزانی.

دوای ئەوەی تین و فشار لەسەر ماشۆمی زیادی کرد و دونیای بانگەواز و ڕێکخستن و سیاسەتی لەسەر تەسك بۆوە، دوای ئەوەی کەوتە خەباتی چەکدارانەی، ئیتر ناکۆکی لە ناو پێکهاتەکانیدا پەیدا بوو، هەر دەبوو پەیداش بێت، چونکە ئاڕاستەی گرووپەکان لێك جودا بوون، دیدی فیکری و بەرنامەی سیاسییان لێك دوور بوون. سەرەتا حزبی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد سۆکارنۆ جیابۆوە، چونکە زۆرینەی هێزی ئەو کۆمۆنیستەکان بوون کە بە تەئکید لەگەڵ ماشۆمیدا نەدەسوڵحان. زۆری نەبرد حزبی "هاوبەشی ئیسلام"یش جیا بۆوە. دواتر سۆکارنۆ توانیی ناکۆکی بخاتە نێوان سەرکردەکانی ماشۆمی و مەلاکانی حزبی "ڕاپەڕینی زانایان"ـەوە، بەو تۆمەتەی کە ئەم سەر ڕووتانەی ماشۆمی زۆر لە دینەکە لایانداوە و شتی نوێیان خستۆتە ناو ئیسلامەکەوە. لەولاوەش سۆکارنۆ و حزبەکەی بڕیاریان دابوو حکومەتێك

پێکبهێنن، بۆیە سۆکارنۆ عامر شەرەفەددینی تەکلیف کرد کە بیرمەندێکی کۆمۆنیستەکان بوو تا حکومەت تەشکیل بکات! ئەویش لە زۆرینەی کۆمۆنیستەکان پێکی هێنا! ئەمەش محەمەد حەتتەی جێگری سۆکارنۆی سەرۆك، ماشۆمی، پێکهاتەکانی و میللەتەکەی زۆر تووڕە کرد. ماشۆمی پشتی حەتتەیان گرت و هانیان دا خۆی حکومەتێك پێك بهێنێت. ئەویش ڕایگەیاند کە بە حکومەتی عامر شەرەفەددین ڕازی نییە و خۆی حکومەتێکی تر پێك دەهێنێت. بۆیە مەرسوومێکی سەرۆکایەتی دەرکرد و حکومەتی کۆمۆنیستەکانی هەڵوەشاندەوە و خۆی حکومەتێکی تری پێکهێنا. ئەمەش وای کرد کە کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا بکەونە دەستدرێژی و خوێنڕێژی. لە زۆر مزگەوتدا موسوڵمانانیان وەکو ئاژەڵ سەردەبڕی، مزگەوتەکانیان دەسوتاند. تا شۆڕشیان دژی حکومەتی محەمەد حەتتی ڕاگەیاند و خۆشیان حکومەتێکی تریان لەولاوە دروست کرد.

لە مانگی (زیلقیعدەی١٣٦٣ك/١٩٤٨ز)دا کۆمۆنیستەکان "کۆماری سۆڤییەتی ئەندۆنیسیا"یان بە سەرۆکایەتیی (عامر شەرەفەددین) ڕاگەیاند!! ئیتر لەو کاتەدا کە هێشتا دەوڵەتان دەستیان لە وڵاتدا بوو، دوو حکومەتی "نیشتیمانی"یش هەبوون، یەکیان حکومەتەکەی (محەمەد حەتتی)، کە سۆکارنۆیان بە سەرۆکی دەوڵەت قبووڵ بوو، ئەوی تریان حکومەتی "کۆمۆنیستەکان"، کە ئەوانیش بۆ ڕێکردن لەگەڵ ڕەوتە شەعبییەکەدا قبووڵیان بوو سۆکارنۆ ببێتە سەرۆکی دەوڵەت. حکومەتی کۆمۆنیستەکان بەردەوام بوون لەسەر خراپەکاری و ڕیشەکێشکردنی ماشۆمی، لاوەکانی ماشۆمییش لە بەرگریدا بوون، مەترسی جەنگێکی دژواری ئەهلی ناوخۆ لە ئارادا بوو، تا ئەو کاتەی سوپای ئەندۆنیسیا بە پاڵپشتیی ماشۆمی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی گەل هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر حکومەتی کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانیان و خامۆشیان کردن.

لە مانگی (سەفەری ١٣٧٥ك/سێپتەمبەری ١٩٥٥ز)دا هەڵبژاردنی نیشتیمانی کرا، حزبی نیشتیمانی سۆکارنۆ بە یەکەم دەرچوو، بەڵام لە پێکهێنانی حکومەتەکەیدا دیسان بە لای کۆمۆنیستەکاندا بای دایەوە و ماشۆمییش کەوتەوە بەرامبەری. حکومەتەکەی سۆکارنۆ کەوتە

بەهێزکردنی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی جیهان، بە تایبەتی چین و سۆڤیەت، ئەمەش وای کرد کە محەمەد حەتتی جێگری دەست لە کار بکێشێتەوە، بەمەش ئەوەندەی تر ڕێ بۆ کۆمۆنیستەکان خۆشبوو، دنیا بە کەیفی ئەوان بوو، ئەوانیش درێغییان لە تەسفییەکردنی نەیارانیان بە تایبەتی پێشڕەوانی ماشۆمی نەکرد. هەم وەکو حکومەت و هەم وەکو حزب دەیان زیندان و دادگای لاکۆلانیان دامەزراندبوو؛ تا وا مەغروور بوون بڕیاریان دا کۆدەتایەکی سەربازی بە سەر سۆکارنۆی دڵسۆزیاندا بکەن! ئەوەبوو لە بەرەبەیانی (٤ی جومادای دووەمی ١٣٨٥ك/١٩٦٥/٩/٣٠ز) کۆدەتایەکیان ڕاگەیاند و دەستیان گرت بە سەر زۆر شوێندا، لەوانە بارەگای سەرۆکایەتی، وەزارەتەکان، ڕادیۆی مەرکەزی، چاپخانە و ڕۆژنامەکان، کەوتنە فڕاندن و ئەشکەنجە و سوتاندن و تالانکردن. دیسان سوپا داوای لە ماشۆمی کردەوە کە پشتگیرییان بکاتەوە و لایەنی کۆمەڵگە مەدەنییەکە و موجاهیدەکانی خۆیانی بۆ مسۆگەر بکات کە هاوکارییان دەکەن، تا ئەم فیتنەیە لە کۆڵ میللەتەکە بکەنەوە. ماشۆمییش بە گیانی بەرپرسیارێتی و ڕێگرتن لەو هەموو خراپەکارییەی کۆمۆنیستەکان نایانەوە، ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری سوپا دەربڕیی و چەکدارەکانی خۆ شی خستە بەردە ست ئاڕاستەی سوپاوە و پێکەوە لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردەوە سەر کۆمۆنیستەکان و ئەمجارە ئەوانیشیان ڕاداو تین و فشاری زۆریشیان بۆ ئەحمەد سۆکارنۆ هێنا کە دەبێت دە ست لە کار بکێشێتەوە، چونکە ئەو هۆکاری سەرەکیی ئەو هەموو فیتنەیە بوو کە ڕوویداوە. ئەویش بۆ جاری سێیەم دەیویست کۆمۆنیستەکان بگرێتەوە خۆ!! ئەم کێشمەکێشە هەر وا بەردەوام بوو، تا بەرەی سۆکارنۆ شکستی هێناو لە (١١ی زیلقیعدەی١٣٨٦ك/١٩٦٧/٢/٢٢)دا هێزی ئیسلامییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە لایەنگریی سوپا ئەحمەد سۆکارنۆیان ناچار کرد دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت و بچێتەوە لای نۆ ژنەکەی!!

ئیتر لەو ساتەوە (سۆهارتۆ)ی وەزیری بەرگری حوکمی ئەندۆنیسیای گرتە دەست و تا چل دانە ساڵی ڕەبەق لێی نەهاتە خوارەوە!! دوای ئەوەی بە شایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو بە هۆکاری کوژرانی یەك ملیۆن کەس!! لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە گۆڤاری تایمی ئەمریکایی

نوو سیی: سۆهارتۆ بە قسەی مادلین ئۆلبرایتی وەزیرەی دەرەوەی ئەمریکا لە (٢٤ی محەڕەمی ١٤١٩ك/١٩٩٨/٥/٢١ز) وازی لە دەسەڵات هێنا و "یووسف حەبیبـــ"ـــی جێگری لە شوێنی خۆی دانا و بە (١٥) ملیار دۆلاری دزراوی خۆیەوە ئازادانە کورسیی دە سەڵاتی بەجێهێشت! دوای ئەوەی کەسوکارەکەی بایی (٧٥) ملیار دۆلاریان سەروەت و سامانی زەوتکراو بوو!! سۆهارتۆ لەسەر ئەو حاڵەیەوە شکاتی لە گۆڤاری تایم کرد و لەسەر ئەو "تۆمەتبارکردنە" داوای (١٢٨) ملیۆن دۆلاری کرد! بەڵام دادگاکەی دۆڕاند و هیچی تری پێ کۆ نەکرایەوە!

- دوای سۆهارتۆ، یووسف حەبیبی لە (١٩٩٨-١٩٩٩) لە دەسەڵاتدا مایەوە.

- دوای ئەویش بە هەڵبژاردن (عەبدوڕەحمان وەحید) کە سەرۆکی "حزبی زا نا یانی ئیسلام"بوو (٣٠ ملیۆن ئەندامی هەیە!) لە (١٩٩٠/١٠/٢٠-٢٠٠١/٧/٢٣) بوو بە سەرۆك کە لە بەر پیری چاوی نە یدەبینی! ئەویش بە تۆ مەتی ( فەســـاد) هێنرا یە خوارەوە و لە (٢٠٠٩/١٢/٣٠)دا کۆچی دوایی کرد.

- لەوە سەیرتر ئەوەیە کە (میگاواتی سۆکارنۆ پۆتری) بوو، کچی سۆکارنۆی بێدین کە سکرتێرەی بوو، ئەویش لە ماوەی نێوان (٢٠٠١/٧/٢٣-٢٠٠٤/١٠/٣٠) بوو بە سەرۆکی ئەو وڵاتە ئیسلامییە گەورەیە!!

- لە دوای ئەویش (سۆسیلێو بانبانگ یۆدهۆنۆ) (لەدایکبووی ١٩٤٩/٩/٩) لە (٢٠٠٤/١٠/٢٠) دا بوو بە سەرۆکی ئەندۆنیسیا و تا ئێستاش جارێ هەر ئەوە!!

## لە گەورەترین حزبی ئێستای ئەندۆنیسیا:

- حزبی دیموکراسیی ئەندۆنیسی کە لە مەسیحی و عەلەمانی پێکهاتووە.

- حزبی پێشبورد: بەرەی کۆمەڵە ئیسلامییەکانە.

- حزبی فۆلکار (کرێکاران).

## حزبی ماشۆمی و د. محەممەد ناسری دامەزرێنەری

هەرچەندە لە لاپەڕەکانی ڕابوردوودا زۆر جار باسی ماشۆمی کرا، بەڵام پێویستە ئەو زانیارییانەی دەربارەی هەن کۆ بکرێنەوە و لێرەدا بخرێنە بەردەست خوێنەرانی بەڕێز.

**ماشۆمی:** ماشۆمی (ئەنجومەنی شووراى موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا) لە ساڵی (١٣٦٤ك/١٩٤٥ز)دا لە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردا دروست بوو. ئیستیعماری هۆڵەندی کە زانیی ناتوانێت زیاتر هێزی سەربازی بەکار بهێنێت، چونکە لە بەرامبەردا موجاهیدان و نیشتیمانییەکانیش بەهێزتر بوون، ویستی تەفرە قە یەك بخاتە نێوان ئیسلامییەکان و نیشتیمانییەکانەوە، بەوەی کە ویستی تەنازول لە دەسەڵات بکات بۆ سۆکارنۆ و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، بەڵام کە هەموو لایەك لە پلانەکە گەیشتن، نەیانهێشت سەر بگرێت. ئینجا ئیحتیلالی هۆڵەندی هەوڵی دا ئەندۆنیسیا بکات بە دوو بەشەوە و بەشێکیان تەسلیم بە عەلەمانییەکان بکات، تا لەگەڵ ئیسلامیەکاندا بکەونە شەڕێکی خوێناویی بەردەوامەوە، بەمەش هەردوولایان لاواز دەبن، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئیحتیلالە. ماشۆمی زۆر بە توندی و ژیرانە دژی ئەم پلانە دژوارەش وەستایەوە و کەوتە بەگەڕخستنی هێزی خۆی و هاندانی جەماوەر دژی ئیحتیلال، لە هەمان کاتیشدا دەستی هاوکاریی بۆ سۆکارنۆ و جەماعەتەکەی درێژ کرد. ئەمە هەر وا مایەوە تا ئەندۆنیسیا بە ڕەسمی سەربەخۆیی خۆی لە (٧ ی ڕەبیعی یەکەمی ١٣٦٩ك/ ١٩٤٩/١٢/٢٧ز) وەرگرت. ئەحمەد سۆکارنۆ بوو بە سەرۆکی وڵات و د. محەمەد ناسری ڕێبەری ماشۆمیش بوو بە جێگری.

**دكتۆر محەممەد ناسر:** دەریای شەرعناس و پێشەنگی بانگەواز و سیا سیی لێوە شاوە و پەروەردەکاری پشــوودرێژ؛ محەمەدی کوڕی ناسری کوڕی ئیدریس داتۆســیتاریۆ، لە (٦ ی جومادای دووەم ١٣٢٥ك/١٩٠٧/٧/١٦ز) لە شــارۆچکەی مانتجاوی دوورگەی ســۆمەترەی ئەندۆنیســیا لە دایکبووە. باوکی لە گەورە زانایانی شــەرع و ئەهلی فەتوا بووە، لەبەر ئەوە کاریگەریی دینداریی ڕەســەنی لەســەر محەمەدی کوڕی هەبووە؛ محەمەدیش کە زۆر زیرەك و هۆشــمەند بووە؛ هەردوو زانستی دین و دنیای خوێندووە و لە هەردووکیاندا ســەرکەوتنی بەدەســت هێناوە. کۆلیژی پەروەردەی لە باندۆنگ تەواو کردووە و دواتر دکتۆرای لە زانکۆی ئیســلامی کە لە شــاری جاکارتایە وەرگرتووە. پاشــان مامۆســتایەتی و چەندین وەزیفەی پەروەردەیی لە ســەردەمی ئیحتیلالی هۆڵەندییدا وەرگرتووە، تا گەیشــتە بەڕێوەبەری پەروەردە لە جاکارتای پایتەخت. کە حزب بڕیاری جیهادی دا، دکتۆر ناسر یەکێك بوو لە فەرماندە مەیدانییەکانی جیهادی چەکداری!



د. محەممەد ناسر

دوای دامەزراندنی حزبی ماشــۆمی و هەڵبژاردنی بە ئەمیری گرووپەکە و ســەربەخۆبوونی وڵات و پێکهاتنی یەکەمین حکومەتی نیشــتیمانی، دکتۆر ناسر بۆ ماوەی چوار ســاڵ بوو بە وەزیری ڕاگەیاندن، دوای یەکەمین هەڵبژاردنیش بۆ پەرلەمان بوو بە ئەندام پەرلەمان و تا ساڵی (١٩٥٨) بەردەوام هەڵدەبژێررایەوە. لەبەر ئەوەی ســیاســییەکی مەبدەئی و لێهاتووش بوو، ســۆکارنۆ و محەمەد حەتتیی جێگری داوایان لێ کرد حکومەت پێك بهێنێت، زوو لە هەموو لایەنە دینی و نیشتیمانییە ڕەسەنەکانی وڵات پێکی هێنا و خۆشی بوو بە سەرۆکی حکومەتەکە. بەڵام دواتر بە هۆی دینی ڕەســمی وڵاتەوە لەگەڵ ســۆکارنۆ تێکچوون، چونکە دکتۆر ناسر دەیویست تەنها ئیسلام سەرچاوەی یا سا و ڕێسای وڵات بێت، کە سۆکارنۆ و کۆمۆنیست و لایەنگرانی ئیستیعمار ئەوەیان قبووڵ نەکرد، ئەم دەستی لە سەرۆکایەتیی حکومەت کێشایەوە و

چووە پەرلەمان و وتارێکی توند و غیرەتبزوێنی دا بە ناوی "یەکێك لەو دوو ڕێبازە هەڵبژێرن: ئیسـلام یان بێدینی". کە کاریگەرییەکی زۆر ئیجابی لەسـەر ئەندامانی پەرلەمان و جەماوەری ئوممەتەکە دروسـت کرد، دواییش لە گۆڤاری "المسـلمون"دا بڵاو کرایەوە و دواتریش بوو بە کتێب و بڵاوکرایەوە.

د. محەمەد ناسریش وەکو ئیمامی مەودوودیی ڕەحمەتی بۆ بەرگری لە ئیسـلام و بەها پیرۆزەکانی موسـوڵمانان و بەرپەرچدانەوەی تۆمەت و گومانی دوژمنانی ئیسـلام، گۆڤارێکی مانگانەی بە ناوی "بەرگری لە ئیسـلام" دەرکرد و ڕا و بۆچوونەکانی خۆی تێدا بڵاو دەکردەوە، تەوەرێکی تری گۆڤارەکەی ئەوەبوو کە چۆن ئیسلام دەکرێتە ڕێبازی سەربەستی و سەروەریی دەسـتووری. ئەمە هەر لەو کاتانەدا بوو کە سـۆکارنۆ بانگەشـەی قەومێتیی ئەندۆنیسـیای بڵاو دەکردەوە و کۆمۆنیستەکانیش دید و ڕێبازی مارکسیزم و لینینـزم. ئەمەش بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩٦١ز)، تا ئەو کاتەی سـۆکارنۆ حزبی ماشـۆمیی هەڵوەشـاندەوە، کەوتە دەسـگیرکردن، زیندانکردن و دادگاییکردنی پێشەوایانی ما شۆمی لە پێش هەموو شیانەوە د. محەمەد ناسر، کە پێشـتر جێگری خۆی بوو لە سـەرۆکایەتیی کۆماری ئەندۆنیسـیادا!! ئەمەش بەرگریی ئیسـلامییەکانی لە دینەکەیان توندتر کرد و کڵپەی جیهادی زیاتر کرد و بەردەوام بوو تا سەرەنجام لە (١٩٦٥ز)دا حکومەتی سۆکارنۆ ڕووخا.

دوای ئازادبوونی خۆیی و براکانی لە زیندان چوارچێوەیەکی تریان بۆ کۆمەڵکاریی ئیسلامییان ڕێکخست بە ناوی "ئەنجومەنی باڵای بانگەوازی ئیسلامیی ئەندۆنیسیا"، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بکەونەوە گردکردنەوە و پارسەنگکردنەوەی ئەو ئەندامانەی بار و زرووفەکە هەستی بەرپرسێتیی کاری ئیسلامیی تێدا سست کردوون و لاسەنگ بوون. لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کەمدا سەدان مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئیسلامی، مزگەوت، بڵاوکاری کتێب، سەندیکای پیشەیی قوتابیان، مامۆسـتایان، ئەندازیاران، کرێکاران، جوتیاران و کاسـبکارانیان دروسـت کرد. پەیوەندییەکی توند و تۆڵی ڕاوێژکاریی و هاریکارییان لەگەڵ کۆمەڵ و حزبە ئیسـلامییەکانی جیهاندا دروست کردەوە.

له کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئیسلامی (ڕێکخراوی دەوڵەتانی موسوڵمانانی دنیایە)، کە لە پاکستان گیرا، بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کرا بە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە. دواتریش بووە ئەندامی دامەزرێنەرانی ڕابیتەی جیهانی ئیسلامی و ئەنجومەنی باڵای جیهانیانەی مزگەوت، کە لە مەککەی پیرۆزە.

د. محەمەد ناسر لە هیممەتییدا وەکو ئیمام بەننای ڕەحمەتی بوو، شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو، حەوانەوەی ئەو کاتە بوو کە چالاکییەکی ئیسلامیی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدا. لە وردتێگەیشتنی ئیسلام و واقیعی ئەمڕۆدا وەکو سەیید قوتبی ڕەحمەتی بوو، هەستی بە ململانێ شارستانێتییەکە زۆر بە قووڵی کردبوو. لە مەبتەلابوونیشدا وەکو ئیمامی مەودوودی کەوتبووە بەر بەربەستی عەلەمانێتی، نەخشەی گڵاوی قادیانی، فاك و فیکی مەسیحییەوانی، ساویلکەیی مەلا و تێنەگەیشتنی گەنجی موسوڵمان لەو ئیسلامە مەزنەی ڕێبازی نێرراوانی خوای گەورەیە، سەلامی خوایان لێ بێت. لە پشوودرێژیی پەروەردەکردنەکەشیدا هەر دەتوت لە ئیمامی مەودوودییەوە وەریگرتووە. وەکو هەمووشیان قەناعەتی تەواوی بە مەزنیی ئیسلام وەك دین و دەوڵەت هەبوو، خوابەیەکناسینی لە هەر سێ مەیدانەکانی "دید و تێڕوانین"، "پەرستن" و "یاسا داڕشتن"دا دەبینییەوە. زانست، دینداری، بانگەواز و جیهادی چەکداریی کردبوو، مامۆستایەتی، پەروەردە، ئەمیرێتی و فەرماندەیەتیی کردبوو، سەیریش نییە هەموو وا بوون، چونکە هەموویان هاوتەمەنی یەکترن: ئیمامی مەودوودی موالیدی (١٩٠٣)، ئیمام بەننا (١٩٠٥)، سەیید قوتب (١٩٠٦) و د. محەمەد ناسر (١٩٠٧) بوون. هەموویان ڕمانی دەوڵەتی عوسمانییان بیر دەهات و دەشیانزانی چ کارەساتێکی گەورەیە، دەشیانزانی موسوڵمانان لە تاسانی خۆیاندا ڕاماون و نازانن چۆنییەتی بنیاتنانەوەی منارە ڕووخاوەکەیان لە کوێوە دەبێ دەست پێ بکەنەوە؟!

ڕەفتار و ڕەوشتی پارسەنگی د. محەمەد ناسریش وەکو ڕەوشتی بەرزی ئەوان بوو؛ دیندار و خاوەن تەقوا، ئەمیش پتەو لە هەڵوێستە عەقائیدییەکان، نەرم و نیان لە ئاڕاستەکردن، دۆست و دوژمن بە سینەفراوانی و پشوودرێژییەکەی سەرسام بوو بوون!

**له ئاڕاستەکانی:**

- ئیسلام ڕێبازی تاك و پەروەردەی كۆمەڵگە و ئاڕاستەكردنی دەوڵەتە.

- ئەگەر موســـوڵمانان ئازایەتیی ڕاگەیاندنی جیهادیان نەبێت؛ ئەســـتەمە ئازاد ببن و بتوانن حوكمی وڵاتی خۆیان بكەن!

- من لە داهاتوو ناترسم، داهاتوو هەر بۆ ئیسلامە، بەڵام دەبێ موسوڵمانان بزانن كە داهاتوو بە بێ پابەندبوونی سەرڕاستانەیان بە ئیسلامەوە نابێت.

لە نووسینەكانی: كە بە زمانی پارسا، مەلاوی و ئینگلیزی نووسیونی و كراون بە عەرەبی:

- (فقه الدعوة)، (اختاروا إحدى السبيلين)، (الصوم)، (المرأة المسلمة وحقوقها)، (الحضارة الإسلامية)، (البناء وسط الأنقاض)، (التركيب الطبقي للمجتمع)، (الثورة الإندونيسية)، (قضية فلسطين)، (هل يمكن فصل الدين عن السياسة؟)، (إسهام الإسلام في السلم العالمي)، (العلم والسلطة والمال أمانة)، (ابذروا البذور)، (الإسلام والنصرانية في إندونيسيا)، (طوبى للغرباء)، (اليد التي لم يتقبلها أحد)، (الإيمان مصدر القوة الظاهرة والباطنة)، (الخوف والاستعمار)، (حينما لا يســتجاب الدعاء)،(الدين والأخلاق)، (الدعوة والإنماء)، (خطبة عيد الفطر)، (مع الإســلام نحو إندونيسـيا المسـتقبلة)، (تحت ظلال الرسـالة)، (زينوا الدنيا بأعمالكم وأضـيئوا العصـــــر بإيمانكم)، (أحيوا روح المثالية والتضحية مرة أخرى)، (الإسلام وحرية الفكر)، (الإسلام كأساس للدولة)، (الإســـلام كإيديولوجية)، (القلق الروحي في ديار الغرب)، (المســـجد والقرآن والانضباط)، (الثقافة الإسلامية).

ئەمە جگە لە سەدان موحازەرە، سیمینار و كۆڕ، یان وتەی كۆنگرەكان و كۆبوونەوە غەیرە ڕەســـمییەكان. هەموو ئەمانە جگە لەو هەموو چالاكییانەی شـــەو و ڕۆژ ئەنجامی دەدان، بە ڕاستی حەیفە كەمێك وەكو ئەوان نەكەینەوە.

**كۆچی دوایی:** ئەم بیرمەندە خواناسە پشوودرێژە، ئەم زانا موجاهیدە، ئەم داعییە نوسەرە

شارەزایە، ئەم باوکە دڵسۆزە، ئەم ڕابەرە ماندونەناسەی دەتوت تەمەنێکی تری لە دوای میحنەتی شەستەکانەوە بۆ نوسراوەتەوە سەر لەنوێ کۆمەڵکاریی ئیسلامی بە زۆرینەی موسوڵمانانی ئەندۆنیسیا کردەوە و وزەیانی وەکو جاران خستەوە گەڕ، تا لە ڕۆژی (١٥ی شەعبانی ١٤١٣ك/١٩٩٣/٢/٥ز)دا لە تەمەنی (٨٦) ساڵیدا ئەو دڵە گەورەیەی لە لێدان کەوت و گەڕایەوە لای خوای خاوەنمان، (رحمه الله).

لە دوای کۆچی دوایی د. محەمەد ناسر، (د. محەمەد ڕەشید)ی جێگری بوو بە ڕێبەری ئەنجومەنی باڵای بانگەوازی ئیسلامی، کە لە ساڵی (١٩١٥ز)دا لەدایك بووە و دکتۆرای لە فەلسەفەدا لە میسر وەرگرتووە و وەزیری مفەوەزی ئەندۆنیسیا بوو لە میسر، پاشان بوو بە یەکەمین وەزیری کاروباری دینی و دواتر دوورخرایەوە، کرا بە سەفیر لە سعوودیە و پاکستان. پاشان بەرپرس لە وەزارەتی دەرەوە. لەوێش دوورخرایەوە و بوو بە مامۆستای زانکۆی جاکارتا، دەرسی شەریعەتی ئیسلامیی دەوتەوە، بەڵام لەوێش دوور خرایەوە، ئیتر وازی لە هەموو ئیشێکی ڕەسمی هێنا و خۆی بۆ بانگەوازی ئیسلامی تەرخان کرد. ئەویش تووشی هەموو جۆرە دەرکردن و زیندان و ڕاوەدوونان بوو، (٢٣) کتێبی گرنگی نووسیوە. ئەویش ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (٦ی زیلقیعدە ١٤٢١ك/٢٠٠١/١/٣٠ز) لە تەمەنی (٨٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و (د. حسێن عومەر) هاتە شوێنی.

* * *

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | **بەندی یەکەم: ڕمان و ڕامان** |
| ٦ | بەشی یەکەم: ڕمان |
| ٧ | باسی یەکەم: کۆتایی خێزاو |
| ١٤ | باسی دووەم: هەوڵی نۆژەنکاری |
| ٢٠ | باسی سێیەم: هەرەس |
| ٣٣ | بەشی دووەم: ڕامان |
| ٣٥ | باسی یەکەم: هەتیویی ئوممەت |
| ٤١ | باسی دووەم: لە جەنگەڵی عەلەمانییەتدا |
| ٤٩ | پاشکۆ |
| ٥٧ | **بەندی دووەم: کاردانەوە و تێهەڵچوونەوە** |
| ٦٠ | باسی یەکەم: سەروەریی شەرع یان نەمان (خەباتی ئیسلامیی مەحرووما ن) |
| ٨٣ | باسی دووەم: ڕەنجی نەزۆکی دەستەمۆ (خەباتی ئیسلامیی ڕەسمی) |
| ٩٨ | باسی سێیەم: تۆکمەتر و پشوودرێژانە (خەباتی ئیسلامیی سیاسی) |
| ٩٨ | ١- ئیخوانولموسلیمین |
| ١١٠ | ٢- جەماعەتی ئیسلامیی پاکستان |
| ١٣٣ | ٣- ماشۆمی ئیندۆنیسیا |
| ١٥٥ | ناوەڕۆك |

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی